# شێواز و شێوازگەری

د. ئیدریس عەبدوڵڵا

مامۆستای وانەکانی (شێوازی ئەدەبی) و (ئەدەبی هاوچەرخی کورد) لە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین

(هەولێر. ٢٠١٠ . ٢٠١١)

# پێڕستی بابەتەکان



| لاپەڕە | بـــــــابـەت |
|---|---|
| ٩ | پێشەکی |
| ١١ | شێوازی زمانی و شێوازی ئەدەبی |
| ١٢ | پێناسە و چەمکی شێواز |
| ١٢ | شێواز لە ڕووی وشەییەوە |
| ١٢ | شێوازی زمانی لە ڕووی زاراوەییەوە |
| ١٤ | شێوازی ئەدەبی لە ڕووی زاراوەییەوە |
| ١٤ | شێواز لە لێکۆڵینەوە ئەوروپییەکاندا |
| ١٥ | پێناسەو چەمکی شێوازگەری |
| ١٦ | پەیوەندی شێوازگەری بە بابەتەکانی تر |
| ١٦ | یەك: پەیوەندی شێوازگەری بە ئەدەب |
| ١٧ | دوو: پەیوەندی شێوازگەری بە زمانەوانی |
| ١٨ | سێ: پەیوەندی نێوان شێوازگەری و ڕەوانبێژی |
| ١٩ | چوار: پەیوەندی شێوازگەری بە ڕستەسازی |
| ١٩ | پێنج: شێوازگەری و ڕەخنەی ئەدەبی |
| ٢٢ | هەندێ ناوی گرنگ لە بواری شێوازگەری |
| ٢٢ | ١. شاڕل بالی |
| ٢٢ | ٢. کۆنت بیفۆن |
| ٢٣ | ٣. یاکبسن |
| ٢٣ | ٤. ڕیڤاتێر |
| ٢٣ | ٥. لیوسبیتزەر |
| ٢٤ | ٦. دی سۆسێر |
| ٢٤ | ٧. چۆمسکی |
| ٢٥ | ٨. جۆرج مۆنان |

| | |
|---|---|
| پڕۆگرام و ئاراستەکانی شێوازگەری | ٢٦ |
| یەکەم: پڕۆگرامی وەصفی | ٢٦ |
| دیدی بالی بۆ شێواز | ٢٧ |
| ئاستەکانی لێکۆلینەوەی شێوازگەری | ٢٨ |
| بەرنامەی پڕۆگرامی وەصفی | ٢٨ |
| بنەماکانی پڕۆگرامی وەصفی | ٢٨ |
| دووەم: پڕۆگرامی فیلۆلۆلجی | ٣١ |
| چنینی فیلۆلۆجی چییە؟ | ٣١ |
| کارنامەی پڕۆگرامی چنینی فیلۆلۆجی | ٣١ |
| شێواز لە ڕووانگەی (لیوسپیتزەر) | ٣٢ |
| لادان لە ڕوانگەی (لیوسپیتزەر) | ٣٣ |
| جیاوازی شێوازگەری (لیوسپیتزەر) لە ئاراستەکانی تری شێوازگەری | ٣٤ |
| لێکچوونی شێوازگەری (بالی) و شێوازگەری (لیوسپیتزەر) | ٣٤ |
| ئامانجی (لیوسپیتزەر) لە بۆچوونە شێوازگەرییەکانی | ٣٥ |
| ڕێگەی (لیو سپیتزەر) لە شێوازگەریدا | ٣٥ |
| پوختەی بەرنامەی (لیوسپیتزەر) | ٣٦ |
| سێیەم: پڕۆگرامی ئەرکی (وەزیفی) | ٣٧ |
| نمونەی پەیوەندی لای یاکبسن | ٣٨ |
| ١. نێرەر (المرسل) | ٣٨ |
| ٢. بۆ نێردراو | ٣٩ |
| پەیوەندی شێواز بە بۆنێردراو | ٤١ |
| ٣. پەیــام | ٤٢ |
| پەیوەندی نێوان شێواز و پەیام | ٤٢ |
| ٤. سیاق (درێژەی دەربڕین) | ٤٣ |
| ئاستەکانی سیاق | ٤٣ |
| تایبەتمەندییەکانی سیاقی کارا | ٤٤ |

| | |
|---|---|
| ٥. کەناڵی پەیوەندی | ٤٤ |
| چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەیوەندی لای یاکبسن | ٤٥ |
| ٦. هێماکان | ٤٥ |
| تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی ئەرکی | ٤٥ |
| چەند تێبینییەك لەسەر تیۆرەکەی یاکبسن | ٤٧ |
| چوارەم: پرۆگرامی ئاماری | ٤٨ |
| سوودی شێوازگەری ئاماری | ٤٩ |
| قۆناغەکانی بەکارهێنانی ئامار لە لێکۆلینەوە زمانیەکاندا | ٤٩ |
| تیۆری شێوازگەری ئاماری | ٤٩ |
| گرنگی شێوازگەری ئاماری | ٥٠ |
| پراکتیکی ئەم پرۆگرامە | ٥٠ |
| ١ـ شێوازی فرمان لە سەرەتای یەکەم ڕستە، یان یەکەم کۆپلەی شیعرەکاندا | ٥١ |
| ٢. شێوازی فرمان لە کۆتا ڕستە، یان کۆتا کۆپلەی شیعرەکاندا | ٥٢ |
| سێیەم: نمونەی هەندێ لە شێوازەکان | ٥٣ |
| چوارەم: خوێندنەوە بۆ ئەو ئامارانەی سەروو | ٥٧ |
| ئەنجامی ئەم پراکتیکە | ٥٨ |
| بنەما سەرەکییەکانی شێواز | ٦١ |
| یەکەم: هەڵبژاردن | ٦١ |
| دووەم: لادان | ٦٣ |
| سێ جۆر زمان | ٦٤ |
| ١. زمانی سروشتی | ٦٤ |
| ٢. زمانی گشتی | ٦٥ |
| ٣. زمانی تایبەتی | ٦٧ |
| لادانی گشتی و لادانی تایبەتی | ٧١ |
| ١. لادانی گشتی | ٧١ |

| | |
|---|---|
| ٢. لادانی تایبەتی | ٧١ |
| نمونەی لادانی گشتی و لادانی تایبەتی | ٧١ |
| جیاوازییەکانی لادانی گشتی و لادانی تایبەتی | ٧٤ |
| لادانی واتایی و لادانی داڕشتن | ٧٥ |
| یەکەم: لادانی واتایی | ٧٥ |
| جۆرەکانی لادانی واتایی | ٧٥ |
| ١. لادانی ئاشکرا | ٧٥ |
| تێبینییەکی گشتی | ٧٦ |
| ٢. لادانی درکاوی کەرتی | ٧٧ |
| ٣. لادانی درکاوی تەواو | ٨٠ |
| دووەم: لادانی دارشتن (تەڕکیبی) | ٨٤ |
| جۆرەکانی لادانی تەرکیبی | ٨٦ |
| ١. لادان لە بنەمای سینتاکسی | ٨٦ |
| ٢. لادان بە درێژ بڕی | ٨٧ |
| ٣. لادان بە کورت بڕی | ٨٩ |
| ٤. تێکدانی سیستمی درووستکردنی وشەی لێکدراو | ٩٢ |
| ٥. لادان بە گۆڕینی شێواز | ٩٢ |
| ٦. لادان بە گۆڕینی پیت | ٩٣ |
| شیعرییەت | ٩٣ |
| شیعرییەتی پەخشان | ٩٤ |
| شیعرییەتی میعیاری | ٩٤ |
| شیعرییەتی شێوازگەری | ٩٤ |
| سەرەتاو کۆتایی شێوازگەری | ١٠٠ |
| سەرچاوەکان | ١٠٥ |


* * *

# پێشەکی

زمان یەك لە بەخششە گەورەکانی خودای گەورەیە، (سوپاس و بەندایەتیمان بۆی)، وەکو کەرەسەیەکی خاو خراوەتە بەردەستی مرۆڤەکان، بۆ ئەوەی بە باشترین و جوانترین شێوە، مەبەستەکانی خۆیانی پێ بگەیننە بەرامبەر، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە، سوپاسی خودا بکەن، هەستەکانیان پێ دەربڕن، پەیوەندییان لەگەڵ دەوروبەرەکەیان بە باشی بێڵنەوە، حەزو ئارەزوو و ئەقڵییەت و بیروڕاکانیان بە جوانترین شێوە بگەینن و بەم شێوەیە.

بەڵێ کاتێ ئادەمیزاد زمان بەکاردێنێ، لەسەریەتی نەك هەر بە جوانی، بەڵکو بە جوانترین شێوە، ئەو زمانە بەکاربێنێ، چونکە تا وردتر و جوانتر زمانەکە بەکاربێنێ، کاریگەری دەربڕینەکە بەهێزتر و گەورەتر دەبێت. ئەوەتا بۆ سوپاسی خودا و پیشاندانی بەندایەتی و نزیکبوونەوە لە خودا، مرۆڤەکان بەندایەتی خۆیان پیشانداوەو هەریەکەو شتێکی گوتووە:

. سوپاس بۆ خودا!

. خوایە گیان زۆر سوپاس!

. خودایە سەری سوپاس و بەندایەتیت بۆ دادەنەوێنم!

. حەمدو شوکرانە و سەنای بێ عەدەد

بۆ زاتی پاکی خالقی ئەحەد... مەلا فەرەج (پێشەکی لەیلێ و مەجنون)

. سوپاس بۆ تۆ خودایە

چاکەت لە دوایی نایە

هەرچی کردت، هەرچی دەیکەی ڕەوایە

سوپاس بۆ تۆ، سوپاس بۆ تۆ، خودایە... ئیدریس عەبدوڵڵا

لە هەموو ئەو ڕستەو دەربڕینانەی سەروودا دەبینین، مەبەست پیشاندانی سوپاس و بەندایەتییە بۆ خودای شیاوی پەرستش و بەندایەتی بۆکردن، بەڵام هەریەکەشیان بە شێوازێکن و هەریەکەیان لە ئەوەی تر کاریگەری زیاتر و زۆرتری هەیە، لەسەر خوێنەران! ئەم جیاوازییە بۆ کەوتە ئەو دەربڕینانە؟ ئایا ئەمە بەسوودە، یان نا؟ ئایا نەدەبوو هەمووان وەکو یەك مەبەستی خۆیان بە هەمان وشەو ڕستەی یەکتری بخەنە ڕوو؟

دیاره وەڵامی هەموو ئەوانە لەبەر بوونی توانای دەربڕینی لەیەکجیاو زەوقی لەیەکجیاواز و ئەقڵییەتی لەیەکجیاواز و فەرهەنگی وشەو دەربڕینی لەیەکجیاوازە، لەبەرئەوەش هەریەکەو شتێك دەڵێت، هەریەکەو بەم شێوەیە شێوازێك لە دەربڕین بۆ کەلتوری دەربڕینە ناوازەو جوانەکانی مرۆڤەکان زیاد دەکات.

زانایان لە کۆنەوە هەستیان بە بوونی ئەو شێوازە لەیەکجیایانەی دەربڕین کردووە، زانیویانە ئەوەی ئەدەب لە ئاخاوتنی ئاسایی جیادەکاتەوە، ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەیە، بۆیە لە کۆنەوە ڕەوانبێژی و ڕەخنەو لە سەردەمی نوێدا (شێوازگەری)ش گرنگییان بە شێواز داوەو بەرنامەو ئاراستەی لە یەکجیا بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوازەکان درووستبووە.

ئەم کتێبە بە پشتیوانی خودا پوختەیەك لە بارەی شێواز و شێوازگەری وەکو بابەتێکی نوێ و سەردەمی دەخاتە کتێبخانەی کوردی و حەز دەکات بە هۆیەوەی خزمەتێك بە هاوزومانانی خۆشەویست بکات. بە تایبەت کە ئەم بابەتە لەو ساڵانەی ڕابردوو کراوەتە مادەیەکی سەرەکی لە بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردی کۆلێژەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. بۆیە ڕەچاوی ئەوە کراوە، شتێك لە نێو هەموو ئەو شتە زۆرانەی لە بارەی شێواز و شێوازگەری لێرەدا پوختبکرێتەوە، ئەو شتە بە کەڵکی ئەوە بێت، وەکو ماددەیەکی سوودبەخش بخرێتە بەر دەستی قوتابیانی خۆشەویست، لەو بەشانەی ئاماژەیان بۆ کرا.

سەرکەوتن لە خوداوەیە

نووسەر

هەولێر. گەڕەکی ژیان

شەممە ٢٥/١٢/٢٠١٠

## شێوازی زمانی و شێوازی ئەدەبی

ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی گشتی لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی و ڕووالّەتەکانی ئەو دەقە ئەدەبیانە بکۆڵینەوە، کە لەبەر دەست دان، ئەوا چەند شتێکمان بۆ بەدەردەکەوێ، لەوانە:

١. شێواز بەر لەوەی شتێکی ماددی بێت، لە دوو توێی دەقێك، بە شێوەیەکی تایبەت بکەوێتە بەر چاو، پێشتر لە مێشکی خاوەنەکەیدا شتێکی مەعنەوییە، چونکە هەر کاتێك شاعیر، یان ئەدیب سەرنجی بە لای شتێکەوە چوو، دێت لە مێشکی خۆیدا ئەو شتە لێکدەداتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە خوێنەرەکانی کێن؟ بیرۆکەکەی لە چ قاڵبێکدا پێشکەش بکات گونجاوترە؟ لە سەر ئەو بنەمایە لە نێو زۆرێکی فۆڕم و مۆدێلەکانی نووسین جۆرێکی تایبەت لە فۆڕم و لەنێو چەندین شێوەی دەربڕینی زمانی، شێوەیەکی تایبەت لە زمان، بۆ خستنەڕووی بیرۆکەکەی هەڵدەبژێریت، ئینجا دێت دەست بە نووسین دەکات، دوای ئەوە بەرهەمەکەی دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەر، دەبینین بەرهەمەکەی بە جۆرێك زمانی تایبەت و جۆرێك قاڵبی تایبەت پێشکەش کراوە.

٢. لەسەر ئەو بنەمایەی سەروو، شێوازگەران دوو جۆر شێوازیان لە یەکتری جیا کردۆتەوە، یەکیان پەیوەندی بە ڕێگاکانی تێدا بەکارهێنانی زمان هەیە، دووەمیش پەیوەندی بەو جۆرە ئەدەبییە هەیە، کە بابەتەکەی لەخۆ گرتووە، ئەو دوو جۆرەشیان ناو ناوە:

١. شێوازی زمانی .

٢. شێوازی ئەدەبی.

مەبەست لە نووسینەوەی ئەم کتێبە (شێوازی زمانی)یە.

* * *

## پێناسە و چەمکی شێواز

لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان و لە ساڵەکانی خوێندنی ئەکادیمی پێویستی زانستی وەها دەخوازێت هەر زاراوەیەك کە تیشکی دەخرێتە سەر، لە هەردوو ڕووی وشەیی و زاراوەیی لێك بدرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕوون و ئاشکرا بێت، چۆن واتا زاراوەییەکەی لێ بەرهەم هاتووە؟ جیاوازی و لێکچوونی نێوان هەردوو واتای وشەیی و زاراوەیی چییە؟ لێرەشدا بەم شێوەیە دەچینە سەر پێناسەی شێواز.

### شێواز لە ڕووی وشەییەوە

لە ڕووی وشەییەوە لە لای کوردان شێواز بەو ڕێگا تایبەتە دەوترێت، کە کەسێکی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی کارێکی دیاریکراو دەستی پێوەدەگرێت.. بۆ نموونە: ئەو ڕێگەیەی مرۆڤ هەڵسوکەوتەکانی خۆی تێدا پێشکەش دەکات ئەگەر هات و ڕێگەیەکی باش بوو، بێگومان شێوازێکی جوانی بۆ درووست دەکات، ئەو کەسەش کە ئەو ڕێگە باشە بۆ بیرکردنەوەو قسە و هەڵسوکەوتەکانی خۆی دەگرێتەبەر، پێی دەگوترێت : (کەسێکە شێوازێکی باشی هەیە، یان کەسێکی بە شێوازە، بە ئسلووبە)، بە پێچەوانەوە هەر یەکێك ڕەچاوی یاساکانی مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرامبەرەکانی نەکات و نەزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ دەورووبەرەکەی خۆیدا بکات، پێی دەگوترێت (شێوازەکەی هەو نییە، یان کەسێکی بێ ئسلووبە)، واتە: کەسێکی بێ مەعریفەیە، لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیەی هەڵسوکەوتەکانی خۆی تێدا ئەنجام دەدات، نەزانە و سەرکەوتوو نابێت.

### شێوازی زمانی لە ڕووی زاراوەییەوە

لە ڕووی زاراوەییەوە: واتای شێوازی زمانی نزیکە لە واتا وشەییەکەی، بەڵام لێرەدا شێوازەکە لەسەر زمانی نووسین و دەربڕینی ئەدەبی کورتدەبێتەوە، ئیدی لێرەشدا شێواز ئەو ڕێگە تایبەتەی بەکارهێنانی زمانە، کە ئەدیبێك لە ئەدیبەکان، یان شاعیرێك لە شاعیرەکان، بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمەکەی خۆی پەیڕەوی لێدەکات.. یان

به واتایەکی دی: شێوازی زمانی وەکو زاراوە: بریتییە لەو ڕێگایانەی شاعیر زمانی تێدا بەکاردەهێنێت.

دیارە ئەم بابەتە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە هەر لە کۆنەوە گەلێ زانا پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ شێواز کردووە، لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر هەندێکیان:

* لە کۆندا (ئیبن و خەلدون) دەڵێت: (بریتییە لەو ڕێگەیەی دەربڕینی تیا دەهۆنرێتەوە، یان ئەو قالبەیە شتی تیا خاڵی دەکرێت).

* (کۆنت بۆفۆن) لە باوترین پێناسەیدا دەڵێت: (شێواز بریتییە لە ئادەمیزاد خۆی، ناکرێت نەمێنێت، هەروەها ناگوازرێتەوەو ناشگۆڕدرێت).

* (ریڤاتێر) دەڵێت: (شێواز هێزێکی فشارکەرە باڵ بەسەر هەستیاری خوێنەردا دەکێشێت، ئەمەش بە هۆی زەقبوونەوەی هەندێ لەو ڕەگەزانەی، کە لە درێژەی گوتارەکە هەستی پێدەکات).. لەسەر ئەو بنەمایە ناوبراو دەڵێك: بۆیە گرنگ ئەوەیە، لە کاتی لێکۆڵینەوەکانی شێوازگەری تێبینی ئەو کاردانەوەیە بکرێت، کە لەلای خوێنەر بە هۆی (دەق)ەکە درووست دەبێت.

* (بییر جیرۆ) دەڵێت: (شێواز ڕێگەیەکی نووسینە، لە لایەکی ترەوە ڕێگەیەکی نووسینی نووسەرێك لە نووسەرەکان، جۆرێك لە جۆرەکان، سەردەمێك لە سەردەمەکانە.. فەرهەنگە هاوچەرخەکانمان ئەو پێناسەیەیان لە پێشینانەوە بە میرات وەرگرتووە).

* (بڕۆست) دەڵێت: ئەو شوێن پەنجانەیە، کە دارشتنی گوتار لە خۆیان هەڵدەگرێت، وەکو ئەو گەواهییەی لێدێت، کە ناسڕێتەوە.

* هەندێکی تر پێیان وایە: شێواز بریتییە لە هەڵبژاردن و پاککردنەوە، بە بەرچاوگرتنی ئەم بۆچوونەش دەڵێن: لێکۆڵینەوەی شێوازگەرایی هەڵدەستێ بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەیەك هەڵبژاردنی تایبەت بە دەقێکی دیاریکراو، بۆ تێبینیکردنی ئەو شێوازەی کە بە هۆیەوەی لە بێجگەی خۆی جیادەکرێتەوە.

* یانیش دەڵێن: شێواز بەو دەگمەنی وردیەتەی تایبەتمەندی گوتار دەگوترێت، کە داهێنان و بلیمەتیەتی ئادەمیزاد لەوەی دەینووسێت، یان دەیڵێت، زەقدەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا باشترین پێناسەیەك بۆ (شێوان) لە ڕووی زاراوەییەوە، کە زۆرینە پەسندی بکەن، ئەوەیە کە دەڵێت: (شێواز بریتییە لە ڕێگەیەکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی زمان، بە شێوەیەك ئەو ڕێگەیە ببێتە سیفەتێکی جیاکەرەوەی نووسەرێك، یان قوتابخانەیەك، یان ماوەیەکی زەمەنی، یان ڕەگەزێکی ئەدەبی).

## شێوازی ئەدەبی لە ڕووی زاراوەییەوە

شێوازی ئەدەبی لە ڕووی زاراوەیی: بریتییە لەو مۆدێلە ئەدەبیانەی وەکو شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و...هیدیکە، کە بە سوود وەرگرتن لە ڕەگەزەکانی سۆز و فیکر و ئەندێشە، بیرۆکەیان تێدا دادەڕێژرێ و پێشکەشی خوێنەر دەکرێن.

## شێواز لە لێکۆلینەوە ئەوروپییەکاندا

لای ئەوروپییـەکان شـێواز بـۆ وشـەی (Stilus)ی لاتینـی دەگەڕێتـەوە، ئـەو : بـەو ئامرازە نووکتیژە مەعدەنیە دەگوترا، کە لە نووسین لەسەر تابلۆ مۆمییەکان نووسینی پێدەکرا، بـەڵام لـە پاشـان واتـا مێژوویـیـەکانی گـۆڕانی بەسـەردا هـات، لـە (گوزارشـت کـردن لەسـەر چـۆنیەتی جێبـەجێکردن) لـە سـەدەی چواردەی زایینـی، بـۆ (چـۆنیەتی ناسین یان هەڵسوکەوتکردن) لە سەدەی پانزەی زایینی، بۆ (چۆنیەتی گوزارشـتکردن) لـە سـەدەی شـانزەی زاینـی، تـا لـە سـەدەی هەڤدەهـەم واتاکـەی لەسـەر (چـۆنیەتی چارەسەرکردنی بابەتێکی دیاریکراو) لە چوارچێوەی هونەرە جوانەکان کورتبوویەوە.

دوای هـەموو ئـەوە واتـای زاراوەیـی شـێواز . لـە بـواری نووسـیندا . لەسـەر چـۆنیەتی نووسـین لـە لایێـك و لـە لایێکـی تـرەوە چـۆنیەتی نووسـینی تایبـەتی نووسـەرێکی دیاریکراو، یان ڕەگەزێکی دیاریکراو، یان سەردەمێکی دیاریکراو کورتمایەوە.

یەك لەو نووسەرە یەکەمانەی شێوازیان بەکارهێنا، (نوفالیس) بوو، هەرچەندە زۆرینەی لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوا بە دەگمەن دان بەو بەکارهێنانە پێشوەختەی شێواز دادەنێن، کە بۆ سەردەمی هێشتا باڵکێشانی ڕەوانبێژی دەگەڕێتەوە، چونکە بەلای ئەوانەوە لەدایکبوونی دروستی شێوازگەری، بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، لەلایەن دی سۆسێر و قوتابیە گرنگەکەی لە بواری لێکۆڵینەوە

**لیسانیەکاندا (شاڕل باڵی)ی سویسڕی Charle Bally کە لە کتێبەکەی خۆیدا: باسێك لە شێوازگەری فڕەنسی (Traité de Stylistique Française)، لە ساڵی ١٩٠٩ ئەو زانستەی داهێنا.**

## پێناسەو چەمکی شێوازگەری

**وەکو هەندێ بۆی دەچن زانستێکە، بەڵام کەسانی دیکەش دەڵێن: ڕەخنەیەکە، یان فەلسەفەیەکە، یان ڕێگەیەکە.**

**بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوازگەری، دیارە شێوازگەری هەریەکە لەمانە بێت زۆر گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە هەمیشە شێوازگەری کار لەسەر شێواز دەکات و ئەم دووانە هەمیشە پێکەوە دێن، بۆیە دەگوترێت شێواز و شێوازگەری پەیوەستن بە یەکەوە.. بۆ ئەوەی باشتر لە شێوازگەری تێبگەین چەند پێناسەیەك دەخەینە بەردەست، لەوانە:**

**١. پێناسەیەکی گشتی: شێوازگەری زانستی شێوازە، واتە زانستی لێکۆڵینەوەی دەق و وەسفی ئەو ڕێگەیەیە، کە دەربڕینی تیا خراوەتە ڕوو، دیارە ئەوەش یەکێکە لە بووارەکانی ڕەخنەی ئەدەب، کە جیا لە هەر لایەنێکی کاریگەری کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان ئایدۆلۆجی، یان هەر لایەنێکی پەیوەست بە دەق، بنیاتی زمانی دەقی ئەدەبی لە بەر چاو دەگرێت و لەو دەکۆڵێتەوە، ئەمە چونکە شێوازگەری نوێترینی ئەو زانستانەیە، کە لە سەردەمی نوێدا لە زانستەکانی زمان پەیدا بووە.**

**٢. عەدنان عەلی ڕەزای نەحوی دەڵێ: شێوازگەری زاراوەیەکی نوێیە لەو شێوازەی زمان دەکۆڵێتەوە، کە ئادەمیزاد پێی دەدوێ، یان پێی دەنووسێ، لەبەر ئەوەش، کە زمان بە تەنیا لەسەر بووارێکی گەیاندن بە جیا لە بووارەکانی دیکەی گەیاندن کورت نابێتەوە، بۆیە شێوازگەریش بە تەنیا لەسەر بوارێکی گوزارشت کردن، بە جیا لە بوارەکانی دیکەی گوزارشت کردن، کورت نابێتەوە. بە واتا: شێوازگەری لەگەڵ درێژبوونەوەی زمان و شێواز درێژ دەبێتەوە.**

٣. بیر جیرو دەڵێ: شێوازگەری بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییانەی لە نێوان فۆرم و تێکڕای هۆیە خەبەرییەکان هەیە، یانیش شێوازگەری بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە دەربڕینی زمانی.

٤. د. مەسەدی دەڵێت: شێوازگەری زانستێکی زمانییە، گرنگی دەدات، بە لێکۆلینەوەی بواری هەڵسوکەوتکردن لە سنووری یاساکانی بنیاتگەری.

٥. هەندێکی تریش وای دەبینن، کە شێوازگەری زانستێکی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە لایەنی ئیستاتیکی شیعر و پەخشان.

بە بەرچاو گرتنی ئەو پێناسانەی سەروو دەتوانین بڵێین: شێوازگەری بریتییە لە و زانستە نوێیەی لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی گوتاری ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، حەقیقەتی ئەو شێوازانە دەردەخات، کە نووسەرەکان لە نووسینی دەقەکان پەیڕەویان لێکردووە.

## پەیوەندی شێوازگەری بە بابەتەکانی تر

شێوازگەری پەیوەندی بە گەڵ بواری دیکەی ئەدەبی داهێنراو و ئەدەبی لێکۆلینەوەو زمانەوانی و هیدیکە هەیە، لە خوارەوە پەیوەندی شێوازگەری لەگەڵ هەندێ لەو بابەتانە دەخەینە بەر چاو:

### یەك: پەیوەندی شێوازگەری بە ئەدەب

لەمڕووەوە شێوازگەری ئەرکی دەستنیشانکردنی ئەو تایبەتمەندییە زمانییانەی دەکەوێتە ئەستۆ، کە لە سیاقەکانی خۆیانەوە بەرەو ئەرکە ئێستێتیکییەکەیان وەردەچەرخێن. یاکبسن دەڵێت: شێوازگەری لە لایێك گەڕانە بە دوای تایبەتمەندییەکانی گوتاری هونەری لە تەواوی ئاستە گوتارییەکانی دیکە، لە لایێکی تریشەوە شێوازگەری لە تەواوی جۆرە هونەرییە مرۆییەکان جیادەبێتەوە.

ماڕۆز و کڕازۆ گوتوویانە: لە چوارچێوەی ئێستێتیکیەتی زمان (جوانییەکانی زمان) لە شێواز دەکۆلینەوە. بەلاّم شاڕل بالی دەلێت: ئەو لایەنەی جوانی زمان دووردەخەینەوەو لەو لایەنەی گوتار دەکۆلینەوە، کە سوودمەندەو پەیوەندیدرووستکەرە.

بەلاّم ئەدەب نواندنی هونەرە لە ئاخاوتندا نووسراو بێ، یان زارەکی، بە زیاتر لە شێوازێك، بۆیە یەکێك لە ڕەگەزەبەرهەمهێنەرەکانی ئەدەب شێوازە، ئەدەب دێت لە ڕێگەی هۆکارەکانی خۆیەوەی دەربڕینێك بەرهەم دێنێ، دەشێ یەك واتا بێ و بە چەندین شێوازەوە خرابێتە ڕوو، یانیش یەك ڕستە بێ و بە چەندین واتاوە خرابێتە ڕوو. کەواتە: ئەدەب ڕێگە خۆش دەکات بۆ دروستبوونی شێوازی لە یەك جیاو، شێوازگەریش لە جۆری ئەو شێوازانە دەکۆلێتەوە، کە لە دوو توێی دەقە ئەدەبیەکان زەقدەبنەوە، بەوەش کەواتە ئەدەب بنجیییەو شێواز بەدواداهاتووە، ئەگەر ئەدەب نەبێ شێوازیش نابێ و ئەگەر شێواز نەبێ شێوازگەریش نابێ.

## دوو: پەیوەندی شێوازگەری بە زمانەوانی

شێوازگەری لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانی نوێ درووست بووە، لە قۆناغێك لە قۆناغەکانیش لقێك بووە لە لقەکانی ئەو زمانەوانییە، بۆیە یاکبسن دەلێت: شێوازگەری هونەرێکە لە هونەرەکانی درەختی زمانەوانی نوێ.

بەلاّم بۆ ئێستا شێوازگەری پڕۆگرامێکی سەربەخۆیە. بۆیە دوای یاکبسن، میشال ئاریفای دێت و دەلێت: شێوازگەری واتە وەصفی دەقی ئەدەبی، بە پێی هەندێ ڕێگەوە، کە لە زمانەوانی نوێوە هەلگۆزراون.

پاش ئەوە ڕیڤاتێر دێت، ئەویش بە شێوەیێکی دیکە پێناسەی شێوازگەری دەکات و دەلێت: زانستێکە ئامانجی ئەوەیە، ئەو ڕەگەزە تایبەتییانە ئاشکرا بکات، کە بە هۆیانەوە نووسەر دەتوانێت چاوەدێری ئیدراکی ئازادانە لە لای خوێنەر بکات. بە واتا: شێوازگەری بریتییە لە پەیوەندی نێوان خوێنەرو نووسەرو پەیام، کە بە زمانەوە وەدی دێت.

زمانەوانی نوێ کە هات، بۆ ئەوە بوو، بە شێوەیەکی وەصفی لە زمان بکۆلێتەوە، شێوازگەریش بە هەمان شێوە وەصفی ڕێگەکانی بەرهەمهێنانی شێوازی زمانی

دەکـات و زەقیاندەکاتـەوە، کەواتـە لـەمڕووەوەش هـەردووکیان لـە یـەك نـزیکن، بـەڵام دیـارە زمـان بـەرەوپێش دەچێت و وشـەو دەربڕینـی کـەم و زیـاد دەکـات، هەنـدێکیان گۆڕانیــان بەســەردا دێــت، شــێوازگەریش هــاوڕەوتی ئــەو پێشــکەوتنە بــەڵام بــە ئاراستەیەکی جیاواز دەچێتە پێش، بۆیـە سـەرەنجام شێوازگەری و زمانـەوانی نـوێ لێك جیادەبنـەوە، بـۆ نمونـە: زمـان هـەر زمانـە، بـەڵام شـێوازی سـەردەمی کلاسـیزم شــیعری بــە زیــاتر لــە زمانێــك دەنووســی و فەلســەفە ئێســتێتیکیەکەی لــەوە قووڵدەبوویـەوە، کـە شـاعیرەکە لـە زیـاتر لـە زمانێك و بـە ڕوونـی لـە چـوار زمانـەکانی کــوردی و عــەرەبی و فارســی و تــورکی شــارەزا بێــت و وشــەو دەربڕینــەکانیان بەکاربهێنێت، بەڵام شێوازی سەدەی بیستەم ئـەوەی ڕەتکـردەوەو ئـەوەی سـەپاند، کـە شیعر دەبێ بە زمانی پەتی کوردی بنووسرێت، کەچی ئەگـەر زمانـەوان لـە زمـانی ئـەو قۆناغانــە بکۆڵێتــەوە، بنیاتــە زمانییەکــە هــەر یەکــەو جیاوازییــەکی زۆر کــەمتری بەسـەرداهاتووە، ئەگـەر بـەراوردی بکـەین، لەگـەڵ ئـەو جیاوازییـەی بەسـەر شـێوازە زمانییەکەدا هاتووە.

## سێ: پەیوەندی نێوان شێوازگەری و ڕەوانبێژی

هەنـدێ لـە لێکۆڵـەران پێیـان وایـە شـێوازگەری درێـژەوەبووی ڕەوانبێژییـە، بۆیـەش هەنـدێ دەڵـێن: ڕەوانبێـژی مـردووەو شـێوازگەری جێگـەی گرتۆتـەوە، بـەڵام ئـەوەش ڕاست نییـە، چونکە ڕەوانبێـژی پڕۆگـرام و زانستێکی تـەواوەو زاراوەو دەستەواژە و بەرنامەی بۆ سەدەها شێوازی دەربڕینی ڕەنگاوڕەنگ هەیە، لەم ڕێگەیەوە تا ئێستاش لـە ڕۆژئـاواو ڕۆژهـەڵاتیش ڕەوانبێـژی پێـوەر بـۆ جـوانی و کرێتـی و بـەهێزی و لاوازی شێوازەکان دادەنێ، وایشی دەبینـێ، کـە ئێستێتیکیەت بـەری دەستگرتنە بـە شـێوازە ڕەوانبێژییـەکان، بـەڵام شـێوازگەری پێـوەرێکی تـری هەیـە، ئـەویش درووسـتکردنی کاریگەرییە لەسەر بۆنێردراو، کـە ئەمـەش بـەری هەڵبـژاردن و لادانـە لـە نێـو مـوفرەدەو دەربڕینەکانی زماندا.

به گشتی جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو زانستە لەمانەی خوارەوە کورت دەبنەوە:

١. ڕەونبێژی معیاری و بەردەوامیەو شێوازگەری وەصفی و کاتییە.

٢ـ ڕەوانبێـژی یاسـاکانی خـۆی دەچەسـپێنێ، بـۆ ئـەوەی دەربـڕین بـە جوانییـەوە دەربکـــەوێ، بـــەڵام شـــێوازگەری ڕەوانبێـــژی بـــەکاردێنێ، بـــۆ دەرکـــەوتنی لایـــەنی ئێستێتیکی.

٣. شێوازگەری ڕەچاوی حاڵەتی ویژدانی دەکات، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرت، کە شێوازگەری کارتێکراوە بە دەروونناسی، بەڵام ڕەوانبێژی کارتێکراوەو بە مەنتیق و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە.

٤ـ شـێوازگەری گشـتگیرەو زمـانی ئاخـاوتن و زمـانی ئـەدەبی میللـی و بـەرزیش دەگرێتەوە، بە واتایەکی تر: شێوازگەری هەموو ئاست و لایەن و ڕەگەزەکانی ئاخاوتن دەگرێتــەوە، بـەڵام ڕەوانبێـژی بـۆ ئـەدەبیاتی بـەرزەو گرنگـی بـە جـۆرێکی تایبـەتی ئاخاوتن دەدات، کە ئەویش ئاخاوتنی ئەدەبییە.

## چوار: پەیوەندی شێوازگەری بە ڕستەسازی

١. ڕستەسازی بواری کۆت و یاساکانە، بەڵام شێوازگەری بوواری ئازادییەکانە.

٢ . ڕستەسـازی مـەرجی پێویسـتە لـە شـێوازگەری، بـەڵام بەپێچـەوانەوە وەهـا نییـەو شێوازگەری بۆ ڕستەسازی چ مەرج و پێویست نییە.

٣. ڕستەسازی زانستێکی زمانییە، گرنگی بە بـواری هەڵسـوکەوتکردن لـە سـنووری ڕێزمانی بنجیدا دەدات، بۆ ڕێك مانـەوەی جیهـازی زمـان. بـەڵام شێشـوازگەری گرنگـی بەو شێوازانەی زمان دەدات، کە لە ڕێزمانی بنجی لادەدەن.

## پێنج: شێوازگەری و ڕەخنەی ئەدەبی

شێوازگەری بە لە دایکبووی قوتابخانەیەکی زمانی دەژمێردرێت، ئەو قوتابخانەیە لە ڕێگەی ڕەگەز و پایە هونەرییەکان و ئامرازە ئیبداعییـەکانی خـۆی، چارەسـەری دەقـی ئـەدەبی دەکـات، زمـان و ڕەوانبێـژی وەکـو پردێـك سـوود لێـوەردەگرێ و بـە هۆیانـەوە وەصـفی دەقـی ئـەدەبی دەکـات، هەنـدێجاریش لـە ڕێگـەی ئـەو پڕۆگرامـەی کـە لەسـەر هەڵبژاردن و دابەشکردن دادەمەزرێ، هەڵدەستێ بە هەڵسەنگاندنی دەقـی ئـەدەبی، کـە لەمەدا ڕەچاوی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی نێرەر و بۆنێردراویش دەکات، لەبەرئەوە

لێکۆلینـەوەی شـێوازگەری پرۆسـەیەکی ڕەخنەییـە، جـەخت لەسـەر دیـاردەی زمـانی دەکاتەوەو لەو بنەما ئێستێتیکیانە دەکۆڵێتـەوە، کە دەشـێ ئاخاوتنەکە بـە هۆیانـەوە درووست بووبێ.

بەڵام ڕەخنـەی ئـەدەبی لـە بڕیارەکـانی خۆیـدا پشـت بـە دوو ڕەگـەزەکانی درووسـتی واتــا و جوانییەکــەی دەبەســتێت، چــونکە درووســتی واتــا مــادەی ئاخــاوتن و جوانییەکەشـی جەوهەرەکەیـەتی، بۆیـە شـێوازگەری وەکـو ئامرازێـك دادەنرێـت، کـە سیستمی پەیوەندییەکانی نێوان زمانەوانی و ڕەخنەی ئەدەبی بە یەکەوە دەبەستێت.

دەشێ لێکنزیکی شێوازگەری و ڕەخنەی ئەدەبی لـە ڕێگـەی هاوکاریکردنیـان لەسـەر هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی دیاردە لێکجیاوازەکانی دەقی ئەدەبی لـە ڕووەکـانی دراشتن و زمـان و مۆسـیقاوە بکەوێتـە بەرچـاو، چـونکە شـێوازگەری گرنگـی بـە ڕووەکـانی دەربڕینەکان و ئەرکیان لـە نێـو سیستمی زمانیـدا دەدات، بـەڵام ڕەخنـەی ئـەدەبی ئـەو کــارە جێــدێڵێت و بــە دوای ئــەو هۆکارانــەدا دەگــەڕێت، کــە ئــەو دەربڕینانــەی بەرهـەمهێناوە، کەواشـبێ هەنـدێکی ئـەوەی لـە شـێوازگەریدا هەیـەو زیـاد لـەوەش لـە ڕەخنەی ئەدەبیدا کۆدەبێتەوە، بەڵام لە شێوازگەریدا تـەنیا کـەمێکی ڕەخنـەی ئـەدەبی بەدی دەکرێت.

بەمە دەردەکەوێت، پەیوەندی نێوان شێوازگەری و ڕەخنـەی ئـەدەبی پەیوەندییـەکی حاشـاهەڵنەگرە، چـونکە هەرەیەکـەیان وەصـف دەکـات، دادەڕێـژێت، ڕاڤـە دەکـات و هۆکارەکان دەستنیشان دەکات، بەڵام هێندە هەیە، شێوازگەری هەر بە ئاشـکراکردن و دانپێدانان دەوەستێت، کەچی ڕەخنـەی ئـەدەبی دێـت هەڵسـەنگاندن دەکات و بڕیـاری خـۆی لـە بـارەی حاڵەتـەکان دەدات، بۆیـە گومـان لـەوەدا نییـە، کـە ڕەخنـەی ئـەدەبی ئەوکاتە زیاتر ڕاستەڕێ دەبێ، ئەگەر هـات و لەگـەڵ شیکارە شێوازگەرییە لێکجیاکـان هاوکاری کرد، لێرەشدا دەشێ ئاماژە بۆ ئەو خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١ـ هەنـدێ ڕەخنـەگر ئـەوە ڕەتدەکەنـەوە، کـە شـێوازگەری پرۆگرامێکـی ڕەخنـەی گشـتگیر بـێ بـۆ تـەواوی ڕەهەنـدەکانی دیـاردەی ئـەدەبی، چـونکە خـۆی لـەوە بـەدوور دەگـرێ بڕیـار لەسـەر ئـەدەب بـدات وەکـو پەیامەکـەی و نایێـت هەڵسـەنگاندن بـۆ دەقـە ئەدەبییەکـە بکـات، بەمـەش لـە ڕەخنـە جیادەبێتـەوە، چـونکە کـاری ڕەخنـە لابردنـی دەمامکـە لەسـەر کـاری ئـەدەبی، بـەڵام شـێوازگەری بـە دەستنیشـانکردنی دیـاردە

شێوازییەکانی دەقی ئەدەبی وەکو دیاردەکانی دەنگی و واتایی و دارشتن و مۆسیقاو هیدیکە دەوەستێت، نالێت ئەمەیان باشەو ئەوەیان خراپ، بەڵکو دەڵێت: بەم شێوەیە پەیوەندی زمان بە بنیاتی دەقەکە لە ڕووەکانی سیاقی لێکجیاو شێوازی جۆراوجۆرو دارشتنی هەمە شێوە دەبینم.

٢. ڕووانینی ڕەخنەگر بۆ دەقی ئەدەبی ڕووانینێکە هەموو هەوڵی پشکنینی لایەنە جەمالییەکانی کاری ئەدەبییە، بۆ ئەم مەبەستە تەواوی ئامرازە هونەرییەکانی بەردەست، لە وێنەی زمان و چەشەی هونەری و مێژوو و دارشتن و دەرەوونناسی و هیدیکەش بەکاردەهێنێ، دوای ئەوە بە باشی، یان بە خراپی و لاوازی بڕیاری خۆی لەمەڕ کارە ئەدەبییەکە دەدات، بەڵام شێوازگەری ڕووانینێکی ئێستێتیکیانەیە لە ڕێگەی دارشتنی دەقی ئەدەبییەوە بەرهەم دێ، ئەرکەکەی پشکنینی کاری ئەدەبییە لە دارشتنە زمانییەکەی، بۆ ئاشکراکردنی بەها ئێستێتیکییەکانی.

٣ـ هەندێ لە ڕەخنەگران وای دەبینن، کە شێوازگەری پڕۆگرامێکی زانستییە، لە ڕێگەکانی شێوازی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، لەوەشەوە ئیدی تیۆرێکی ڕەخنەییە، لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەو شێوازەی بە بنەمای سەرەکی کاری ئەدەبی دادەنرێت، بێگومان دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، بەڵام هەرچی ڕەخنەی ئەدەبییە، ئەوا لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ کاری ئەدەبی زۆر بە کەمی نەبێ گرنگی بە زمان نادات، لەوە زیاتر پشت بە چەشەو سەلیقەی کەسی ئەدیب و ڕەخنەگرەکە دەبەستێت، لەوەشەوە ئیدی دەردەکەوێ، کە ڕەخنەی ئەدەبی گرنگی بە حوکمە بۆچوونگەرایی و خودییەکان دەدات، لە ڕێگەی تاوتوێکردنی خەیاڵ و سۆزو مەبەست و بابەت و ...

٤. لێکۆلینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ دەقی ئەدەبی لە ماوەی هۆکارە دەرەکییەکانەوە دەبێ، ئیدی ئەو لێکۆلینەوەیە پشت بە ڕۆشنبیرییە دەروونی و کۆمەلایەتی و مێژووییەکانی ڕەخنەگر و ئەزموونە دەستهاتووەکەی دەبەستێت، بۆ ئەوەی بەمە بتوانێ بڕیارێکی دیاریکراو لەسەر دەقێکی دیاریکراو بدات و هەڵیبسەنگێنێت، بەڵام لێکۆلینەوەکانی شێوازگەری بۆ دەقی ئەدەبی لە ڕێگەی دارشتنە زمانییەکەی دەبێت، لەگەڵ لێکۆلینەوە لەو ڕەگەزە زمانییانەی دیاردەیەکی دیاریکراو لەو دەقە، یان کارە ئەدەبییەدا بە شێوەییێکی گشتی دروستدەکەن، لەمەشدا شێوازگەری پشت بە وەصف دەبەستێت، نەك شیکردنەوەو دەرخستنی هۆکارەکان.

## هەندێ ناوی گرنگ لە بواری شێوازگەری

لە بواری دیراساتی شێواز و شێوازگەری گەلێ ناوی گرنگ بە دیار دەکەون، هەندێ لەوانە شێوازگەرن خاوەنی ئاراستەیەکی دیاری شێوازگەرینە، هەندێکی دیکەش لەبەر ڕۆشنایی ئاراستەکانی شێوازگەری کاریان لەسەر شێواز کردووە، هەندیکی تریش فەیلەسوف و شاعیر و ئەدیبن، کە لەبەر بەرهەمەکانیان گرنگیان هەیە، بۆیە لە ماوەی دەرسی شێوازگەریدا ناویان دەبیسرێ، هەندێ لەو ناوانە بریتین لە:

### ١ـ شارڵ بالی

زمانەوانێکی سویسرییە، لە ماوەی نێوان (١٨٦٤-١٩٤٧) ژیاوە، قوتابی (سوسێر) بووە، دواتر بووەتە پسپۆری زمانەکانی یۆنانی و سانسکریتی، ئینجا گرنگیدانەکانی خۆی کورت کردۆتەوە لەسەر ئەو شێوازانەی لە دەربڕینە زمانەوانییەکاندا بەکاردەهێنرێن، ئەم لێکۆڵینەوانەی لەبەر ڕۆشنایی قوتابخانەی بونیادگەری ئەنجامداوە، وای لێهاتووە بگوترێ یەکەمین شێوازگەر بووە، کە تیۆرەکانی ئاراستەیەکی شێوازگەری خستۆتە ڕوو، گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە:

- زمان و ژیان
- لیسانیاتی گشتی و لیسانیاتی فەرەنسی

### ٢ـ کۆنت بیفۆن

ئەدیب و زانایەکی سروشتە، هەروەها زمانەوانە و گرنگی زۆری بە زمان داوە، لە سالآنی نێوان (١٧٠٧-١٧٨٨) ژیاوە، زۆری لە بارەی نرخی ئەو زمانە نووسیوە، کە کارە گشتییەکانی پێ دەنووسرێتەوە، وای داناوە: زمان لە داڕشتنی خۆی و ئەو سیستەمە بیرکردنەوەی لەخۆی دەگرێ گوزارشت لە ناسنامەی خاوەنەکەی دەکات، هەروەها گوتویەتی: هیچ بەرهەمێك نامینێتەوە، ئەوە نەبێت، کە زمانەکەی تۆکمە و بە هێز بێت، یەکێك لە کتێبەکانی بریتییە لە (چەند وتارێك لە بارەی شێوازەوە).

### ٣ـ یاکبسن

لیسانییەکی ڕووسە، ساڵی ١٨٩٦ لە مۆسکۆ لە دایك بووە، لەگەڵ شەش لە برادەرەکانی یانەی لیسانیاتی مۆسکۆیان دامەزراند، لەم یانەیەوە قوتابخانەی فۆڕمالیستەکانی ڕووس لە دایك بوو، دیسانەوە یاکبسن یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی یانەی لیسانیاتی (براغ) لە (چیکسلۆڤاکیا)، لەم یانەیەشەوە پرۆگرامە بنیادگەرییەکان لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان و دەنگییەکان و مۆڕفۆلۆجییەکان سەرچاوەی گرت.

یاکبسن خاوەنی ئاراستەیەکی تایبەتە لە شێوازگەریدا کە بە شێوازگەری یاکبسن دەناسرێت.

### ٤ـ ڕیڤاتێر

مامۆستای لیسانیاتی زانکۆی (کۆڵۆمبیا) بووە، کە ناودارترین زانکۆی ویلایەتی ئەمریکییە، دەکەوێتە شاری نیویۆرك ،گرنگی زۆری بە زمان و شێواز داوە، لە ساڵانی پەنجای سەدەی بیستەم بە لێکۆڵینەوە شێوازگەرییەکانی ناوی دەرکرد، دیارترین کتێبی بریتییە، لە: (چەند هەوڵێك لە شێوازگەری بنیادگەری)یەوە، بەمە (ڕیڤاتێر) وەکو خاوەنی ئاراستە، یان قوتابخانەیەکی شێوازگەری دەرکەوت.

### ٥. لیوسبیتزەر

یەکێکە لە ڕەخنەگران و زانایانی زمانەوانی نوێ، لە ماوەی ساڵانی (١٨٧٧-١٩٦٠) ژیاوە، بە لەدایك بوون نەمساوییە، لە ئەڵمانیا گەورەبووە، بە خوێندن و ڕۆشنبیریش فەڕەنسییە، گرنگترین کتێبەکانی بریتینە لە:

یەك: چەند لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی شێواز

دوو: شێوازگەری و رەخنەی ئەدەبی

ئەمەش خاوەنی ئاراستەیەکی ترە لە ئاراستەکانی شێوازگەری، کە بیروڕای تایبەتی خۆی هەیە و لەگەڵ بالی و یاکبسن و ئەوانی تر لە هەندێ ڕوودا جیادەبێتەوە.

### ٦. دی سۆسێر

لیسانییەکی سویسرییە، لە سالآنی نێوان (١٨٥٧-١٩١٣) ژیاوە، لە جنێف خوێندوویەتی، نامەکەی تایبەت بووە بە (تەواوکەری ڕەها لە زمانی سانسکریتی)، دواتر چۆتە پاریس و لەوێش هەر خەریکی لیسانیات بووە و نامەیەکی دیکەی بە ناونیشانی (سیستەمی جوله لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان) ئامادە کردووە، پاشان گەڕاوەتەوە جنێف و لەوێ بۆتە مامۆستای زمانی سانسکریتی و ڕستەسازی بەراورد و لیسانیاتی گشتی، دوا دەرسەکانی کۆتایی تەمەنی لە لایەن قوتابییەکانی کۆکراوەتەوە و بە ناونیشانی (چەند وانەیەك لە لیسانیاتی گشتی) لە سالّی ١٩١٦ چاپ کراوە، سوسێر مامۆستای (بالی) بووە، کە (بالی) خاوەنی یەکەم قوتابخانەی شێوازگەرییە.

### ٧ـ چۆمسکی

لیسانیەکی ئەمریکییە، لە دایك بووی سالّی (١٩٢٨)٥، یەکێکە لە قوتابیانی (هاریس)، کارتێکراو بوو بە لێکۆڵینەوەکانی هەریەکە لە (سوسێر و یاکبسن) بە تایبەت بە و گوتەیەی سوسێر، کە گووتبووی: (زمان بەر لەوەی بەکار بهێنرێ و ببێتە ئاخاوتن، چەسپاوە و جیاوازی هەیە لەگەل ئەو کاتەی بەکار دەهێنرێ و دەبێتە گوتار.

لە سالی (١٩٥٤) چۆمسکی دەبێتە مامۆستا، خەریکیش دەبێ بە لێکولینەوە زمانەوانییەکانی، لە سالّی (١٩٥٥) کتێبی (شیکاری تەحویلی) دە نوسیێ.. لە سالّی (١٩٥٦)یش کتێبی (بنیادی مەنتیقی تێوری لیسانی) دەنووسێت.. ئەم دوو کتێبە بلأوناکاتەوە، بەلام پوختەی ئەمانە لە سالّی (١٩٥٧) بە ناونیشانێکی نوێ، کە بریتییە لە (بنیاتە سینتاکسیەکان) بلأودەکاتەوە، ئیتر ئەم کتێبە دەبێتە دەستووری ڕێبازی تەولیدی لە زمانەوانی نوێدا، هە ندێ لە کتێبەکانی تری بریتینە لە:

یەك: لیسانیانی دیکارتی

دوو: زمان و فیکر.

دیارە تێڕوانینی چۆمسکی بۆ زمان لە تێڕوانینی سۆسێر جیاوازە، چونکە سۆسێر وای دەبینێ، کە: زمان کۆمەڵێك یاسای هەڵێنجراوە لە زمانی گوتار. بەلأم

چۆمسکی پێی وایە: زمان بریتییە لەو توانایەی هەر تاکێکی کۆمەڵگا هەیەتی لە دروستکردنی ڕستەی نوێ، کە پێشتر نەیبیستووە، ئەم توانایەش ناودەنێ: (مەعریفەی زمانی). سەبارەت بە شیکاری شێوازگەری، قوتابخانەی وەسفی پشت بە یاساو بنەمای ئامادە دەبەستێت، بەڵام قوتابخانەی تەحویلی وای دەبینێت، کە: شێوازەکان داهێنراوی نوێوەبوون.

## ٨- جۆرج مۆنان

زمانەوان و شێوازگەرێکی فەڕەنسییە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی زاینییە، کتێبەکانی بریتینە لە: (تاریخ اللسانیات منذ نشاتها الی القرن العشرین)، (مدخل الی علم العلامات)و بێجگەی ئەوانەش.

جۆرج مۆنان دەڵێت: شێوازگەری به جیاوازی پێناسەکان بۆ شێواز دەگۆڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەند نمونەیەك دەخاتە ڕوو، لەوانە:

- شێوازگەرییەك هەیە لەسەر ئەو لادانە دادەمەزرێت کە شێواز لە خۆی دەگرێت، لادانیش وەکو بۆی دەچن: بریتییە لە دەرچوون لە شێوازی ئاسایی نێوان خەڵکی، لە قسەکانیاندا بۆ شێوازێك تیایدا واتایەك لە واتاکانی ڕوونی، یان سێبەر و ئاماژەیەکی تێدایە.

. شێوازگەریەکی تر هەیە لەسەر سنعەت دامەزراوە.

. شێوازگەریەکی تر لەسەر چۆنیەتی ئەوە دامەزراوە کە دەیڵێین، نەك لەسەر ئەوەی دەیڵێین.

. شێوازگەریەکی تر هەیە، ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە نووسەر، یان ئەدیب مانایەکی تری نوێ و فراوانتر لە مانای یەکەم، بۆ ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتیەکەی دەق زیاد دەکات، بەمە هەڵچوونێکی گەورەتر و کاریگەریەکی بەهێزتر بۆ دەقەکە درووست دەکات.

جۆرج مۆنان دەڵێت: (ئەوەیە لیسانیەکان ناوی دەنێن ئامارژە کەسییەکان، ئەوەش کارێکی تاکەکەسیی گۆڕاوە، دوورە لە بۆچوونی کۆمەڵایەتی). هەروەها دەڵێت: (تەعبیر هەرچۆنێك بێت، بەڵام لە خۆیدا تەوژمێك ئاماژە هەڵدەگرێت، داوای سنعەتێکی زیاتر لەسەر ئاستی لیسانی دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە، هەتاوەکو کاریگەر بێت).

## پڕۆگرام و ئاراستەكانی شێوازگەری

زۆربـەی ڕەخنــەگران لەســەرئەوە ڕێكـن، كـە پەیوەندییـەك هەیـە لـە نێـوان زمـانی نووســەرو كەسـایەتییەكەی، بۆیـە شـێوازگەری نـوێ چـەندین پڕۆگـرام و ئاراسـتەی شێوازگەری بەرهەمهێناوە، بۆ لێكۆڵینەوە لەو پەیوەندییە، لەوانە:

١. پڕۆگرامی وەصفی
٢. پڕۆگرامی فیلۆلۆجی
٣. پڕۆگرامی ئەركی (وەزیفی)
٤. پڕۆگرامی ئاماری

دەبــێ ئــەوەش بگــوترێ، كــە هــەر یەكــە لــەو پڕۆگرامانــە، بــە تــەنیا نــاتوانن لێكۆڵینەوەیەكی تەواو لە بارەی شێوازی هەر دەقێك لە دەقە ئەدەبییەكان بكەن، بەڵكو هەریەكـە لەوانـە كـار لەسـەر لایـەنێك دەكـەن و بەشـێك لـە ڕاسـتەقینە شـێوازییەكەی دەقەكان دەخەنە بەر چاو.. لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر ئەو پڕۆگرامانە.

### یەكەم: پڕۆگرامی وەصفی

ئەم پڕۆگرامە لە هەناوی زمانـەوانی نـوێ لـە دایك بـوو، ئـەو زمانەوانییـەی فردینانـد دی سۆسێر لە سەرەتای سەدەی بیستەم بنەماكانی داڕێشت، ئیدی ئـەو وەرچـەرخانە جۆرییـەی شـێوازگەرە وەصـفییەكان دایانهێنـا، ئـەوەبوو، هـاتن ڕووی پڕۆگرامـەكانی لێكۆڵینەوەی شێوازییان لە ڕووە مێژووییەكەیەوە گوازتەوە بۆ ڕووە وەصفییەكە، ئـەو ڕووە وەصـفییەی پێـی وایـە: زمـان مەلەكەیـەكی مرۆییـە، خـاوەنی سـێ ڕەهەندانـە، بریتینە لە: ڕەهەندی كۆمەڵایەتی، ڕەهەندی زەینی، ڕەهەندی مێژوویی. لەوەش زیاتر ئامـانج لـەوەدا كورتكرایـەوە، كـە لێكۆڵینـەوە لـە زمـان لـە خـودی زمانەكـە بـێ و لەبـەر خودی زمانەكە بێ.

ئەم پڕۆگرامە بە (شێوازگەری دەربڕین) (اسلوبیه التعبیر)یش دەناسرێ، فەلسـەفەی ئـەم پڕۆگرامـە لەسـەر بۆچـوونەكانی (بـالی) دادەمـەزرێت، بـە واتـا: ڕێبـەری پڕۆگرامـی وەصــفی (شــاڕل بالی)یــە، كــە یــەك لــە دیــارترین و بــەناوبانگترین قوتابییــەكانی (سۆسێر)ە.

## دیدی بالی بۆ شێواز

باڵی وای دەبینێ، کە پەیوەندی هەیە لە نێوان دەربڕین و بیرو سۆز، ئەو شێوازەش لە دەربڕین، کە بە شێوەیەکی تایبەت لە زمانی ئاخاوتندا پێشکەش دەکرێت، ئەوە ئاشکرا دەکات، کە: پەیوەندییەکی شێوازگەری لە نێوان شێواز و ئەو حاڵەتە عاتیفییەی غەمباربوون، یان سەرسامی، یان دڵخۆشی هەیە، کە شێوازەکە درووستی دەکات، بۆیە شێوازە گوزارشتکەرەکان بە نەزعەیەکی عاتیفی شاراوە لەنێو خۆیانەوە بارکراون، ئەوەش بووارێکە لە بووارەکانی لێکۆڵینەوەی شێوازگەری، بۆ نمونە: کاتێك کە بە فرمانی داخوازی داوا لە قوتابییەکان دەکرێت، ڕاهێنانەکان شیکار بکەن، دەکرێ بە هەر یەکە لەو شێوازانەی خوارەوە فرمانەکەیان بەسەردا بکرێت:

. ڕاهێنانەکە شیکار بکەن. (بە دەنگێکی هێمن)

. ڕاهێنانەکە شیکار بکەن. (بە دەنگێکی بەرز)

. هەر ئێستا ڕاهێنانەکە شیکار بکەن. (بە دەنگێکی توڕە)

. ناچنەوە تا ڕاهێنانەکە شیکار دەکەن. (بە دەنگی بەرزو توڕەوە)

. ڕۆڵەکانم ڕاهێنانەکە شیکار کەن. (بە سۆزەوە)

کاتێك قوتابیان خۆیان لە بەردەم هەریەکە لەو شێوازانەی سەروو دەبیننەوە، هەست دەکەن، هەر یەکەیان گرنگییەکیان هەیە، هەر یەکەیان بە جۆرێك کاریگەرییان لەسەر بەجێدێڵن، کە وەکو یەك نینە، بێگومان شێوازە پڕ سۆزەکە کاریگەرترە.

(باڵی) وای دەبینێ، کە سروشتی بەسۆزبوونی شێواز، ڕەگەزێکی چەسپاوە لە زماندا، بۆ ئەمەش ئەو دەربڕینانەی بەسۆزەوە دەکەونە بەر گوێ، دوو بەشن:

یەك: بەشێك لە خۆیدا شتێك هەڵدەگرێت و هیچی تێنەخراوە، کە ئەمە بە شێوەییێکی سروشتی گوزارشت دەکات لە هەڵچوونەکان، لە جۆری دەرکەوتنی دەنگ و شێوازی خستنەڕووی وشەو دەربڕنەکان دەردەکەوێت، وەکو بۆ نمونە: ناو بچووککردنەوە یان بۆ خۆشەویستییەو یان بۆ شکاندنە، کە ئەمە بە هۆی چۆنییەتی خستنەڕووی ئاوازی وشەو دەربڕینەکە دەردەکەوێت.

دوو: بەشێکیش بە سۆز و هەڵچوونەکان بارکراوە، کە ئەمە هەڵوێستی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە لەیەکجیاکان دەخاتەڕوو، زیاد لەوەی دەربڕینەکان دەیگەینن، ئەوانەش بۆ خۆیان بۆ زۆرێکی وەستەو حاڵەتەکان دەربڕینی تایبەتی خۆیانیان

هەیە، وەکو بۆ نمونە: هەندێ ڕەگەز، یان هەندێ خاوەن پیشە، بە جیا لە بێجگەی خۆیان زمان و دەربڕینە زمانییەکان بەکاردێنن.

پاش ئەمانە بالی دەڵێت: (ئەرکی شیوازگەری بەدواداچوونی شوێنپەنجەکانی بارکردنی گوتارە بە شێوەیەکی گشتی)، واتە: ئەرکی شیوازگەری ئاشکراکردنی لایەنی جوانی و قورسکردن و بارکردنی زمانی دەربڕینە، بەو شێوەیەی دەربڕینی بە هۆیەوە پڕ دەکرێت، لە شیعرییەت و شێوازی ناوازەو ناسك و بەهێزی جۆراوجۆر.

## ئاستەکانی لێکۆڵینەوەی شێوازگەری

شێوازگەرە وەصفییەکان، لە لێکۆڵینەوە وەصفییەکانی خۆیاندا خەریکی بەهاکانی دەربڕین بوون، وایانژمارد ئەم بەهایانەی دەربڕین، سەرچاوەیەکی گرنگن، وەصفی ئاستەکانی بیر و سۆز دەکەن، ئەوەتا بالی لەمڕووەوە دەڵێت: بابەتەکانی شێوازگەری بریتینە لە لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی دەربڕینی ئاخاوتن و کاریگەری ئەو دیاردانەی ئاخاوتن لەسەر هەستەکان، بۆیەش گوتی: پڕۆگرامی لێکۆڵینەوەی شێوازگەری پڕۆگرامێکی کاتییە. لەسەر ئەو بنامەیەشە وەها بۆ شێوازگەری بالی دەڕووانرێت، کە: شێوازگەرییەکی فرە بەشە، گرنگی دەدات بە کۆکردنەوەی توانا تەعبیرییە شاراوەکانی زمان، بەوەش بالی لێکۆڵینەوە ئەدەبییە خاوەن سروشتە تاکییەکانی لە کێڵگەی شێوازگەری دەرهێناو دووریخستەوە.

## بەرنامەی پڕۆگرامی وەصفی

شێوازگەرە وەصفییەکان بۆ ئەوە چوون، کە شێوازگەری لەسەر تەواوی زمان کار دەکات، هەر لە دەنگەوە تا بنیاتی ڕستە زۆر ئاڵۆزەکان. چونکە هەر دانەیەك لەوانە تایبەتمەندییەکی شێوازی لە زماندا دەخاتە ڕوو، بۆیە شێوازگەر دەبێ لە هەموو دەربڕینەکانی زمان بکۆڵێتەوەو هیچیان فەرامۆش نەکات.

## بنەماکانی پڕۆگرامی وەصفی

شێوازگەری وەصفی بەو پێیەی پڕۆگرامێکە لە پڕۆگرامەکانی شیکاری شێوازگەری، لە نێوەندی لێکۆڵینەوە شێوازگەرییەکاندا پایەیەکی گرنگ بۆ خۆی

داگیر دەکات، ئەمەش چونکە یەکەمین پڕۆگرامی شێوازگەرییە، کە وەکو پڕۆگرامێکی شیکاری تەماشای شێوازگەریی کرد، ئەو تیۆر و بیروڕایانەش کە شێوازگەری وەصفی خستنیە ڕوو، بووە هۆیەکی یارمەتیدەر بۆ دروستبوونی چەندین پڕۆگرامی دیکەی شێوازگەری، لە خوارەوە گرنگترین بنەماکانی ئەو پڕۆگرامەی شێوازگەری لەمانەی خوارەوە کورتدەکەینەوە:

١. پڕۆگرامی شێوازگەری وەصفی لە سەرەتادا گرنگی دا بە لێکۆلینەوە لە زمانی ئاخاوتنی گشتی، وەکو وشەو ڕێزمان، ئیدی پێشەنگە یەکەمەکانی ئەو پڕۆگرامەو بە تایبەتی شاڕل بالی (کە بنەما یەکەمینەکانی پڕۆگرامی وەصفی دانا)، گرنگییان بە بەکارهێنانە تایبەتییەکانی زمان، واتە: (شێوازە داهێنراوەکانی زمانی تایبەتی نووسین) نەدا، پێشەنگە یەکەمەکانی ئەو پڕۆگرامە (شاڕل بالی) و (س. ترۆتسکی) بوون، دواتر (لیوسپیتزەر) وەکو پڕۆگرامێکی شێوازگەری دەروونی ئەو ئاراستەیەی شێوازگەریەی بەرەوپێشبرد.

٢- شێوازگەرانی ئەم پڕۆگرامە لە شیکارە شێوازگەرییەکانیاندا لەو شوێنانەی دەقیان کۆلییەوە، کە ئاسانن و زۆر ئالۆز و گوماناوی و ناڕەحەت نینە بۆ تێگەیشتن و کارلەسەر کردن.

٣- ناوەڕۆکی ویژدانی زمان بە تایبەت لای بالی بابەتی سەرەکی شێوازگەری پێکدێنێت، کە مەبەست لێرەدا شێوازگەری زمانە، نەك شێوازگەری ئاخاوتن، چونکە بالی لە لێکۆلینەوەی خۆیدا لە دیاردە زمانییە تایبەت و پەیوەندەدارەکان بە ئاخاوتنی نەکۆلییەوە، بەلکو لە دیاردە شێوازییە زمانییەکانی کۆلییەوە، کە ئەمە لایەنی کۆمەلایەتی زمان پێکدێنیٚ، بەلام شێوازگەرە وەصفییە پێشکەوتووەکان، بە تایبەت لیوسپیتزەر لە شێوازگەری خۆیاندا لە شێوازی (تاك)یان کۆلییەوە.

٤- پڕۆگرامی شێوازگەری وەصفی دەربڕینی زمانیی وەکو ئامانج ناساند، کە لێیدەکۆلێتەوە، بۆ ئەوەی بزانیٚ چ بەهایەکی گوزارشتکاری و بۆچوونگەرایی لە هۆکارە جیاوازەکانی دەربڕینی زمانی وەدی دێن، کە ئەو بەهایانە بەستراونەتەوە بە بوونی گۆڕاوە شێوازییەکان (بوونی شێوەکانی جیاوازی گوزارشتکردن، وەکو: هاوواتاکان و دژەواتاکان و... هتد).

٥- پڕۆگرامی وەصفی لەسەر بنەمای تیۆری شێوازگەری دادەمەزرێت، کردەکانی گەڕان و لێکۆڵینەوەیشی لەسەر پڕۆگرامی لێکۆڵینەوە لە دەق و ڕێکخستنی مادەکان بە هاوکاری زانستەکانی دیکەدا لە شوێنی پێکگەیشتنیاندا بینا دەکات.

٦. ئامانجی لێکۆڵینەوە شێوازگەرییەکان شیکاری کاری ئەدەبییە، بۆیە زۆربەیان بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە ڕوودەکەنە وشەو واتاکەی (دال و مەدلول)، واتە: لە شێوەی دەرەوە بەرەو شێوەی ناوەوەی وشەکان دێن، ئەمە پێشتر بە تەنیا لەسەر دەربڕینی زمانی کورتدەبوویەوە، بەڵام دواتر فراوان کرا، بۆ ئەوەی کارە ئەدەبییەکانیش بگرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە کەرەسەو دیاردە زمانییەکانیان، یان لە ڕێگەی شوێنەوارە تەعبیرییەکانی هەر زمانێك لە زمانەکان، ئەمەش پشت دەبەستێت بە جیاوازیکردن لە نێوان تایبەتمەندییە مەنتیقی و تایبەتمەندییە عاتیفییەکانی زمان.

٧. لەسەرەتادا ناواخنی پڕۆگرامی شێوازگەری وەصفی ئەوەبوو، کە: شێوازگەری بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی گوزارشتکردنی زمان و کاری ئەو دیاردە زمانییانە لەسەر هەستەکان، بەڵام لە دواتردا ئەو ناواخنە گۆڕانی بەسەردا هێنراو فراوانکرا، بۆ ئەوەی هەموو کاری ئەدەبی بگرێتەوە.

٨. سروشتی جیاکەرەوەو زەقی زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی ئەم پڕۆگرامە سروشتێکی وەصفییە، لە حاڵەتەکانی شێواز لە ماوەیەکی دیاریکراو، یان لە لای نووسەرێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە.

٩- پڕۆگرامی شێوازگەری وەصفی شێوازەکانی دەربڕینی دابەشکردە سەر دوو بەشی سەرەکی، یەکیان ڕووتەو کارتێکراو نییە بە سۆز، کە ئەمە بنچە، ئەوی تریش کارتێکراوە بە هەستەکان و بەرژەوەندییە خودییەکان.

١٠. پڕۆگرامی شێوازگەری وەصفی وەکو باڵی بناغەی داڕێشت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی لە نێوان بیر و دەربڕین هەیە، لای قسەکەران، یان گوێگرەکان، چونکە تەواوی دەربڕینە زمانییەکان هەر چۆنێك بن، دەشێ تیشکێك لە تیشکەکانی بیر بخەنە ڕوو و کار لەسەر هەستەوەری بکەن، جا دەربڕین لەسەر ئەو بنەمایە بریتییە لە کردەیەك بە هۆی زمانەوە گوزارشت لە فیکر دەکات، لێرەشەوەیە لێکۆڵینەوە لە دەربڕینی زمانی دەوەستێتە سەر هەردوو پایەی بیر و زمان.

## دووەم: پڕۆگرامی فیلۆلۆلجی

ئاراستە یان ڕەوتێکی شێوازگەرییە، بە شێوازگەری (تاك) هەروەها بە شێوازگەری (نموونەیی)، هەروەها بە پڕۆگرامی (چنینی فیلۆلۆجی)ش دەناسرێت، خاوەنی ئەو ئاراستەیە (لیوسپیتزەر)ی شێوازگەرە.

## چنینی فیلۆلۆجی چییە؟

(چنینی فیلۆلۆجی) واتە پێکەوە گرێدانی زمان و ئەدەب و لێکۆڵینەوە لە هەردووکیان.

(ئولمان) وای ژماردووە کە ئەم تیۆرەی (لیوسپیتزەر) دەمانگەیەنێتە هاوبەندییەکی سێگۆشەیی، کە بریتییە لە پێکەوە بەستانەوەی جیهازی مێشك بە جیهازی فەلسەفی (زمان و ڕۆشنبیری) بە جیهازی شێواز.

(لیوسپیتزەر) لە کۆتاییدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە: شێواز بریتییە لە بەکارهێنانی کارەکی کەرەسەکانی زمان.

## کارنامەی پڕۆگرامی چنینی فیلۆلۆجی

ئەم ڕەوتەی شێوازگەری لە پەیوەندی (دەربڕین) بە (تاك) و ئەو کۆمەڵگایە دەکۆڵێتەوە، کە دەربڕینەکەی بەرهەمهێناوە، بەمەش دەبێتە شێوازگەرییەکی میعیاری و دروستکاری (تەکوینی)، دیسانەوە ئەم ئاراستەیە لەو هۆکارانەش دەکۆڵێتەوە کە بوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی دەربڕینەکان، بەمەش لە ڕەخنەی ئەدەبی نزیك دەبێتەوە، بۆ نموونە:

. لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ

قوببەی کشمیری دا بەر شەق وەکو گۆ... حاجی قادری کۆیی

کاتێك لە بەردەم نموونەیەکی وەها دەوەستینەوە، بە پێی ئەم ئاراستەیەی شێوازگەری دوو شت دەپرسین:

١. چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان شاعیر و ئەم دەربڕینە؟

٢. ئەو هۆکارە چی بووە، وای لە شاعیر کردووە لە ڕووی شێوازەوە، لادان لە زمانی ئاسایی و لە واقیعیش بکات و بەم شێوازە هونەرییە بەرهەمەکەی پێشکەش بکات؟

لە وەڵامدا دەڵێین : سەبارەت بە پەیوەندی شاعیر و دەربڕین: دیارە پەیوەندییەکی پڕ سۆزی (عاتیفی) هەبووە، وای کردووە شاعیر بەم شێوەیە شارەکەی خۆی بکاتە نموونە بۆ جوانی و بڵێت: کۆیە لە کشمیریش جوانترە لە بەهاراندا.

چونکە شاعیر ئەو کاتەی ئەمەی نووسیوە دوورە وڵات بووە و ئاگری سۆز و غەریبی بۆ وڵاتەکەی ئارامی لێ بڕیوە، بۆیە لە شارێکی جوانی وەکو (ئەستەمبۆڵ)دا ئارامی نەگرتووە و دڵی بۆ کۆیە لێیداوە، لەبەرئەوە هاتووە لە کشمیریشی تێپەڕاندووە، گوتوویەتی کۆیە لە کشمیریش جوانترە، هەرچەندە لە ئەدەبیاتدا وا هاتووە کشمیر نموونەی جوانییە و (بەهەشتی خوایە لەسەر پشتی زەوی)! ئەمە لە لایەک سۆز و خۆشەویستی شاعیر بۆ وڵاتەکەی دەردەخات، لەو لاوەشەوە پاساوی شاعیرە بۆ وەڵامی هەموو ئەوانەی گلەیی لێ بکەن، کە بۆچی لە شارێکی وەك ئەستەمبۆڵ قەرار ناگرێ و بۆ کۆیە دەگری.

باشە با وەها بێ کە کۆیە لە کشمیر جوانترە، کە ئەوە مەبەستی شاعیر بوو لە پەیامەکەی، بەڵام پرسیار ئەوەیە: بۆچی لادان و موبالەغەی کرد؟ یاری کردن هی مرۆڤە لە مرۆڤی وەرگرت و دایە شاری کۆیە، کشمیریش شارە، یان وڵاتە، ئەم وڵاتەی بە تۆپێکی سوك چواند، کە هەمیشە لە بەر شەقی یاریکەراندایە، هۆی ئەم لادان و موبالەغەیە چییە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: هۆی ئەم لادان و موبالەغەیە ئاشکرایە پەیوەندی هەیە بە فەلسەفەی گەیاندنی پەیام لە لای شاعیرەوە، بۆیە شاعیر وەها دەربڕینەکەی پێشکەش کردووە، تا بە هۆیەوە بتوانێ کاریگەری دروست بکات و بیرۆکەکەی لە مێشکی خەڵکیدا بچەسپێنێ.

### شێواز لە ڕووانگەی ( لیوسپیتزەر )

لیوسپیتزەر (لادان)ی کردە بناغەو پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندی شێوازی، کە ئەمە هەروەها دەبێتە هۆیەك بۆ خەملاندنی قوڵی و چڕی شێوازەکان و پلەی سەرکەوتنیان، چونکە هەموو شێوازێك شێواز نییە و شتێکی نوێ پێشکەش

ناکات، تا بە هۆیەکی کاریگەری و سەرکەوتن بژمێردرێت، بەڵام گرنگی بە شێوازە ناوازە و تایبەتییەکان دەدرێت، ئەوانەی بەری لادانێکی هونەری جوان و سەرنج ڕاکێشن، چونکە ئەمان دەتوانن کاریگەری دروست بکەن و دەقی داهێنانی بەرهەم بهێنن.

بۆ پراکتیک کردنی ئەمە، (لیوسپیتزەر) دێت کۆمەڵێك دەربڕین دێنێت و بەوە بەراوردیان دەکات، کە ناوی ناوە (بلیمەتی داهێنەرانە لای ئەدیب)، ئیتر (لیوسپیتزەر) وای دەبینێ، کە: شێوازگەری ڕاڤەی بەکارهێنانی ئەو شێوازانە دەکات، کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی ئەو دەربڕین و ڕەگەزە تایبەتییانەی زمان، کە لە ڕێگەی زمانی دەقەوە پێمان دەگەن، ئەوەی لە تواناشی دایە جۆری ئەو بەکارهێنانە ئاشکرا بکات، بریتییە لەو لادانە شێوازییانەی تاك، کە لادانە لە بەکارهێنانی زمان.. بۆ نمونە:

. لە لێوار حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون

ساوان ئەلەرزن لە تاو نقوم بوون... گۆران

لەم دێڕەدا چەند تایبەتمەندییەکی شێوازی بەدی دەکەین، کە بە هەموویانەوە ئەو دەقە جوانەیان بەرهەمهێناوە:

١. شێواز لێرەدا ئاسایی نییە بەری لادانێکی تایبەتە.

٢ـ دەقەکە کاریگەرییەکی جوان لەسەر خوێنەر بەجێدێڵێ، چونکە دەربڕینێکی نوێیە.

٣. بیرکردنەوەیەکی باش پێویستە، تا خوێنەر دەگاتە ئەو فەزایەی، لەوێدا شاعیر وێنەکەی درووستکردووەو بە لادان لە واتای تایبەتی وشەکانەوە، تابلۆ تازە ئەدەبیەکەی بەرهەمهێناوە.

## لادان لە ڕوانگەی (لیوسپیتزەر)

لە ڕوانگەی پرۆگرامی چنینی فیلۆلۆجی، یان ئەم تیۆرەی (لیوسپیتزەر)ەوە دەشێ بە بەدواداچوونی ئەم هەنگاوانە لە لادان تێبگەین:

١. لێکۆلەر سەرەتا دەبێ بێت لادانی شێوازەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی ئاسایی زمان دەستنیشان بکات و لێکیان جیا بکاتەوە، واتە دەریبخات کامە دەربڕین ئاساییە

و كامە شێوازێکی تایبەتە، چونکە بەمە دەردەکەوێت کە شێوازە تایبەتەکە بەری داهێنان و لادانێکی تایبەتە، یان نا.

٢ـ ئەو لادانانەی دەردەکەون نرخی تایبەتی خۆیان بۆ دابنرێ و ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کە هەریەکە لەم لادانە تایبەتانە چ واتایەکی نوێ پێشکەش دەکەن.

٣. پێکەوە گونجان و هەماهەنگی هەبێ و خوێنەریش بتوانێ پەیان پێببات، کە لە نێوان لادانە تایبەتییەکان و شێوازی ئاخاوتنی ئاساییدا هەنە.

## جیاوازی شێوازگەری ( لیوسپیتزەر ) لە ئاراستەکانی تری شێوازگەری

(لیوسپیتزەر) کە لادانی هێنایە ناو لێکۆڵینەوە شێوازگەرییەکان مەبەستی ئەوە بوو بە هۆیەوە تایبەتمەندییەکانی شێواز، ڕاڤە بکات، بەڵام دوای ئەوە کاری بۆ ئەوە کرد، کە بە تەواوی بە دوای بنەما ڕۆحی و سایکۆلۆجییەکانی ئەو تایبەتمەندییانەدا بگەڕێت. بۆیە ئەوەی شێوازگەری (لیوسپیتزەر) لە ئاراستەکانی تری شێوازگەری جیا دەکاتەوە ئەوەیە: بە لای (لیوسپیتزەر)ەوە زمانی ئەدەبی لە دوو ڕەهەندی جەمالی و دەروونی بەری لادانە لە زمانی ئاسایی خەڵکی.

## لێکچوونی شێوازگەری ( بالی ) و شێوازگەری ( لیوسپیتزەر )

هەردوو ئاراستەی شێوازگەری (بالی) پڕۆگرامی وەصفی و شێوازگەری (لیوسپیتزەر) پڕۆگرامی چنینی فیلۆلۆجی، لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە هەردووکیان لە دەقدا بەدوای بنیاتی زمانی و ئەرکەکانی ئەو بنیاتیە زمانییە لە ناو سیستمێکی زمانیدا دەگەڕێن، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەردووکیان کارتێکراون بە قوتابخانەی زمانەوانی (سۆسێر).. بۆ نمونە:

. مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو
زەردە لە ترسی قاسپەقاسپی کەو... گۆران

لەم دێڕەدا:

جێماو: تایبەتە بە مرۆڤ، دراوە بە مانگ، لادانی واتاییە.

سەفەر: هی مرۆڤە دراوەتە شەو، لادانی واتاییە.

ترس: هی مرۆڤە دراوەتە مانگ، لادانی واتاییە.

دەبێ ئەوە بڵێین: بەلای هەردوو پرۆگرامەوە ئەو دەقە جوانەو شیاوی لێکدانەوەی شێوازگەرییە، چونکە بە لادانی تایبەت پێکەوەنراوەو شێوازێکی تایبەتی لە دەربڕین بەرهەمهێناوە.

## ئامانجی (لیوسپیتزەر) لە بۆچوونە شێوازگەرییەکانی

وا پێدەچێ (لیوسپیتزەر) ئامانجی ئەوە بووبێت پردێك لە نێوان لیسانیات و مێژووی ئەدەب دروست بکات، بۆیە لە پەیوەندییەکانی دەربڕین بە تاك و کۆمەڵگای کۆڵییەوە، هەر لە ماوەی دەربڕینیشیەوە لەو هۆکارانەی کۆڵییەوە، کە ئەو جۆرە دەربڕینانەیشی دروست کردووە.

ئەم ئاراستەی شێوازگەری دەشێت ناوێکی تریشی بنێین، کە ئەویش (بۆچوونگەرایی)یە، ئەمەش لەبەرئەوەی تەواوی بنەما تیۆری و زانستییەکانی ئەم ئاراستەیە لە خودییەتی شیکارکردندا نغرۆ بوونە و هۆکارەکانی بە شتێکی ڕێژەیی دەستنیشان کردووە، خۆشی دوور خستۆتەوە لەو عەلمانییەتەی لێکۆڵینەوەی شێواز، کە (بالی) بڕوای پێی هەیە.

ئەوەتا (لیوسپیتزەر) تیۆری (چنینی فیلۆلۆجی) دانا، کە ئەمە بە تەواوەتی هەڵناسەنگێندرێ، تەنها مەگەر بە تەرازووی خەملاندنە دەروونییەکان بێت.

## ڕێگەی (لیو سپیتزەر) لە شێوازگەریدا

ڕێگەی (لیوسپیتزەر) لە شێوازگەریدا بە یەکێك لە تایبەتمەندییە زەقەکان جیا دەکرێتەوە، کە پێی ناونراوە، ئەویش بریتییە لە چینی فیلۆلۆجی، چونکە (لیوسپیتزەر) بۆ ئەوە کۆشاوە، کە لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و زمان پێکەوە کۆبکرێنەوە، بە شێوەیەك شێوازگەر خۆی بخاتە ناوەوەی کاری ئەدەبی، دواتر کلیلەکانی بە دەستەوە بگرێت، کە بریتینە لە ڕەسەنایەتییەکانی وێنەی زمان و شێوازی بەهێز، ئەمەش بۆچوونێکی تایبەتبوو خرایە نێو بۆواری لێکۆڵینەوە شێوازگەرییەکان.

## پوختەی بەرنامەی (لیوسپیتزەر)

دەکرێ تەواوی بەرنامەی (لیوسپیتزەر) بۆ شێواز و شیکاری شێوازگەری لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١ـ ڕەخنە لە کاری ئەدەبییەوە سەرچاوە دەگرێت، شێوازگەریش بە هەمان شێوە لەسەر کاری ئەدەبی کورت دەبێتەوە، کەوابێ نزیکییەك هەیە لە نێوان هەردووکیان، بەڵام لە هەمان کاتدا هەردووکیشیان ڕێگەی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە کارە ئەدەبییەکان، ئەمەش خاڵی جیاوازی نێوان ڕەخنە و شێوازگەرییە.

٢. شێوازگەری پێویستە وەکو ڕەخنەیەکی بەسۆز بێ، یانیش شێوازگەری جۆرێکی ترە لە ڕەخنە، چونکە هیچ هۆکارێك نییە بۆ تێگەیشتن لە کاری ئەدەبی تەنها شێوازگەری نەبێ، ئەویش لەبەر ئەوەی کاری ئەدەبی وەکو گشت تەماشا دەکات و هیچ بەشێکی فەرامۆش ناکات لە کاتی لێکۆڵینەوەدا.

٣ـ کاری ئەدەبی گشتێکی پێکەوە گرێدراوە، لەیەك جیاناکرێتەوە، سەنتەرەکەی ڕۆحی نووسەرەکەیەتی، کە بە پرەنسیپی پێکەوەبەستانی ناوەکی دادەنرێت، ئەم ڕۆحەش وەکو خۆر وایە لە سیستمی کۆمەڵەی خۆر، هەموو شتەکان بەرەو خۆی کێش دەکات.

٤. پێویستە هەموو بەشێکی کارە ئەدەبییەکە خوێنەر بەرەو سەنتەری کارەکە ببات، چونکە هەموو بەشێك لەبەر هۆیەك هێنراوە و لەگەڵ هەموو بەشەکانی تر یەکتری تەواو دەکەن، تەنانەت دەشێ بەشێك هەبێ هەموو بەشەکانی تر بکاتەوە.

٥. هەر پێکهاتەیەکی ئەدەب، کە وەکو سیستمی خۆری چوواندمان، پێکهاتووە لە چەندین کاری ئەدەبی جۆراوجۆر و دەچێتە نێو سیستمێکی دیکەی فراوانتر لە خۆی، ڕۆحی نووسەریش وێنەیەکی بچکۆلانەی ڕۆحی میللەت دەبێت.

٦. ئەم لێکۆڵینەوە شێوازگەرییە، کە لە یەك لە پێگە زمانەوانییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەگەرچی ئاسایی بووە لە هەر لایەنێکی دیکەی کاری ئەدەبی بکۆڵیبایەوە، بەڵام ئەگەر لە بێجگەی بنیاتی زمانی لێکۆڵینەوەی بکردبووایە، ئەوساکە پێی نەدەگوترا: لێکۆڵینەوەی شێوازگەری.

٧. شێواز جۆرێکە لە دەرچوون لە بەکارهێنانی ئاسایی زمان.

٨ـ هۆكـاری گەیشـتن بـە كـاری ئـەدەبی بریتییـە لـە چـەندانێك لەوانـە (مەعریفـەی سروشـتی، ڕووانـین لـە گۆشـەنیگای لەیـەك جیـا، دەركێشـان، بـەهرە، ئـەزموون، بڕوابوون).

## سێیەم: پڕۆگرامی ئەركی (وەزیفی)

ئەم پڕۆگرامە لە سێ سەرچاوانەوە سەرچاوە دەگرێت، بریتینە لە: (شێوە ، ئەرك ، سیاق)، ئەوەش چەمكێكی سێ ڕەهەندییە بۆ ئەو زمانەی، لەسەر بنەمایەوە شیكاری دەقی ئەدەبی دەكرێت، لێرەوە پێویستی وا دەخوازێت، سەرەتا تیشك بخەینە سەر تیۆری پەیوەندی لای یاكبسن، دواتریش ئینجا تیشك بخرێتە سەر سیماو ڕووالەتە تایبەتییەكانی ئەو پڕۆگرامە.

یاكبسـن بـۆ ئـەو تیـۆرەی خـۆی پشـتی بـە بیروڕاكـانی زانسـتی پەیوەنـدی لـە چوارچێوەی لێكۆلینـەوەكانی ئەندازیار (شانون) بەست، كە شانون پسپۆڕی بواری تەلیگراف بوو، كە پەیوەندی لە لای ئەوەوە وەها پێناسە دەكرا: بریتییە لە گەیاندنی زانیاری بە هۆی هۆكارە نێرەرەكان لە ڕێگەی تۆڕێكی جۆراوجۆر، وەكو شەپۆلییە دەنگییـــەكان و زەبزەبـــە كەهرەباییـــەكان و شـــێوە بینراوەكـــانی نێـــو نامـــە دەستنووسراوەكان.

یاكبسـن هـات ئـەم تیـۆرەی پەیوەندییـەی گوازتـەوە بـواری زمـان، بـەو پێیـەی سیسـتمێكی بەڵگەییـە گوزارشـت لـەو بیرانـە دەكـات، كـە لـە مرۆڤـەكانی نێـوان كۆمەڵەیـەكی زمـانی دیـاریكراوداو لـە چوارچـێوەی مەرجـە كۆمەڵایەتییەكانـدا هەیـە، وەكو سۆسێر ئاماژە بەوە دەكات.

لێـرەوە دەكـرێ چـەمكی گەیانـدن بـەوە سـنووردار بكـەین، كـە: بریتییـە لـە گوزارشتكردن لەو بیرەی وشەی گۆكراو، یان نووسراو دەیگەینێت، كە لە بنجدا پشت دەبەستێت، بە بوونی چالاكی زمانی نێردراو لە لایەن قسەكەرەوە، لەگەڵ چالاكییەكی هاوشێوە لە لای قسەبۆكراو، بە بەرچاوگرتنی ئەوەش ئێمە دێین دوو شت وەردەگرین و پێكەوەیان بەراورد دەكەین:

یەکەم: بەشێکی دەربڕین، زارەکی بێ، یان نووسراو، لە چوارچێوەی یاسا چەسپاوەکانی زمان، لە زمانێکی دیاریکراوەوە.
دووەم: ئەو هەست و سۆزەی لای قسەبۆکراوە، کە بە پێویستی دەبینی لە نێو دەربڕینەکاندا زەقببنەوە.

## نمونەی پەیوەندی لای یاکبسن

(یاکبسن) لە تیۆرەکەی خۆی ڕای لەسەر ئەوە کورتکردەوە، کە پەیوەندی زمانی لە ڕێگەی شەش ڕەگەزەوە بەرهەم دێت، کە هەر ڕەگەزێك لەو شەش ڕەگەزانەی پەیوەندی ئەرکێکی زمانی بەرهەمدێنێ.
بە واتا: یاکبسن ئەم ڕایانەی لە تیۆری هەواڵ و جیهازی قسەکردنەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو پێی وابوو جیهازی قسەکردن و پەیوەندی دروستکردن لە شەش ڕەگەز پێك دێت، ئەوانیش شەش ئەرکی زمانی بەرهەمدێنن بریتینە لە:

### ١ـ نێرەر (المرسل)

ئەمە بریتییە لە کەسی قسەکەر، یان نووسەر، کە پەیامەکەی پێشکەش دەکات، ڕۆڵی سەرەکی و بنجی هەیە لە پڕۆسەی گەیاندن، چونکە هەر خۆی توانای ئەوەی هەیە، بیرۆکەکانی خۆی لە ڕێگەی کەناڵ و کەرەسەکانی زمانەوە بە هەر شێوازێکی زمانی و ئەدەبی بییەوێ، بگەینێتە بەرامبەر.. بۆیە نێرەر لەوەی گوزارشتی لێ دەکات ئەرکی تەعبیری دروست دەکات. بۆ نموونە:

. حاجی کەسێکە بێکەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ
گوێی لێدەگرن زەریفە ناگرن بەلاّ لەخۆتان... حاجی قادری کۆیی

لێرەدا دەبینین حاجی قادری کۆیی گوزارشت لە هۆی شیعر نووسینی خۆی دەکات و بۆ خوێنەری ئاشکرا دەکات، کەوا دەیەوێ چ بڵێ، زمان و شێوازەکەی پڕ لە هەڵچوون و توڕەییە، گەرمی لێوە دەخوێنینەوە، هەست دەکەین لە بارێکی دەروونی چەند ناڕەحەت و ماندوودا دەژی، لە کاتێکدا ئەم دێرانەی نووسیوەتەوە، بۆیە بارە دەروونییەکە وای لێکردووە وەها بدوێ.

**٢ـ بۆ نێردراو**

ئەمە کەسی خوێنەر، یان قسەبۆکراوە، یان بینەرە، ئەمەش دووەم پایەی سەرەکییە لە پڕۆسەی گەیاندن، چونکە پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان سێ پایە سەرەکییەکانی پڕۆسەی گەیاندن: (نێرەر ـ بۆنێردراو ـ پەیام)، دیارە ئەو پەیامەی دەگاتە بۆنێردراو بەو شێوازە زمانی و ئەدەبییە، بەو زمان و بەو فۆڕمە تایبەتییە پێشکەشی بۆنێردراو دەکرێت، کە بۆنێردراو پەسندیەتی و لەگەڵ توانا ئەقڵی و گرنگیدانە ڕۆشنبیری و پێویستییە هەنووکەییەکانی دەگونجێت، بۆیە نێرەر هەوڵی ئەوەیە ڕەچاوی ئەو بارانە بکات، تا پەیامەکەی بە باشترین و سەرکەوتووترین شێوە بگەیەنێتە بۆنێردراو، چونکە بۆنێردراو ئەرکی تێگەیشتن دەبینێ، ئیتر نابێ وەکو ڕۆشنبیرێکی گەورە بۆ کرێکارێك و وەکو گەورەیەك بۆ منداڵێك و وەکو نووسەرێك بۆ قوتابییەك ئاخاوتن پێشکەش بکات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمە ڕاستییەی سەروو، دەگوترێت: پەیامی مامۆستا لە دەرسە تایبەتییەکانی لە زانکۆوە دەبێ جیاواز بێ لەوەی بۆ قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندی پێشکەشی دەکات، ئەوەیشی بۆ دکتۆرا پێشکەشی دەکات، دەبێ جیاواز بێ لەوەی بۆ بەکالۆریۆسی پێشکەش دەکات، ئەگەریش خەتیبێك خوتبەی ئاینی خوێندەوە دەبێ وشیارتریش بێ و وردتریش خوتبەکە پێشکەش بکات، چونکە لەنێو گوێگرەکانی ئاستی ڕۆشنبیری لەیەکجیا هەیە، ئەوان بۆنێردراون و ئەرکی تێگەیشتنیان دەکەوێتە سەر، خۆ ئەگەر نێرەر وەهای نەکردبێ، ئەوان چۆن تێبگەن؟ مادام ڕاستییەکەش وەهایە، کەوابێ نێرەر ناچارە ڕەچاوی باری ڕۆشنبیری بۆنێردراوانی بکات، چونکە مەبەستی نێرەر ئەوەیە بۆ نێردراوەکانی بگەیەنێتە هەمان ئەو ڕوئیایەی خۆی بۆی درووستبووە، بەم شێوەیەش بۆنێردراو وا لە نێرەر دەکات شێوازی جۆراو جۆر بەرهەم بێنێت.. بۆ نمونە لەم پارچانەی خوارەوە ورددەبینەوە:

١. هەرمێ لاسوورەم

ڕەنگم جوانە

هی ئەو وڵاتەم

کە کوردستانە... ئیدریس عەبدوڵڵا

٢. زۆر کەس پەروانەن بۆ شەم جەماڵ

**با منیش ببمە سفتەی جەماڵ... پیرەمێرد**

**ئەگەر لەم دوو پارچە شیعرەی سەروو وردبینەوە، لە یەکەمیاندا دەبینین پارچە شیعرێکی منداڵانە، ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:**

**١. وشەکان بۆ واتای درووست هاتوونە.**

**٢. واتا ڕوونەو چ نادیارییەك لە واتادا نییە.**

**٣. هیچ وشەیەك وەکو ڕەمز، یان بە واتاکانی: خواستن و خوازەو درکە نەهاتووە.**

**٤. بیرۆکە ئاشکرایەو بە ئاسانی گەیشتووە.**

**٥. بابەتەکە باسی هەرمێیە، کە ئەمە لە چوارچێوەی حەز و خۆشەویستی دونیای منداڵییە.**

**هەموو ئەوانە شیعرەکە دەکەنە شیعری منداڵان، باشە ئەم جۆرە شیعرە بۆ درووستبووە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: چونکە دیارە ئاشکرایە شاعیر کە هۆنراوەکەی داڕشتووە، خوێنەرەکانی خۆی لەبەر چاو بووە، ڕەچاوی ویست و حەز و پێویستی و ئاستی بیرکردنەوەو فەرهەنگی ڕۆشنبیری و زمانی منداڵانی کردووە، بۆیە بەم شێوەی نووسیوە.**

**بەڵام ئەگەر تەماشای پارچەی دووەم بکەین، کە دێرە شیعرێکی پیرەمێردی شاعیرەو تیایدا گوتوویەتی:**

**. زۆر کەس پەروانەن بۆ شەم جەماڵ**

**با منیش ببمە سفتەی جەماڵ**

**لەم دێڕەدا زیاتر لە تایبەتمەندییەکی جیاواز دەبینین لە تایبەتمەندی پارچەی یەکەم، تایبەتمەندییەکانی ئەم دێڕە شیعرە، دەتوانین لەمانەی خوارەوە کورتبکەینەوە:**

**١. وشەکانی (پەروانە) و (شەم جەماڵ) و (جەماڵ)ی دووەم هەموویان بۆ واتا جیا بەکارهێنراون.**

**٢. نیوە دێڕی یەکەم: (زۆر کەس پەروانەن بۆ شەم جەماڵ) ئیدیۆمێکی تایبەت و داهێنراوی شاعیرە، واتە: زۆرکەس وەکو پەروانە بە دەوری کچێکی جوانی وەك چرا دەسووڕێنەوە.**

**٣. نیوه دێڕی دووەمیش: (با منیش ببمە سفتەی جەماڵ)، دیسانەوە ئیدیۆمێکی تایبەت و داهێنراوی شاعیرە، واتە: با منیش ببمە سووتاو و قوربانی جوانێکی تایبەت، کە (جوای و جەمالی خودای تاك و تەنهایە)، جوانییەکەی لە سەرووی هەموو جوانییەکانە، چونکە ئەگەر خەڵکی بۆ کچێك ببنە قوربانی، درووست ئەوەیە من بۆ خودا ببمە قوربانی و بە حەزی عەشق و خۆشەویستی خوداوە بژیم و بمرم.**

**ئەم تایبەتمەندییانە، لە ڕاستیدا بۆ خوێنەرێك کە لە ئاستێکی ڕۆشنبیری بەرزدا نەبێت، ئاسان نییە تێگەیشتن درووست ببێت، بۆیە ئەم دێڕە شیعرە بۆ نوخبەیەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبدۆست نووسراوە، شاعیریش کە ئەمەی نووسیوە، زانیویەتی خوێنەرانی لە ئاستێکی بەرزن و بۆ خەڵکێکی ڕۆشنبیر دەنووسێت، نەك بۆ منداڵ، بۆیە بەم شێوەی نووسیوەو وەکو پارچەی یەکەمی نەنووسیوە، کە بۆ منداڵ نووسرابوو.**

## پەیوەندی شێواز بە بۆنێردراو

**قسەکردن لەسەر شێواز و بەستنەوەی بە بۆنێردراو بەر لە شێوازگەری هاوچەرخیش کەوتووە، لە کۆنەوە ئەفلاتون و ڕەوانبێژانی عەرەب تیشکیان خستۆتە سەر، عەرەبەکان بە (ڕەچاوکردنی حاڵ و مەقام) ناوزەدیان کردووە، (ئیلیۆت)یش هەمان شتی ئاماژە بۆ کردووە، گوتوویەتی: (قەسیدە دەکەوێتە شوێنێکی ناوەند لە نووسەر و خوێنەر). بۆیە بۆنێردراو بەوەندە وازناهێنێ لە قەسیدەکە تێبگات، بەڵکو هەوڵدەدات وەکو عەقڵ و ویژدان ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا بکات، کە ئەمەش لە ڕێگەی ژیان لەگەڵ هەلومەرجی قەسیدەکە بەرهەم دێت، بە هەموو ئەو بیرو هەست و هەڵوێست و ئاراستانەی لەخۆیان دەگرێت، کەوابێ کاری بۆنێردراو لەم سۆنگەیەوە هەر بە تەنیا بەدەستهێنانی چێژێکی جەمالی ڕووت نییە، بەڵکو کردەوەیەکی بەشداریکردنە، لەسەر درووستبوونی گفتوگۆ لە نێوان نێرەر و بۆنێردراو دادەمەزرێت، ئەمە وا دەکات ئاسۆیەکی فراوانتر لە بەردەم بۆنێردراودا بکەوێتە سەر پشت بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دەقەکە، (بارت) لەمەدا زێدەڕۆیی زیاتری کرد، تا گەیشتە ئەوەی نێرەرو بۆنێردراوی خستنە یەك پایە، لەسەر خوێندنەوەی بەرهەمهێن بۆ دەق و بەرهەمی خوێنراوی نووسی و گوتی: دەق بەو شێوەیە قسە دەکات، کە بۆنێردراو**

دەیـەوێت، چـونکە نووسـەر کـە شـتێك دەنووسـێت، ئـەوە دەنووسـێت، کـە خوێنـەر دەیـەوێت، نـەك ئـەوەی خـۆی دەیـەوێت، چـونکە بـیر ئێمـە دەنووسـێتەوە، نـەك بـە پێچەوانەوە ئێمە بیرۆکەکان بنووسینەوە.

ڕۆڵی بۆنێردراو لە لێکۆلینەوەی شێوازگەری و پێدانی هەموو ئەو گرنگییە، لەوەی کەوا بۆنێردراو تێنەگەیشتن و ئاڵۆزی و خۆنەدانە دەستی هەندێ دەربڕین و هەوڵدان بۆ تەفسیرکردنیان و کرانەوەی بەسەر چەندین فەزای لەیەك جیاو هەموو ئەوانە لە دەق قەبول نەکات، پەیوەندییەکی بەهێزی بە پڕۆسەی ڕەخنەییەوە هەیە، لێرەشدا سەرکەوتنی نێرەر بە سەرکەوتنی بۆنێردراوەوە بەستراوەتەوە. ئەمەش بەو بیرەی یاکبسن دەبەستریێتەوە، کـە ئـەو بـە موفاجەئـەی ناودەبات، واتـە: بەرهـەمێنانی چاوەڕوواننەکراو لە چاوەڕووانکراودا، واتە: سەرکەوتنی نێرەر لە وشیارکردنەوەی زەینی بۆنێردراو، لە ڕێگەی پەنابردن بۆ چاوەڕوواننەکراو لە ماوەی ئەو شتەی، کە لە دەرسی بەلاغی و شێوازگەری بە لادان ناوزەد دەکرێت و بریتییە لە (خواستن و خوازەو ...).

## ٣ـ پەیـــــام

ئـەو ناوەڕۆکەیـە، کـە هێمـا زمانییـەکانی دەق لـە خـۆی دەگـرن، لەمـەدا ئـەرکی بەرهەمهێنانی شیعرییەت وەدی دێت، ئەوەش ئەو کاتەی کە پەیام لە خودی خۆیدا ئامانج بێت، تەنیا گوزارشت لە خۆی بکات وای لێبێت هەر خۆی گرنگیدەر بێت بە خۆی.

## پەیوەندی نێوان شێواز و پەیام

ئـەو پەیوەندییـە پەیوەندییـەکی جەوهەرییـەو لـە نێرەرێکـەوە بـۆ نێرەرێکـی دیکـە دەگۆڕێت، چونکە دەق لە دایکبووی شێوازە، شێوازیش هەڵبـژێردراوی نێرەرە، بە پێی ئەو توانا زمانی و ڕۆشنبیرییەی بۆ داهێنان هەیەتی، بەمەش لە هەر شوێن و کاتێك و لە لای هەر یەکە لە داهێنەرەکان، جۆرێك لە پەیام دروست دەبێت، جیایە لەوەی لای یەکێکی دیکە بەرهەمهاتووە،

## تێبینی

دەبێ ئەوە بڵێین ئەم سێ ڕەگەزانەی پەیوەندی سێ ڕەگەزە سەرەکییەکانی پەیوەندین، لای زۆربەی شێوازگەرانی تریش هەر بە بنەمای بنجی دانراون، بەڵام سێی دیکەش لای یاکبسن دەستنیشانکراون و بۆ ئەمانەی سەروو زیادکراون، کە ئەمانیش ئەو سێیانەی خوارەوەن، ئەمانە لاوەکینەو سەرەکی نین، بریتینە لە:

## ٤ـ سیاق (درێژەی دەربڕین)

سیاق ئەو ڕێگەیەیە، کە بە هۆیەوەی کردەی گەیاندن ئەنجام دەدرێت، بەمەش سیاقی بەرهەمهێنانی دەق و سیاقی دەق و سیاقی وەرگرتنیش دەگرێتەوە، لەمەدا ئەرکی بۆ گەڕانەوەیی (مەرجەعی) دەبینرێ، کە ئەمەش ئەو ئەرکەیە ئەو کاتەی زمان دەبێتە هێما بۆ ئەوەی گوزارشت لەو شتانە بکات، کە مەبەستە لەبارەیانەوە هەواڵێك بدرێت، ئەو کاتە ئەرکی هەواڵ گەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی سیاق.

دیارە پەیوەندییەکی هاوبەش هەیە لە نێوان سیاق و دەقدا، سیاق مەرجی سەرەکییە بۆ بۆ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی (دەق / پەیام) بۆیە پەیام بە ڕۆڵی خۆی، چار نییە دەبێ بدرێتە پاڵ سیاقی هەر مەرجەعێکی زمانی، یان سەرووی زمانی، جا دەشێ ئەو مەرجەعە درووست بێ، وەکو ئاخاوتنە پشت ئەستور بە بەڵگە نەقڵی و ئەقڵییەکان، یانیش دەشێ پڕووپووچ و نادرووست بێ، وەکو ئەفسانەکان.

## ئاستەکانی سیاق

سیاق دوو ئاستی هەیە، ئەوانیش بریتینە لە:

یەك: ئاستی سیاقی زمانی دەق: ئەمە چوارچێوەی زمانی دەگرێتەوە، بە تەواوی ئاستەکانی: دەنگسازی، وشەسازیی، ڕستەسازی، واتاسازی، فەرهەنگی، نووسراوی، هەروەها چوارچێوەی دارشتنیش دەگرێتەوە، وەکو: کورتکردنەوەو درێژکردنەوەی ڕستەکان، پەیوەندی دەق بە دەقەکانی ترو....

دوو: ئاستی سیاقی دەروەوەی دەق: ئەمە چەرخ و ڕێبازە ئەدەبییە یارمەتیدەرەکانی درووستبوونی دەق و پەیوەندی نێوان نێرەرو بۆنێردراو و ئەو هەل

و مەرجـەی دەوری بەرهــەمهاتنی دەقەکــەو هــەموو ئــەوە دەگرێتــەوە، کــە دەشــێت کاربکەنە سەر بەرهەمهێنانی دەق و خستنە ڕووی، بەمـەش دیارە لێرەشدا دیسانەوە گەڕانەوە بۆ سیاق دەبتەوە مەرجێکی سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی دەق.

## تایبەتمەندییەکانی سیاقی کارا

سیاقی کارا بە چەند تایبەتمەندییەکەوە دەناسرێتەوە، چونکە بەوانەوە کارایی بۆ درووست دەبێت، ئەوانیش بریتینە لە:

أ ـ لایەنــە پەیوەنــددارەکان بــە نێــرەرو بــۆنێردراو، کــە ئەمــە کــردەی گوتــەیی و ناگوتەییش دەگرێتەوە.

ب ـ لایەنە پەیوەنددارەکان بە بابەت و تێکست، وەکو: حەواڵەکردن و گریمانـەو واتا شاراوەکانی ناوەوە، کە بە ئاشکرا دیار نینە.

ج ـ کاریگەری کردە گوتەییەکە (کارتێکردن و کارتێکراوبوون).

## ٥ـ کەناڵی پەیوەندی

ئەمـە ئـەرکی ئاگادارکردنـەوە و سـەرنج ڕاکێشـان دەبینـێ.. خـۆی لـە سـوور بـوونی هـەردوو لایـەنی جیهـازی قسـەکردن (نێـرەر و بۆ نێـردراو) لەسـەر مانـەوەی پەیوەنـدی نێوانیـان و چـاودێری کردنــی پرۆسـەی گەیانـدن و دڵنیـابوون لـە سـەرکەوتنی ئـەم پرۆسـەیە دەوەسـتێت، بـۆ ئەمـە زۆر جار هەنـدێك دەربـڕین دووبـارە دەکرێنـەوە وەکـو دەربڕینەکانی:

ـ تێگەیشتی چیم گوت

ـ ئایا گوێت لێمە

ـ دەزانی مەبەستم چی بوو) و چەندین دەربڕینی تری هاوشێوە.

کەوابێ: کەناڵی پەیوەندی تاکە هۆکارە کە نێرەرو بۆنێردراو لـە پرۆسـەی گەیاندندا پێکەوە دەبەستێتەوە، جا شێوەی ئەو پەیوەندییە: نووسـراو بێ، زارەکی بێ، بینـراو بێ، بیسراو بێ، یـانیش هەسـتی بـێ، لای یاکبسـن گرنگیدانەکە زیـاتر بـە نووسـراو و زارەکییەکەیـە، چـونکە هەریەکـە لەمانـە سـیمای تایبـەتی خۆیـان هەیـە، بـۆ نمونـە

پەیوەندی زارەکی بە ئێستایی و پەیوەندی نووسراو بە تێپەڕینەری کات و شوێنەکان دەناسرێنەوە.

## چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەیوەندی لای یاکبسن

بە بەرچاوگرتنی ئەوەی سەروو، پرۆسەی پەیوەندی لای یاکبسن بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت: نێرەر پەیامی خۆی ئاراستەی بۆنێردراو دەکات، لەمەدا پشت بە سیاق دەبەستێت، ئەم کارەش سیستمێکی زمانی هاوبەش لە نێوان نێرەر و بۆنێردراو و هۆکاری پەیوەندی دەخوازێت، زمانیش هۆکاری پەیوەندی تایبەتە، لە نێوان مرۆڤەکان، کە چالاکییە بیرییەکانیان بۆ یەکدی دەگوازێتەوە، ئیدی نێرەر شت بە زمان ڕەوان دەکات، بۆنێردراویش هەڵدەستێ بە کردنەوەی هێماکانی ئەو پەیامەی بۆی هاتووە، کە بەمە ئامانجی نێرەری بۆ دەردەکەوێت، هەروەها بە شیکردنەوەی وشەکانی و ڕەواندنەوەی وشە واتا نادیارەکانی دەگاتە ئەو واتایانەی لە پشتی وشەکاندا نێرەر مەبەستی بووە، بەمەش پرۆسنەی پەیوەندی سەلامەت و سەرکەوتوو دەبێت.

## ٦- هێماکان

ئەمە ئەرکی فەرهەنگی (موعجەمی) دەبینێت.. هەروەها دەگوترێت ئەرکی ئەودیوی زمان دەبینێت.. ئەوەیە، کە: هەردوو لایەنی پەیوەندی نێرەر و بۆ نێردراو جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە، کە هەمان هێما و جۆری زمان بەکاردێنن، کە پەیوەندی نێوان هێماکان و واتا نوێکانیان زۆر جار پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای لێکچوون دروست بووە، وەکو ئەوەی دار بەڕوو بکرێتە هێمایەك بۆ نەتەوەی کورد و ڕەگەکانی دار بەڕوو و شۆڕبوونەوەیان بە ناخی زەویدا بکرێتە هێمایەك بۆ مێژووی دێرینی کورد و بەم شێوەیە.

## تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی ئەرکی

ئەم پرۆگرامە بە بەشێکی سەرەکی پرۆگرامەکان دەژمێردرێت، لە بنجدا ئەم پرۆگرامە بۆ قوتابخانەی بونیاتگەری دەگەڕێتەوە، کە پێشەنگەکەی (دیسۆسێر)ە،

ژمارەیەك تایبەتمەندی هەیە، کە بە هەموویانەوە سیمای تایبەت و ناسنامەی تایبەتی ئەو پڕۆگرامە بەدیاردەخەن، بریتینە لە:

یەك: ئەم پڕۆگرامە خوێندنەوەیەکی گشتگیری تەواو بۆ کاری ئەدەبی دەکات، یارمەتی ئەوە دەدات، کە بە شێوەیەکی تەواو دەق شیکار بکرێت.

دوو: ئەم پڕۆگرامە گرنگی دەدات بە بنیاتی دەرەوەو بنیاتی ناوەوەی دەق، (واتای دەرەوەو واتای ئاشکرا).

سێ: ئەم پڕۆگرامە لە ڕووەکانی هەندەسەو وشەو دەربڕینەکانی شیعرەوە، شیکاری تەواو بۆ شیعر دەکات، یارمەتی لێکۆلەری شێواز دەدات، بتوانێ تێبینی شێوازی زاڵ بکات لە نێو تێکستەکان، بەوەش دەتوانێ بە ئاسانی واتای بنجی و واتای لاوەکی وشە بەکارهاتووەکان لێکجیابکاتەوە، هەروەها بگاتە ئەوەی، کە ڕستەکان، ئایا سادەن، یان لێکدراون، بۆ واتای درووست بەکارهێنراون، یان بۆ واتای خوازراو، هەروەها دەتوانێ ئامرازەکانی پەیوەندی و لێکدانی ڕستەو دەربڕینەکانیش ئەوانەی بەکارهێنراون، یان لابراون، هەموویان بدۆزێتەوە.

چوار: ئەم پڕۆگرامە گرنگی تەواو و ئاشکرا دەدات، بە لایەنی واتای وشەکان و پەیوەندی نێوانیان و کاریگەری ئەو پەیوەندییە سییاقیانە لە درووستکردنی بنیاتی شێوەیی دەق، بۆیە بەم پێیە ئەرکی لێکۆلەری شێواز لێرەدا بریتی دەبێت، لە: ئاشکراکردنی کارلێکی درووستکەری نێوان ڕووخسار و ناوەڕۆك لە تێکستە شیعرییەکاندا.

پێنج: یاکبسن وای بینی: ئەرکی شیعری ئەرکی سەرەکی ئاخاوتنە، ئەم ئەرکەش لەسەر ڕێکی تەواوی نێوان خشتەکانی هەڵبژاردن و دابەشکردن دەوەستێت، کە سۆسێر لە جیاتی ئەم دوو زاراوانە دوو زاراوەکانی پەیوەندی ستوونی (ڕەئسی) و پەیوەندی ئاسۆیی بەکارهێنابوو. ئیتر لای یاکبسن کردەی زمانی، یان شێواز لەسەر دوو کردەی بەدواییەکدا هاتوو لە زەمەن و لەگەڵ یەك ڕێك لە ئەرکدا دادەمەزرێت، بریتینە لە: هەڵبژاردنی کەرەسە تەعبیرییەکان لای نێرەر لەو ڕەصیدە فەرهەنگی و زمانییەی هەیەتی، ئینجا بە هۆی ئەوانەوە دەق درووستبکرێت، ئەم دەقانە لە لایێ دەبێ ڕەچاوی هەندێ بنەمای سەرەکی سینتاکسی بکەن و نابێ بنەمای سەرەکی سینتاکسی تێك بشکێنن، لەولاشەوە ئاساییە گەلێ لادان لە دەربڕین و پێکەوە بەستان

و پاش و پێشی و کورتبڕی و درێژبڕی بکەن، بەو پێیەی زمانی نووسینەکە پەسندیەتی و ڕێگەی پێدەدات، بەوەشە شێوازی جۆراوجۆر درووست دەبێت.

شەش: یاکبسن وای دەرخست، کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و دەروونناسی هەیەو شێوازەکان بەری بارە دەروونییە لێکجیاکانن.

## چەند تێبینییەك لەسەر تیۆرەکەی یاکبسن

١. ئەو شەش ڕەگەزانە لە ڕاستەقینەدا گشتینە لەگەڵ هەموو شێوازێك دەگونجێت، وایان لێدێت، ناتوانن واتایەکی تایبەت بۆ شێواز و شێوازگەری بە دەست بدەن، چونکە لە هەموو پرۆسەیەکی دەربڕیندا دەربڕینەکە ئەدەبی بێ، یان نائەدەبی ئەم شەش ڕەگەزانە هەر هەنە.

٢. سەبارەت بە خاڵی سێیەم کە (یاکبسن) گرتبووی لە پەیامدا ئەرکی بەرهەمهێنانی شیعرییەت بەدی دێت. ئەمە ڕەخنەی بۆ دروست بوو، هەندێ لە ڕەخنەگرەکان گوتیان ئەو ڕایەی (یاکبسن) تایبەتە بە شێوازی ئەدەبی، ئەگینا لە شێوازی ئاخاوتنی گشتیدا پەیام ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت، چ شیعرییەتێك بەرهەم ناهێنێت.

٣. هەر سەبارەت بە خاڵی سێیەم (یاکبسن) گوتبووی ئەو کاتەی پەیام لە خودی خۆیدا ئامانج بێت تەنها گوزارشت لە خۆی دەکات هەتا دوای ئەمەش، ڕەخنەی لێگیرا، گوتیان چۆن پەیام تەنها گوزارشت لە خۆی دەکات، پەیام لە نێرەرەوە دەردەچێت بۆ ئەوەی گوزارشت لەو شتە بکات، کە لە دڵی نێرەردا هەیە. تەنانەت (یاکبسن) بەم گوتەیەی لەگەڵ خۆیدا کەوتۆتە دژە هەڵوێستی چونکە لە خاڵی یەکەمدا، کە لە بارەی نێرەرەوە قسەی بۆ کردبووین، وتبووی: نێرەر ئەرکی تەعبیری و هەڵچوونی دروست دەکات، واتا ئەو گوتبووی نێرەر گوزارشت لە دەروونی خۆی دەکات، ئەم خاڵەی یەکەم لەگەڵ خاڵی شەشەم یەك ناگرن و دژە هەڵوێستییان لێ دەخوێنرێتەوە.

*　　*　　*

**چوارەم: پڕۆگرامی ئاماری**

پڕۆگرامی ئاماری بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەك، کە لە دوو لایەن پێکدێت، یەکەمیان گوزارشتکردن لە ڕووداو، دووەمیان گوزارشتکردن لە وەصف، ئەوەی یەکەم مەبەست لێی ئەو فرمانانەیە، کە گوزارشت لە ڕووداو دەکەن، دووەمیشیان مەبەست لێی ئەو وشانەیە کە ئاوەڵناون و وەصفی ناوەکان دەکەن.. ئیتر لێکۆڵەر دێت هەموو ئەو ڕستانەی دەقەکە، کە دەکەونە شوێنێکی تایبەتی دەقەکە بۆ نمونە سەرەتای، یان ناوەڕاستی، یان کۆتاییەکەی، یان هەموو ئەو ڕستانەی دەقەکە پێکدێنن، ژمارەی تەواوی فرمانەکانیان دەژمێرێ و دابەشیان دەکاتە سەر جۆرە تایبەتیەکانی فرمان، هەروەها ژمارەی ئاوەڵناوەکانیان دەژمێرێ و بەسەر جۆرەکانی ئاوەڵناو دابەشیان دەکات، ئینجا بەراورد لە نێوان ژمارەی ئاوەڵناو و فرمانەکان دەکات، بۆ نمونە سەرەنجام بۆی دەردەکەوێت، کە شاعیرێکی وەصفییە، ئەمە ئەگەر ئاوەڵناوەکانی زۆرتر بوو، یان شاعیرێکی فرمانییە، ئەمە ئەگەر هاتو ژمارەی فرمانەکانی ڕستەکانی زۆرتربوون لە ژمارەی ئاوەڵناوەکانی، واتە بۆ هەر ناوێك بۆ نمونە، کە بکەرە دەشێ دوو، یان سێ، یان زیاتر فرمانی بەکارهێنابێ، بەڵام لە بەرامبەردا بۆ هەر یەکە لەو ناوانە ئاوەڵناوی زۆر بە کەم بەکارهێنابێ، یان بە پێچەوانەوە هەمیشە ناوەکانی بە زنجیرەیەك ئاوەڵناو وەصف کردبێ، کەچی لەولاوە ژمارەی فرمانەکانی دراوە پاڵ ئەو ناوە بکەرانە زۆر کەم بن و بەم شێوەیە.

لە لایێکی دیکە دەشێ لە جۆری ئەو وشانە بکۆڵدرێتەوە، کە چاڵی بکەر و تەواوکەرەکانی ناو پڕدەکەنەوە، ئایا بریتینە لە (ناو)، یانیش بریتینە لە (ڕاناو)ەکان، کە بێگومان شاعیر هەردووکیان بەکاردێنێ، بەڵام ئایا کامیانی زۆر تر بەکارهێناوە، ئەگەر هەمیشە بۆ نمونە بکەری وەکو (ناوی سەربەخۆ)ی لابردبوو و تەنیا وەکو ڕاناوی لکاو هێشتبوویەوە، ئەوە کەواتە دەربڕینەکانی دەشێن لە واتایەك زیاتر بگەینن، چونکە جۆرێك لە نادیاری بەم لابردنەی بکەری سەربەخۆ بۆ ڕستەکانی درووست دەبێ، ئەوەش خوێنەر وا لێدەکات بیری لەسەر یەك بکەر کورتنەبێتەوەو بیر لە زیاتر لە بکەرێك بکاتەوە، بەمەش بیری بۆ هەر کێیەك بڕوات، کە بکەر بێ، دەقەکە واتایەکی دیکەی نوێ وەردەگرێ، دەبینین شیعری نوێ ئەمجۆرە لادانەی زۆر تیایە، بۆیە زۆرجار بە دەقەکانی دەگوترێت، دەقی کراوە.

کەواتە: شێوازگەری ئاماری لە گریمانەی گەیشتن بە ڕووالەتە شێوازگەریەکانی دەق و لە ڕێگەی چەندێتی، واتە: ئامارکردنی ژمارەی وشە، یان ڕستەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و لێرەوە لە دەق دەکۆڵێتەوە.

## سوودی شێوازگەری ئاماری

شێوازگەری ئاماری سوودی ئەوەی هەیە، کە جیاوازی لە نێوان (لادان)ە تاکیە گوزارشتکەرەکان و لە نێوان ئەو لادانانەش دەکات، کە بە زیاتر لە شێوەیەکن و لەیەکجیان.

## قۆناغەکانی بەکارهێنانی ئامار

بەکارهێنانی ئامار لە لێکۆلینەوەی زماندا بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە، ئەوانیش بریتینە لە:

یەکەم: ئەو قۆناغەیە، کە تیایدا لێکۆلینەوە لە تایبەتمەندییە گشتییە هاوبەشەکان کراوە.

قۆناغی دووەم: لەم قۆناغەشدا لێکۆلینەوە لە تایبەتمەندییە لەیەکجیاکان کراوە.

## تیۆری شێوازگەری ئاماری

دەکرێ بنەماکانی تیۆری ئاماری بۆ شێواز لە مەسەلەیەکی سادە کورتبکەینەوە، ناواخنەکەی ئەوەیە، کە: شێواز چەمکێکی دەشێیی، لەوانەیی (ئیحتیمال)ییە. چەمکی لەوانەییش واتە: دەشێت هەر دیاردەیەك بە بوونی مەرجێکی دیاریکراو، بە ڕێژەیەکی لەوانەیی دیاریکراو ڕووبدات، دیاردەیەکی دیکەش بە ئیحتیمالێکی دیکە ڕووبدات و بەم شێوەیە. هەروەها دەکرێ: لێکۆلینەوە لە تەوەقوعی ڕوودانی هەر دیاردەیەك لەو دیاردانە لەگەڵ بوونی مەرجی دیاریکراو بە یارمەتی (دابەشکردنی ئیحتیمالی) بکرێت، (دابەشکردنی ئیحتیمالی)ش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە تەوەقوعی ڕوودانی هەر دیاردەیەك بکەین، لە کۆمەڵەیەکی تەواوی ڕووداو. ئەو کۆمەڵەیەش لە ڕووداو بە (کۆمەڵ Population.) ناودەنرێت، (دولیجل) وای دەبینێت، کە: تیۆری ئاماری پاشخانێکی پێویستی هەر تیۆرێکی شێوازگەرییە.

د. سەعد مەصلوح لێكۆڵینەوەی ئاماری بۆ شێواز لە چەند لایەنێكی لەیەكجیا كورتدەكاتەوە، لەوانە:

١. هەڵبژاردنی چاوگە (عەینە) بە شێوەیەك، كە گوزارشت لە كۆمەڵ بكات.

٢- پێوانەكردنی چڕی تایبەتمەندی شێوازی لەلای نووسەرێكی دیاریكراو، یان كارێكی دیاریكراو.

٣- پێوانەكردنی ڕێژەی نێوان دووبارەكردنەوەی تایبەتمەندییەكی شێواز و تایبەتمەندییەكی تری بەراورد.

٤. پێوانەكردنی دابەشكردنی ئیحتیمالی بۆ تایبەتمەندییەكی شێوازی دیاریكراو.

٥. ناسینی نەزعەی ناوەندی دەقەكان، كە گوزارشت لە بەكارهێنانی ناوەندی وشە، یان جۆری ڕستە دەكات.

## گرنگی شێوازگەری ئاماری

د. سەعد مەصلوح خاوەنی كتێبی (الأسلوب دراسة لغوية احصائية)، لە بارەی ئەم ئاراستەیەی شێوازگەری دەڵێت: ڕەهەندی ئاماری لە لێكۆڵینەوەی شێوازدا لەو معیارە بابەتیانەیە، كە دەكرێت بە بەكارهێنانیان، شێوازەكان دەستنیشان بكرێن و جیاوازی نێوان شێوازێك و شێوازێكی دیكە بخرێتەڕوو.

ئەم ئاراستەیەی لێكۆڵینەوەی شێواز دەشێت لە زۆربەی شێوازەكانی تر بەتواناتر بێت بۆ پێوانەكردنی تایبەتمەندییە شێوازییەكان، با لێكۆڵەرەكە پشت بە هەر پێناسەیەكیش بۆ شێواز ببەستێت، یانیش هەر تەرزێكی سینتاكسی بەكاربهێنێت بۆ لێكۆڵینەوەكەی.

## پڕاكتیكی ئەم پرۆگرامە

(شەڕی چڵ ساڵە) ناونیشانی دیوانێكی شیعری (سەباح ڕەنجدەر)ە، لە دوو تویی سەدو دوو لاپەڕە، دەزگای ئاراس وەكو ژمارە (١٣)ی كتێبی (شین)، ساڵی (٢٠٠٥ز) لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر بە چاپی گەیاندووە.

ئەم دیوانە شیعرییە جگە لە ئەزموونێكی شیعری شاعیر خۆی، كە لاپەڕەكانی (٥ تا ٢٦)ی گرتووە، (١٠) كۆمەڵە شیعری بە ناونیشانەكانی: (ئەلف و بێ)، (مانگەكان)، (كەلووەكان)، (ئاسمانییەكان)، (هەفتە)، (هەستەكان)، (قۆناغەكان)، (نوێژەكان)،

(پێکهاتن)، (وەرزەکان) تیادا هاتووە، هەر یەکە لەوانەش ژمارەیەك شیعر لە خۆ دەگرن، کۆی تەواوی ئەو شیعرانەی (١٠٠) پارچە شیعرن، لێرەدا لە چەند لایەنێکەوە تیشك دەخەینە سەر شێوازی دەربڕینی شاعیر لەو شیعرانەی ئەو دیوانەی و بە ئامارێك شێوازەکانی دەخەینە ڕوو، بۆیە ئەنجامەکان هەمیشە بە ژمارە دەخرێنە ڕوو، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو تایبەتمەندییانە دەردەکەون، کە شێوازی ئەو شاعیرە درووستدەکەن و لە شێوازی هەر شاعیرێکی دیکەی جیا دەکەنەوە.

## یەکەم: شێوازی فرمان لە سەرەتای یەکەم ڕستە، یان یەکەم کۆپلەی شیعرەکاندا

لێرەدا ئەگەر یەکەم ڕستە لە ڕووی واتاوە سەربەخۆ بووبێ، ئەوا بە تەنیا شێوازی فرمانی ئەو ڕستەیە وەرگیراوە، ئەگەریش بە تەنیا ڕستەیەك واتا درووست نەبووبێ و واتا خرابێتە کۆپلەیەکی چەند ڕستەیی، ئەوا شێوازی فرمانی کۆپلەکە وەرگیراوە:

شێوازی شاعیر لە سەرەتای ئەو سەد پارچە شیعرانە، لە ڕووی بەکارهێنانی جۆری فرمانەوە جا لە ڕستەی یەکەمی بێ، یان لە کۆپلەی یەکەم دا وەکو گوتمان، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- فرمانی ڕابردووی خەبەری (ئەرێ): ٣٢ پارچە
- فرمانی ڕابردووی خەبەری (نەرێ): ١ پارچە
- فرمانی ڕانەبردووی خەبەری (ئەرێ): ١٤ پارچە
- فرمانی ناتەواوی خەبەری (ئەرێ): ٣٣ پارچە
- فرمانی ناتەواوی خەبەری (نەرێ): ٤ پارچە
- خەبەری فرمان کرتاو: ٥ پارچە
- فرمانی داخوازی: ٣ پارچە
- شێوازی خۆزی: ١ پارچە
- شێوازی پرس: ٢ پارچە
- پرسیاری مەرجی: ١ پارچە
- خەبەری مەرجی: ١ پارچە
- ڕانەبردووی بکەر نادیاری خەبەری (ئەرێ): ٢ پارچە
- ڕانەبردووی بکەر نادیاری خەبەری (نەرێ): ١ پارچە

**دووەم: شێوازی فرمان لە کۆتا ڕستە، یان کۆتا کۆپلەی شیعرەکاندا**

لێرەدا ئەگەر کۆتا ڕستە لە ڕووی واتاوە سەربەخۆ بووبێ، ئەوا بە تەنیا شێوازی فرمانی ئەو ڕستەیە وەرگیراوە، ئەگەریش بە تەنیا ئەو ڕستەیە واتا درووست نەبووبێ و واتا خرابێتە کۆپلەیەکی چەند ڕستەیی، ئەوا شێوازی فرمانی کۆپلەکەی کۆتایی بە تەواوەتی وەرگیراوە.. سەرەنجام دەرکەوت، کە: شێوازی شاعیر لە کۆتایی ئەو سەد پارچە شیعرانە، لە ڕووی بەکارهێنانی جۆری فرمانەوە جا لە ڕستەی کۆتایی بێ، یان لە کۆپلەی کۆتاییدا، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

. فرمانی ڕابردووی خەبەری (ئەرێ): ١٤ پارچە
. فرمانی ڕابردووی خەبەری (نەرێ): هیچ
. فرمانی ڕانەبردووی خەبەری (ئەرێ): ٤٣ پارچە
. فرمانی ڕانەبردووی خەبەری (نەرێ): ٣ پارچە
. فرمانی ڕانەبردووی ئینشائی (ئەرێ): ٣ پارچە
. فرمانی ناتەواوی خەبەری (ئەرێ): ٢٤ پارچە
. فرمانی ناتەواوی خەبەری (نەرێ): ١ پارچە
. خەبەری فرمان کرتاو: ١ پارچە
. فرمانی داخوازی بە شێوازی (ئەرێ): ٣ پارچە
. شێوازی خۆزی: هیچ
. شێوازی پرس: ٣ پارچە
. پرسیاری مەرجی: هیچ
. خەبەری مەرجی: ١ پارچە
. شێوازی مەرجی ئینشائی: ١ پارچە
. ڕابردووی بکەر نادیاری خەبەری (ئەرێ): ٣ پارچە
. ڕابردووی بکەر نادیاری خەبەری (نەرێ): هیچ
. ڕانەبردووی بکەر نادیاری خەبەری (ئەرێ): هیچ
. ڕانەبردووی بکەر نادیاری خەبەری (نەرێ): هیچ

**سێیەم: نمونەی هەندێ لە شێوازەکان**

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر هەندێ لەو کۆپلانەی شێوازە جۆراوجۆرە ئاماژە بۆکراوەکانیان دروستکردووە، لەوانیش بۆ نمونە:

. دەروونی پڕ ڕووبەڕووبوونەوەی کەڵەشێر

بڵندایی پۆپنەیەتی... ل ٣٩.

. ساڵی تازە

لۆچێکی خستە ناوچەوانی بەختی خانوەکەمان... ل ٣٧.

لە هەردوو ئەم نمونانەی سەروو، شێوازی دەربڕین شێوازی خەبەرییە، فرمانەکە (ە)ی ناتەواوە بۆ دەمی ئێستا.

. تەمەن لە ساڵەکان نقوومبوو... ل ٤١.

شێوازی ئەم کۆپلەیە شێوازی خەبەرییە، فرمانەکەی (بوو)ی ناتەواوە بۆ دەمی ڕابردوو.

. کاتێک تێرخەوەکان

خەویان لێدەکەوێتەوەو ڕادەچنەوە

سەریان گران دەبێت... ل ٩٧.

شێوازی ئەم ڕستەیە شێوازی خەبەرییە، فرمانەکەی فرمانی ناتەواوی (دەبێت)ە بۆ کاتی ئایندە.

. خانمی ماڵ

قەرەوێڵەی منداڵەکان پاکدەکاتەوە... ل ٣٨.

شێوازی ئەم ڕستەیە، شێوازی خەبەرییە، فرمانەکەی (پاکدەکاتەوە)یە، ڕانەبردووی (ئەرێ)یە.

. هێلێکی پەمبە بەناو دیوانم کشا،

سووری سڕیەوە... ل ٣٥.

شێوازی ئەم کۆپلەیە خەبەرییە، فرمانەکەی هەردوو ڕستەکانی فرمانی ڕابردووی (ئەریَ)نە.

- سوپاس بۆ گوڵی بۆنەکان... ل ٤٦.

شێوازی ئەم ڕستەیە، شێوازێکی خەبەرییە، بەڵام فرمانی ڕستەکە بە شێوازێکی هونەری دەربڕینی جوان لابراوە، لە بنجدا ڕستەکە بریتییە لە: سوپاسم بۆ گوڵی بۆنەکانە.. یان: سوپاسم بۆ گوڵی بۆنەکان بێت. بەڵام شاعیر فرمانەکەی کرتاندووەو واتاش بە تەواوەتی گەیشتووە، بیَ ئەوەی شوێنەوارێکی خراپ لە لابردنی فرمانەکە بکەوێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە باری وەهادا دەربڕین بەهێزتر و کاریگەر تر دەبێت، چونکە دەقەکە دەبێتە دەقێکی کراوەو خوێنەر دەتوانیَ زیاتر لە فرمانێکی بۆ دابنێت.

- هاوارێکی تۆقێنەر

لە هێلانەی پەرێشانی حاجی لەقلەقەوە... ل ٥٥.

شێوازی ئەم ڕستەیەش، دیسانەوە شێوازێکی خەبەرییە، بەڵام وەکو ئەوەی پێشوو، فرمانی ڕستەکە بە شێوازێکی هونەری دەربڕینی جوان لابراوە، لە بنجدا ڕستەکە بریتییە لە: هاوارێکی تۆقێنەر.. لە هێلانەی پەرێشانی حاجی لەقلەقەوە هەڵسا، یان هەڵدەستێت، یان لەوانەیە هەڵبستێت، یان خنکا، یان دەشیَ هەر فرمانێکی دیکەی گونجاو لەگەڵ دەقەکە بیَ.. بەڵام شاعیر فرمانەکەی کرتاندووەو واتاش بە تەواوەتی گەیشتووە، بیَ ئەوەی وەکو لە پێشتردا ئاماژەمان بۆیکرد، شوێنەوارێکی خراپ لە لابردنی فرمانەکە کەوتبێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بارەکە بەهێزتر و کاریگەرتر بووە.

- چوومە داوای سێبەری کەروێشکی کێوی

ئاسوودەیی شڵەقاندم و نەبووە شانازیم... ل ٩٠.

ئەم کۆپلەیە پێکهاتووە لە ڕستەیەکی ئاوێتە، کە سیَ ڕستەی سادە لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگریَ، شێوازی ڕستەکە شێوازێکی خەبەرییە، فرمانی بنجیی فرمانی (نەبووە)ی ناتەواوی دەمی ڕابردووە.

. منی گەوهەرە بووژاوەی ڕەنگەکانی تابلۆ
شادمانی دیدار و فڕیو بەسەر
دارستانی بەپیت و زەریای پڕ ختووکە
هیچ ئارەزوویەکی خواردنم نەبوو... ل ٧٦.

ئەم کۆپلەیەش پێکهاتووە لە ڕستەیەکی درێژ، بکەرەکەی زیاتر لە جارێك بە ڕستەو دەستەواژەی درێژ تەواو کراوە، شێوازی ڕستەکە شێوازێکی خەبەرییە، فرمانی بنجیی فرمانی (نەبوو)ی ناتەواوی دەمی ڕابردووە.

. مانگی چواردە، کە بە توندی تەمی چەور لادەدا
لەخۆبایی بوون و خرۆشی هێزی زۆری نییە... ل ٨٦.

شێوازی ئەم ڕستەیەش خەبەرییەو فرمانەکەی (نییە)ی ناتەواوی دەمی ئێستایە (نەریٚ)یە.

. ڕۆژنامەفرۆشێکی گەڕۆکی
پەرێشانی دەستی نەخۆشی
پارەی هێندە هەبووایە
لە پشتی دەستی جێی ببووایەوە... ل ٤٢.

شێوازی ئەم کۆپلەیە، شێوازی (خۆزگە)یە، لە باری ئاساییدا لە پێش ڕستەی وەها، ئامرازێکی خۆزگەی وەکو (خۆزگە، خۆزیا، بریا، کاشکیٚ، ...هتد) لە پێشەی یەکەم ڕستەیدا دێت، بەڵام لێرەشدا ئەم ئامرازە لابراوە، بەڵام سیاقی دەربڕینەکە شێوازە خۆزگەییەکەی پاراستووەو ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، کە مەبەست لێی ئەوەیە: خۆزگە ڕۆژنامەفرۆشێکی گەڕۆکی پەرێشانی دەستی نەخۆشی پارەی هێندە هەبووایە، لە پشتی دەستی جێی ببووایەوە!!

. لکی درەختی مزرەمەنی خۆی ڕاوەشاند
سەبەتە چاوی لەناو ڕووان... ل ٦٣.

واتە: کە لکی درەختی مزرەمەنی خۆی ڕاوەشاند، ئینجا سەبەتە چاوی لەناو ڕووان.

ئەمەش ڕستەیێکی لێکدراوی مەرجییە، پێکهاتووە لە دوو ڕستەی سادە، ڕستەی یەکەم پاڕستەی مەرجییە، ڕستەی دووەمیش شاڕستەی مەرجییە.. فرمانی ڕستەی یەکەم بناغەیەو بنجە بۆ بە ئەنجام گەیشتنی فرمانی ڕستەی دووەم، واتە: ئەگەر (خۆڕاوەشاندنی لکی درەختی مزرەمەنی) لە ڕستەی یەکەم بە ئەنجام نەگەیشتبووایە، ئەوا (ڕووانی چاوی سەبەتەش لە ناویدا)

لە ڕستەی دووەمدا نەدەگەیشتە ئەنجام. ئەوەی شێوازی تایبەتی شاعیر لێرە جیابکاتەوە ئەوەیە، هەردوو ئامرازی لێکدەری (کە) و (ئینجا)ی سەرەتای هەردوو پاڕستەو شاڕستەی لابردووەو ڕستەکانی بێ ئامراز پێکەوە لکاندووە.

. کە ئەستێرە سوور دەبێت

لە دامێنی گردەکان کێڵگە دەخرۆشرێن... ل ٩٦.

ئەم دێڕە ڕستەیەکی لێکدراوی مەرجییە، ڕستەی یەکەم پاڕستەی مەرجییەو بنجە بۆ بە ئاکام گەیشتنی فرمانی ڕستەی دووەم، چونکە ئەگەر (ئەستێرە سوور نەبن)، ئەوا (کێڵگەی دامێنی گردەکان ناخرۆشرێن). کە ئەمە شاڕستەیەو ڕستەی وەڵامی مەرجیشە. بکەری ئەم ڕستەی دووەمە نادیارە، چونکە گردەکان لە خۆیانەوە ناخرۆشرێن، بەڵکو شتێك هەیە دەبێتە بکەریان و دەبێتە هۆی خرۆشانیان، کە لێرەدا ئەم شتە لەبەر هەر هۆیەك بێ شاردراوەتەوەو لابراوە، ئەوەش بارێکی ئاسایی ئاخاوتنی کوردی و زمانانی تریشە، دەشێ لەبەر مەبەستی جۆراوجۆرەکان، نەك هەر لە سیاقە ئەدەبیەکان، بەڵکو لە سیاقە نائەدەبیەکانیش ڕستەی بکەر نادیار بخرێتە ناو.

. مێژێکی ئاسنینی کۆن

گوڵی بۆنخۆش و گەشاوەی لەسەر دەفرۆشرێ... ل ٦٤.

ئـەم ڕسـتـەیەش شـێوازەکەی شـێوازی خەبـەری بکـەر نادیـارە، چـونکە خەبـەری گوڵفرۆشتن لەسەر مێزێکی ئاسنینی کۆن دەدات، بەڵام ئەوە ڕوونناکاتەوە، کە کێیە ئەو بکەرەی گوڵەکە دەفرۆشێ؟

**چوارەم: خوێندنەوە بۆ ئەو ئامارانەی سەروو**

لەم ئامارەی سەروودا، کە لە هەردوو بەشی یەکەم و دووەم خستمانەڕوو، دەتوانین ئەمانەی خوارەوە بخوێنینەوە:

١ـ شـێوازی خەبـەری لـە هـەردوو بەشـەکانی سـەرەتاو کۆتـایی شـیعرەکان، دەگاتـە (١٨١) جـار، (٩٢) جـار لـە کۆپلـە سـەرەتاکان و (٨٩) جـار لـە کۆپلـە کۆتاییەکانـدا هێنراوەتەوە، ئەمەش بەو شێوەیەی خوارەوە:

أ. شێوازی ڕابردووی خەبەری (٤٧) جار، لە (٣٣) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (١٤) جار لە کۆپلە کۆتاییەکاندا.

ب . شێوازی ڕانەبردووی خەبەری (٦١) جار، (١٤) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (٤٧) جار لە کۆپلە کۆتاییەکاندا.

ج . شێوازی ناتـەواوی خەبـەری (٦٢) جـار، (٣٧) جار لـە کۆپلـە سـەرەتاکان و (٢٥) جار لە کۆپلە کۆتاییەکاندا.

د . شێوازی خەبەری فرمان کرتاو (٦) جار، (٥) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (١) جار لە کۆپلە کۆتاییەکاندا.

هـ . شێوازی ڕابردووی بکەر نادیار (٣) جار، ئەوانیش لە کۆپلەی کۆتایی سێ شیعر هاتوونە، هەرچی لە کۆپلەی سەرەتای شیعرەکانە، هیچ جارێك ئەو شێوازە نەهاتووە.

و. شێوازی ڕانەبردووی بکەر نادیار (٣) جار، بەڵام ئەوە لە کۆپلەی سەرەتای سێ شیعر هاتووە، هەرچی لە کۆپلەی کۆتایی شیعرەکانە، هیچ جارێك ئەو شێوازە نەهاتووە.

٢ـ شـێوازی ڕانـەبردووی ئینشـائی لـە کۆپلـەی سـەرەتای شـیعرەکان هـیچ جارێـك نەهاتووە، بە تەنیا (٣) جار لە کۆپلەی کۆتایی سێ شیعردا هاتووە.

٣ـ شێوازی داخوازی، بە هەمووی (٦) جار دووبارە بۆتەوە، ئەویش (٣) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (٣) جار لە کۆپلە کۆتاییەکان.

٤. شێوازی خۆزی یەك جار هاتووە، ئەویش لە کۆپلەی سەرەتای شیعرێك.

٥. شێوازی پرس (٥) جار هاتووە، (٢) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (٣) جار لە کۆپلە کۆتاییەکاندا.

٦. شێوازی مەرجی (٤) جار هاتووە، (٢) جار کەوتۆتە سەرەتای دوو شیعر و (٢) جار کەوتۆتە کۆتایی دوو شیعری دیکە.

٧ـ شێوازی (ئەریٚ)ی فرمانەکان (١٧٤) جار دەبینریٚ، (٨٦) جار لە کۆپلەی سەرەتای شیعرەکان و (٨٨) جار لە کۆپلەی کۆتایی شیعرەکان.

٨. شێوازی (نەریٚ)ی فرمانەکان بە تەنیا (١٠) جار دەبینریٚ، (٦) جار لە کۆپلەی سەرەتای شیعرەکان و (٤) جار لە کۆپلەی کۆتایی شیعرەکان.

## ئەنجامی ئەم پراکتیکە

ئەم باسە لە ئەنجامدا دەگاتە چەند خاڵێك، کە ئەم خاڵانە تایبەتمەندییەکانی شێوازی دەربڕینی صەباح ڕەنجدەری شاعیر لە سەرەتاو کۆتایی ڕستە، یان کۆپلەکانی (شەڕی چل ساڵە) بەدەردەخەن، ئەوانیش لەمانەی خوارەوە کورتدەکاتەوە:

١ـ شاعیری ئەم دیوانە لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕستەکانی سەرەتاو کۆتایی شیعرەکانی بە زۆری تەواون، تەنیا (٦) حاڵەت لە (٢٠٠) حاڵەتی سەرەتاو کۆتایی بینراوە، کە (فرمان)ی ڕستەی کرتێنرابیٚ، هەروەها تەها (٦) حاڵەتی دیکەش بینراوە، بکەری ڕستەکان نادیار بن، ئەوانی تر هەموویان ڕستەی تەواون، ئەوەش کەوابیٚ ئەو شاعیرە لە ڕووی هەبوونی بەشە ئاخاوتنە پێکهێنەرە بنجییەکانی ڕستەوە، کە (بکەر و فرمان)ن، ڕستەی تەواو و ڕوون بەرهەمدێنیٚ، ئەگەرچی لە ڕووی ڕیزبوونی ئەو بەشە ئاخاوتنانەوە، لە ڕیزبوونی ئاسایی قسەکردنی خەڵکی لا دەدات و شێوازی تایبەتی خۆی پێشکەش دەکات، کە ئەوەش جیاوازی دەقی ئەدەبی داهێنراوە، لە قسەی ئاسایی و ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی. تەنانەت زۆرجار ئامرازەکانی پرس و خۆزگە و لێکدەر و ...هتدیش دەکرتێنیٚ و بەبیٚ ئەوان بابەتەکەی خۆی پێشکەش دەکات،

هەموو ئەوەش وادەکات بەشێکی دەقەکانی ببنە دەقی کراوەو ئاسایی بێ بە زیاتر لە شێوەیەك بخوێنرێنەوە.

٢ـ شاعیر لە شێوازی دەربڕینی خۆیدا، هەمیشە خەبەر دەدات، لە زۆربەی هەرە زۆری جارەکان ڕستەکانی وەکو خەبەر دەگەینێتە گوێی خوێنەرەکانی، هەرچی شێوازەکانی ترە، ئەوا ئەوان هەندێکیان هەر بەکارناهێنێ و هەندێکیشیان زۆر بە کەمی بەکار دێنێ.

٣. خەبەر کە پەیامی زۆربەی شیعرەکانی شاعیرە، ئەمە ئەوە دەردەخات، کە زۆربەی شیعرەکانی لە ڕووی پەیامەوە، لە یەکێك لە بارەکانی (ڕاستی) یان (درۆ) دەربازیان نابێت، چونکە لە ڕووی بەلاغییەوە، خەبەر: ئەو بەشەی ئاخاوتنە، کە بوونێکی دەرەکی هەیەو بە پێوەرەکانی ڕاستی و درۆ دەپێورێت.

٤ــ گەیاندنی پەیام لە ڕێگەی شێوازی خەبەرییەوە بەو ڕێژە گەورەیە، لێکدانەوەیەکی دوو سەرەی بۆ دەکرێت، یەکەمیان ئەوەیە: متمانەی شاعیر بە خۆی و بەو باسانە دەخاتە ڕوو، کە دەیانگەینێتە خوێنەر.. دووەمیش: جۆرێك لە هەژاری دیوانەکە پیشان دەدات، لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوێنەرانی خۆی، چونکە خوێنەر خاوەنی ئاراستەی فیکری جۆراوجۆر و ئاستی ڕۆشنبیری لەیەکتری جیاوازن، کە ئەوەش وا بێ، ئیتر دەبێ شاعیریش بە زیاتر لە شێوازێك بابەتەکانی خۆی بگەینێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لای زۆربەیان سەدای ببێ، چونکە ئەوە بەدیهییە، کە: تەواوی خوێنەران حەز بە یەك جۆر شێواز ناکەن و لە گۆڕانکاری شێوازەکاندا چێژی تایبەت وەردەگرن. بۆیە تەنانەت لە سیاقە نائەدەبیەکانیشدا زۆرێکی قسەکەران مەبەستەکانی خۆیان بە شێوازی جۆراوجۆر دەگەیننە بەرامبەر، نەك بەردەوام بە یەك شێواز قسە بکەن. کە خەڵکی ئاساییش شێوازی جۆراوجۆر بەکاربێنێ، ئەوا بێگومان بۆ شاعیر پێویستترە شێوازەکانی هەمەڕەنگ بن و بە زیاتر لە شێوازێك بابەتەکانی پێشکەش بکات.

٥ــ لە کۆپلەکانی سەرەتاو کۆتایی ئەو (١٠٠) شیعرەیدا، تەنها ٦ پارچەی فرمانەکانی (نەرێ)یە، ئەوەش کەوابێ، ئەو شاعیرێکە هەمیشە بە ئاسایی و بێ ڕەتکردنەوەو ڕێگرتن مەبەستەکانی پێشکەش دەکات.

٦. کەمی بەکارهێنانی شێوازی مەرجی، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە شاعیر دەیەوێت، خوێنەر بە ئازادی بەرەو بابەتەکانی خۆی بانگ بکات، نەك بە فرمان، بەسەریاندا بچەسپێنێت، کە تا کۆتایی شیعرەکەی لەگەڵیدا بن. یانیش پابەند بن بەوەی لە کۆتایی پێیان دەڵێت.

٧. لە کۆی (١٨١) ڕستەی شێوازی خەبەری، (١٢١) ڕستەی فرمانەکانی ڕابردوو یان ناتەواون، کە فرمانی ناتەواویش وەکو ڕابردوو هەردووکیان گوزارشت لە خەبەری چەسپاو (خبر یەقین) و دوور لە مانەوەی گومان بۆ بەئەنجام گەیشتن دەکەن، بەڵام ژمارەی خەبەرە ڕانەبردووەکانی تەنها (٦٠) خەبەرە، کە دیارە فرمانی ڕانەبردوو بۆ خەملاندن بەکاردێ و بۆچوون دەخاتە ڕوو، جا دەشێت گومانی لێبکرێت، چونکە لە ڕووی هێزەوە وەکو فرمانی ڕابردوو نییە.

*　　*　　*

## بنەما سەرەکییەکانی شێواز

شێواز لەسەر دوو بنەمای سەرەکی و گرنگ دادەمەزرێ، ئەم دوو بنەمایانە پێکەوە پەیوەندیان هەیە بریتینە لە:

### یەکەم: هەڵبژاردن

هەڵبژاردن یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی شێواز، گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە شیکاری شێوازی داهێنەر، یان ڕادەی سەرکەوتنی شێوازەکان لەسەر ئەمە دادەمەزرێ، ئەوەش ئەو کاتەی نووسەر وشەیەك، یان دەربڕینێك، یان شێوازێك، لە نێو چەندین وشەو دەربڕین و شێوازی تردا هەڵدەبژێریت، لەبەرئەوەی پێی وایە ئەو وشە و دەربڕین و شێوازانەی هەڵیبژاردوون بۆ ئەو شوێنەی بەرهەمەکەی تێدا پێشکەش دەکات جوانتر و گونجاوتر و کاریگەرترن.

ئەم پرۆسەیەی دەرهێنان و جیاکردنەوەی وشە، یان دەربڕین و شێواز لەگەڵ چەندین وشە و دەربڕین و شێوازی تردا پێی دەوترێت هەڵبژاردن ، هەروەها هەندێ جار پێی دەوترێت (گۆڕین) چونکە نووسەر ئەو وشە و دەربڕین و شێوازەی بە کاریهێناوە، لە جیاتی وشە و دەربڕین و شێوازێکی تر بووە، واتە: وشەیەکی بە وشەیەکی تر گۆڕیوە، یان شیوازێکی بە شێوازێکی تر گۆڕیوە، بەم شێوەیە لێرەدا شێواز وەها پێناسە دەکرێ: بریتییە لە هەڵبژاردنێك یان پاککردنەوەیەك بۆ سیما زمانییەکان لە نێوان لیستێکی زماندا، کە ئەم پرۆسەیە تەنها نووسەری داهێنەر دەتوانێ بەرهەمی بێنێت.

بۆ نمونە گۆرانی شاعیر ڕووی دەمی لە باڵندەکان دەکات و لەگەڵ باڵندەکان دەدوێ:

منیش وەك ئێوە لە دونیای گەورە گەردێکم بچووك

هەتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ، بە دەنووك... گۆران

ئەگەر لەو دێڕە شیعرە وردبینەوە، کە ئایا هەڵبژاردنی تێدا کراوە، یان نا، ئەوا لە نیوە دێری یەکەمدا بە ئاشکرا دەبینین، کە : گوتییە باڵندەکان منیش وەك ئێوە، ئەوەی ئەم و باڵندەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، وشەی (گیاندار)ە، بۆیە چاوەڕوواندەکرا بڵێ: منیش وەك ئێوە لە دونیای گەورە گیاندارێکم بچووك، کەچی وشەی گیانداری

بەکارنــەهێناو وشــەی (گــەرد)ی بــەکارهێنا، کــە ئەمــە ئاســاییە چ ئــادەمیزاد و چ باڵندەکەش بەوە بژمێردرێن، ئەگەر لەگەڵ گەورەیی و فراوانی دونیا ڕابگیرێن. بۆیە شاعیر لە نێوان وشەی (گیاندار) و وشەی (گەرد) هەڵبژاردنی کردوەو یەکەم کە ئاسایی و درووست بووە لایداوەو دووەم کە لادان و شیعرییەت بەرهەمهێنە، ئەوی هەڵبژاردووە.. لە نمونەیەکی دیکەدا:

. چاوەکانم بەسیە غوربەت بێرەوە

چۆن بژیم من تۆ لەوێ من لێرەوە... هێدی

شاعیر سەرپشك بووە وشەی (براکەم)، یان (عەلی)، یان (کاکە) یانیش (چاوەکەم) بەکاربێنێ، ئەو بۆ بەرهەمهێنانی شیعرییەت (چاوەکەم)ی هەڵبژاردووەو لە باتی (براکەم) بەکاریهێناوە، چونکە جوانتر و کاریگەرترو سۆزاویترە.

. مەڕوانە بە رومەت کەوا ئەمڕۆ گوڵی تاکی

بڕوانە سبەینێ کە لە نێو دامەنی خاکی... هەردی

شاعیر ڕوو لە بەرامبەرەکەی دەکات و پێی دەڵێ: بە خۆت مەنازە، کە ئەمڕۆ جوان و قۆزی بڕوانە سبەینێ، کە دەچیتە ژێر گڵ و دەمری، لێرەدا گوڵی بە مەبەستی کەسێك بەکارهێناوە، هەروەها دامەنی خاکی بە مەبەستی گۆڕ بەکارهێناوە.. واتە هەڵبژاردنی کردووە، دەیتوانی بڵێ: ئەی کچ کە تۆ ئەمڕۆ جوانی بێ وێنەی، کەچی ئەمەی نەگوت، گوتی: گوڵی تاکی

هەروەها دەیتوانی بڵێ: بڕوانە ئایندە، بەڵام لە باتی ئایندە سبەی هەڵبژارد، هەروەها دەیتوانی بڵێ: کە مردووی و لەنێو گۆڕی، بەڵام ئەوەشی نەگوت و گوتی: لە نێو دامەنی خاکی... ئەمانە هەمووی هەڵبژاردنن و شێوازی تایبەتیان بەرهەم هێناوە.

. بە ناڵەم ئاسمان گریا

من مەجنونی جەمالێکم

مەبەستی ئەوەبوو بڵێ: بە ناڵەو فیغانی من فریشتەکانی ئاسمان بەزەییان پێمدا هاتــەوەو بــۆم گریــان، کەچــی وەهــا درێــژی نەنووســیوەو یەکســەر (ئاســمــان)ی هەڵبژاردووە، لە جیاتی خەڵکی ئاسمان، کە مەبەست (فریشتە)نەو بەکاریهێناوە.

. له خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تەئریخی عالەم شایەدی فەزڵ و هونەرتانە... ئەحمەد موختار جاف

له خەو هەڵسن: وشیاربینەوە و ئاگاداربینەوە.

خەو: ناوشیاری و بێ ئاگایی.

شاعیر دەیتوانی ڕاستەوخۆ بڵێ: خەڵکە بەسیە وشیاربینەوە، بەڵام لە جیاتی ئەو دەربڕینـــە، وشـــەی (خـــەو)ی هەڵبـــژارد و هـــەمان واتاشـــی پێگەیانـــد، بـــەوەش شیعرییەتێکی جوان بەرهەم هات.

## دووەم: لادان

ئەمـە یـەکێکی دیکەیـە لـە بنـەما سـەرەکییەکانی شـێوازگەری، زانایـانی شـێواز گرنگـی زۆریـان پێـداوە، هەنـدێکیان ناویـان نـاوە (زانسـتی لادانـەکان).. ئـەم بنەمایـە لـەوەوە سەرچـاوە دەگرێـت کـە زمـان دابـەش دەبێتـە سـەر سـێ بەشـی لەیـەك جیـا.. یـەکیان: زمـانی معیاری، سروشتی، وەکو ئەوەی یاسایەو لـە مێشکدا هەیـە.. ئـەوی دیکـەش: زمـانی ئاسـایی، وەکـو خـەڵك قسـەی پێدەکـەن.. ئـەوی سـێیەمیش زمـانی تایبەتی نووسین، کـە زمـانێکی پـڕ لـە داهێنـانەو جیـاوازە لـە هـەردوو زمانـە معیـاری و ئاسـاییەکەش، چـونکە بـەری لادانـەو بـە شـێوەیەکی تایبـەت جیابۆتـەوە لـە هـەردوو زمانی سروشتی و ئاساییش، بۆیە وەکو زانـراوە لـە لای زۆرینـەی خـەڵکی، نووسـینی ئەدەبی بە شێوازێکی نوێی پێشتر نەبیستراو دەکرێ، ئەمـەش لـە ڕێگـەی بـەکابردنی تواناکانی زمان و وزە شاراوەکەی بە ئاکام دەگات.

## مەرجەکانی لادان

لێرەدا دوو مەرجی سنووردارکردن بۆ لادان دادەنێین، کـە زانایـان پێیـان وایـە بـەدەر لە ڕەچاوکردنی ئەم دوو مەرجانە، لادان سوودناگەینێ، ئەوانیش بریتینە لە:

١. لادانەکە بەشێوەیەك بێت لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراوی ڕێزماندا ئەنجام بدرێت.

**٢. دەبێ لادانەکە سوودێك بگەیەنێت، چونکە لادان لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامانج لە لادان درووستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر، بۆ ئەوەیە خوێنەر بەو شێوەیە ئاراستە ببێ، کە واقیع و خەونی نووسەرەکە دەیخوازێت.**

## سێ جۆر زمان

**ئەگەر بێت و لە زمانی دەربڕین وردبینەوە، بە هەردوو بەشەکانی (زمانی ئاخاوتن و زمانی داهێنانی ئەدەبی)، دەبینین ئەو زمانانە بە بەراورد لەگەڵ زمانی چەسپاو، واتە ئەو زمانەی کە لە مێشکدا لە هەر چوار ئاستی دەنگ و وشە و ڕستە و واتادا یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، کەم تا زۆر جیاوازی هەیە، ئەوەش وامان لێدەکات بڵێین سێ جۆر زمانی سەرەکیمان هەیە بریتین لە: (زمانی سروشتی و زمانی گشتی و زمانی تایبەتی).**

### ١. زمانی سروشتی

**ئەو زمانە زمانی یاسایی چەسپاوە، لە ڕێگەی یاساکانی پارێزگاری لە بنەما چەسپاوەکانی بەڕێوەبردنی زمان دەکات، زمانێکی معیارییە، هیچ لادانێك لە خۆیدا جێناکاتەوە، ئەمەش لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە زمانی ئاخاوتنی نەتەوە و لە زمانی دەقی ئەدەبیش بە تایبەت ئەدەبیاتی میللی و فۆلکلۆریش بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ڕێژەی دەرکەوتنی لە نێو زمانی بەکارهاتوو لەو مەودایانەی ئاماژەمان بۆیانکرد، قەت ناگاتە (٨٠٪)، دەشێ لەو ڕێژەیەش کەمتر بێت، کە ئەمە بە پێی بەکارهێنەرەکانی زمان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر هەمیشە گۆڕانی بەسەردا دێت، لەبەر ئەوە دەگوترێت دەرکەوتنی ئاخاوتن، یان نووسین بە زمانی سروشتی ڕێك لەگەڵ یاساکانی زمان بە ڕێژەی تەواوی (١٠٠٪)، هەرگیز ڕوونادات و لە هیچ کوێیەك بەرهەم نایێت.**

**بە پێی زمانی سروشتی دەبێ هەموو وشە و ڕستە و دەربڕینێك بۆ یەك واتا بەکارهاتبن، ئەویش واتای دروستە، ئەو واتایەیە کەوا فەرهەنگی زمانەکە تۆماری**

کردووە، ئەوەش معیارەکەیە، کەوابێ هەموو لادانێك لەو معیارە ئەوا دەرچوونە لە زمانی سروشتی.. بۆ نموونە:

ئەحمەد مندالە.

ئەحمەد: ناوە، بەشی نیهادە

مندالە: بەشی گوزارەیە

هەردوو وشە بۆ واتای درووستی خۆیان هاتوون، ئەو دەربڕینەی درووستیشیان کردووە، شێوازەکەی هەواڵە، بۆ مەبەستی درووستی هەواڵیش هاتووە، چونکە هەواڵێکی نەزانراو دەگەیەنێت و چ مەبەستی دیکەی لە دواوە نییە، ئەوەش ڕێکە لەگەڵ یاساکانی زمانی چەسپاو.

سەعات چەندە؟

سەعات: ناوە، بەشی نیهادە

چەندە: ئاوەڵناوی پرسە، بەشی گوزارەیە

هەردوو وشە بۆ واتای درووستی خۆیان هاتوون، ئەو دەربڕینەی درووستیشیان کردووە، شێوازەکەی پرسە، بۆ مەبەستی درووستی پرسیش هاتووە، چونکە پرسیار دەکات و وەڵامی دەوێت، ئەوەش ڕێکە لەگەڵ یاساکانی زمانی چەسپاو.

### ٢. زمانی گشتی

ئەمە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی و زمانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و میللییە، زمانی نووسینەوەی یاساکانە، لە دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە پێك دێت، ئەوانیش بریتینە لە:

یەك: زمانی سروشتی، کە وەکو گوترا لە مێشکدا هەیە.

دوو: ئەو فەرهەنگە دروستکراوە، کە بە هۆی لادان لە یاسا چەسپاوەکانی زمانی سروشتی بەرهەم هاتووە، بەڵام ئەو لادانانەی ئێرە بە شێوەیەکی پێویست و بێ هەڵپە و بێ زۆر لەخۆکردن بە تێپەڕبوونی کات نەتەوە بەرهەمی هێناون، بوونەتە موڵکی گشتی و هەموو کەس سودیان لێ وەردەگرێ، بێ ئەوەی ئارەقەی ماندووبوونی کەس و شانازی کەسیش لەخۆیدا هەڵبگرێ.

ئەو زمانە وەکو تیشکی خرایە سەر، لە هەموو سەردەمەکاندا زمانی ئاخاوتنی خەڵکییە و لە هەمان کاتیشدا زمانی نووسینەوەی زانستەکان و زمانی بەرهەمهێنانی ئەدەبیاتی میللی و فۆلکلۆریشە.

ڕێژەی دەربڕینەکانی زمانی گشتی لە نێوان زمانی سروشتی و زمانی لادراو بە هۆی لادانەکان لە یاساکانی زمانی سروشتی، لە کات و شوێنە لە یەك جیاکاندا بەرزی و نزمی تێدەکەوێت، لە هەندێ کۆمەڵگا و لە هەندێ کاتدا لادانی زمانی گشتی خۆی لە نزیکەی (٢٠٪) و (٢٥٪)ی کۆی دەربڕینەکانی زمانەکە دەدات، بەڵام لە هەندێ شوێن و کاتی تریش دەشێ ئەو ڕێژەیە کەمتر ببێتەوە یان زیاتر بێت، کە لە ڕاستیدا ئامارکردنی ئەمە لێکۆڵینەوەی وردی دەوێت و کارێکی ئاسان نییە.. بۆ نمونە:

. داستانی هیجری من شەرحی بە نووسین ناکرێ

پێت دەڵم چۆنە ئەگەر چاوم بە چاوت کەوتەوە... حاجی قادری کۆیی

لە ڕستەی: (ئەگەر چاوم بە چاوت کەوتەوە)دا، (کەوتەوە) بە لادان دانراوەو خراوەتە پاڵ چاوەکان، چونکە ئەم فرمانەی (کەوتەوە)یە، بە واتای دروستی خۆی نەهاتووە، بەڵکو بە واتای (دیتەوە) هاتووە، واتە: ئەگەر چاوی من چاوی تۆی دیتەوە.

دیسان (چاو)ەکانیش بە لادان پێکەوەنراون، چونکە مەبەست لێیان چاوەکانی سەری خۆی و هاوڕێکەی نییە، بەڵکو مەبەستی خۆی و هاوڕێکەیتی، ئەگەر یەکیان دیتەوە.

. ئەی دلێران بێچووە شێران

هەستن ڕابن لە خەو وا بەیانە... بێکەس

بێچووە شێر: بە لادان هێنراوەو لێرەدا ئەرکی پێدراوە، چونکە لە باتی ئێوەی دلێر هاتووە، کە مرۆڤن.

خەو: واتا بێئاگایی و بۆ مەبەستی لادراو هاتووە، نەك مەبەستی درووست.

بەیانە: بۆ واتای لادراو هاتووە، نەك واتای درووست، مەبەست لێی: درەنگەو کاتی ڕاپەڕین و تێکۆشانە.

- پێیان نەکا متمانە

غەلیزن ئەو سەگانە... عەلی بەردەشانی

سەگ: بە لادان لێرەدا ئەرکی پێدراوە، چونکە لە جیاتی مرۆڤێکی سیفەت لە سەگ چوو هێنراوە، نەك لە جیاتی واتای فەرهەنگی خۆی هێنرابێ، بەوەش لادان درووستبووە.

پێیان نەکا متمانە.. واتە: (متمانەیان پێ نەکا) بە لادان و لەبەر کێشی شیعری پاش و پێش لە بنیاتی سینتاکسی ئەم ڕستەیە کراوە.

هەموو ئەو لادان و درووستانەش کە لەو ڕستەو دێڕە شیعرانەی سەروو وەکو نمونە خرانە ڕوو، زمانی ئاخاوتنی ئاساییمان بۆ بەرجەستە دەکەن، کە چۆن لە هەردوو سەرچاوەی درووست و لادراویش تێکەڵەو شتی جۆراوجۆری هەیە.

## ٣. زمانی تایبەتی

ئەو زمانەیە، کە ڕێژەی لادانەکانی زیاترە، یان نزیکە لە ڕێژەی دەربڕینەکانی زمانی سروشتی، ئەو لادانانەش بەرهەمی کاری تاکەکەسینە، شاعیر و ئەدیبە داهێنەرەکان بەرهەمی دێنن، خاوەنەکانیان دیارە و لە هەموو سەردەم و کۆمەڵگایەکدا بە هۆکاری جۆراوجۆر دێنە بەرهەم، گرنگترین ئەو هۆکارانە بریتینە لە: مەعریفە، توانای داهێنان، حەزی خۆ جیاکردنەوە، کێش و سەروا....هتد.. بۆ نمونە:

گوڵێك شیرینتر لە خونچەی بەهار

ناسکتر جوانتر لە شەوبۆی بەهار

گەشتر لە دیدەی وەنەوشەی نزار

گوڵێکە ناوی گوڵی سەربەستی

مەردە ئەو گەلەی بگاتە دەستی... بەختیار زێوەر

لەم پێنجینەی بەختیار زێوەردا کە ورددەبینەوە، دەبینین شاعیر وەکو کەسێکی داهێنەر دواوە، نەك وەکو کەسێکی ئاسایی، ئەوەتا زمانەکەی تایبەتە، نەك زمانی گشتی:

شیرین: بۆ خواردنە و دراوەتە گوڵ.

نازدار: سیفەتی مرۆڤە دراوەتە گوڵ.

دیده: هی گیانداره دراوەتە وەنەوشە.

سەربەستی: چەمکێکی ژیارییە، هی مرۆڤە، پەیوەندی نییە بە گوڵ و گوڵزار، دراوەتە گوڵ.

. توشی لافاوی عیلم بووم و بەڵام زوو دەرپەڕیم

سواری واپۆڕی جەهل بووم و بە ناویا تێپەڕیم... بێکەس

لافاو: هی دەریایە دراوەتە عیلم

دەرپەڕیم: بۆ شوێن، وەکو بۆ نمونە: ناو ئاگر، بەکاردێت، دەگوترێت: لە ناو ئاگرەکە دەرپەڕیم.. لێرەدا لادانە، چونکە بە واتای خۆی نەهێنراوەو بە واتای (وازمهێنا) بەکارهێنراوە.

واپۆڕ: (پاپۆڕ) تایبەتە بە مرۆڤ، لە نێو ئاودا مرۆڤ سوودی لێ وەردەگیرێت دراوەتە جەهل، ئەوەش لادانە.

. ئەندێشەی منی تێکشکاند

خستمیە گێژەنی خەمێك... خەرمانەی هیوامی سووتاند

ئەندێشە: شتێکی مەعنەوییە ناشکێ.

گێژەن: هی دەریایە دراوەتە خەم.

خەرمان: هی گەنم و جۆیە دراوەتە هیوا.

سووتان هی شتە ماددییە وشکەکانە، دراوەتە هیوا، لادانە، چونکە هیوا ناسووتێ.

. لە گریانی منداڵیمدا پێکەنینم بە غەم دەهات!

کەچی ئێستا غەم دەریایەو بۆ کەنارم شەپۆل ئەدات... کەریم کابان

شەپۆل هی دەریایە، دراوەتە غەم، ئەمەش لادانێکی تایبەتە.

بەم شێوەیە هەموو ئەو لادانانەی ئەم چوار پارچەیەی سەروو، لادانی تایبەتن و زمانێکی تایبەتیان دروستکردووە، چونکە هەست دەکەین یەکەمجارە گوێمان لە شتێکی وەها دەبێ، دەنا خەڵك بە گشتی وەها قسە ناکەن.

. کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم
ڕۆڵەکەم خێزانەکەم باوانەکەم
ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە
ئێستا بمبینن ئەریٚ دەمناسنەوە؟ ... هێمن

ئێستا بمبینن ئەریٚ دەمناسنەوە؟ ڕستەیەکی پرسە، بەڵام بۆ مەبەستی پرس بەکار نەهێنراوە، چونکە پرسیارکەر لە پرسیارلێکراوان دوورەو دەنگیان پێك ناگات، کەواشبیٚ شاعیر لەم پرسیارەی هەر لە بنجدا بە تەمای وەڵام نییە! ئەدی بۆ پرسیاری لێکردوون؟ لە وەڵامدا دەڵێین: لەبەرئەوەی بەم شێوازە کاریگەرییەکی زیاتریان لەسەر درووست بکات و باشتر مەبەستیان تێبگەینیٚ، کە بریتییە لە هەواڵی: ئێستا بمبینن کەستان نامناسنەوە، چونکە زۆر بە خراپە سەرو ڕوخسارم گۆڕاوە! ئەوەش لادانە لە زمانی سروشتی و زمانێکی تایبەت و شێوازێکی دیکەی تایبەت و نوێی بەرهەمهێناوە.

. ئەم نیشتومانە
هی هەموومانە
ماڵی پیرۆزی
یەك بە یەکمانە... ئیدریس عەبدوڵلا

ئەم دێڕە لە دوو ڕستەی هەواڵی پێکهاتووە، بەڵام لە باری گەیاندنی هەواڵی درووستدا نین، چونکە هەواڵدراوەکەیان زانراوەو شتێکی نویٚ نییە، کەواشبیٚ بۆ واتایەکی دەستکرد (خوازەیی) هاتوونە، ئەویش وشیارکردنەوەو سەرنجڕاکێشانە، ئەوەش زمانێکی تایبەت و شێوازێکی دیکەی تایبەت و نوێیە، کە لە زمانی سروشتی و ئاساییدا هەواڵی بەم شێوەیە نابیٚ پێشکەش بکریٚ، چونکە ئەگەر مەبەست واتای درووست بیٚ، دەبتە شتێکی بیٚ مانا.

. ئەی هەوری لەوێوە هاتوو
بەسەر گۆیژە داببارە
بۆنی کەرکوکت لێوە دیٚ و
ماڵی بیٚ نازی ئاوارە... عەبدولرەحمان صدیق

له سەرەتای دێڕەکەی پێشوودا، ڕووی بانگکردن کراوەتە هەور، داوای لێکراوەو تایبەتمەندی پێدراوە، کەچی هەموو ئەو شتانە بۆ هەور بە پەیوەندی جیا پێکەوەنراون، دەنا لە زمانی سروشتی شتی وەها نییە، ئەوەش لادانەو شێوازێکی نوێی درووستکردووە.

. لە مەوجی بەحری فکرەتدا، پلوپۆشانە گەردانم
لە ئەوجی نوری وەحدەتدا میسالی زەڕڕە حەیرانم... حەمدی

نیوە دێڕی یەکەم (لە مەوجی بەحری فکرەتدا، پلوپۆشانە گەردانم) لە بنجدا بەو شێوەیە بووە: (فکرم وەکو ئاو بەحرێکی پێکهێناوەو...)، (فکر) لێیچوو بووە، (وەکو) ئەوزار بووە، (ئاو) لەوچوو بووە، بەمە لێکچوواندن درووستبووە، بەڵام دواتر (ئەوزار) و (لەوچوو) ڕۆیشتوون و تەنیا (لێیچوو) ماوەتەوە، پەیوەستێکیش لە (لەوچوو)ەوە، کە (بەحر)ەو لە بنجدا بۆ (ئاو) بەکاردەهێنرێت، کە (لەوچوو) لابراوە، ئەو پەیوەستەی لێ وەرگیراوەو دراوە بە (لێیچوو)، بەوەش زمانێکی تایبەت درووستبووەو شێوازێکی تایبەت و ناوازەی بەرهەمهێناوە.

. ناوت کە زوبانی قەڵەمی کردووە موزەییەن
شێوەت بە دڵی لەوحە ئەدا زینەت و زیوەر... حەمدی

وشەی (قەڵەم) هێنراوەو مەبەست لێی (خاوەنی قەڵەم)ە، قەڵەم بکەری خوازراوو خاوەنی قەڵەم بکەری ڕاستەقینەیە، پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی بەرکارییە، چونکە (قەڵەم) بەرکارەو (خاوەن قەڵەم) ئەو بکەرەیە، کە ئەو بەرکارە بەکاردێنێ، بەوەش زمانێکی تایبەت درووستبووەو شێوازێکی تایبەت و ناوازەی بەرهەمهێناوە.

بە هەمان شێوە دڵ هی گیاندارەوە دراوەتە (لەوح)، ئەوەش دیسانەوە زمانێکی تایبەتەو شێوازێکی تایبەت و ناوازەی بەرهەمهێناوە.

* * *

# لادانی گشتی و لادانی تایبەتی

## ١ـ لادانی گشتی

ئەو لادانەیە، کە بە تێپەڕینی ڕۆژگار لە چوار ئاستەکانی زماندا نەتەوە بەسەر دەربڕینەکانی زمانی سروشتی داهێناوە، بۆتە بەشێك لە فەرهەنگ و هەموو کەس بەکاری دێنیٚ.

## ٢ـ لادانی تایبەتی

ئەو لادانانەن، کە پڕاوپڕ داهێنانن، ئەدیبە داهێنەرەکان لە ماوەی کارەکانی خۆیاندا لە چوار ئاستەکانی زماندا بەرهەمی دێنن، تایبەتین و نوخبەی ئەدەبی دەقی ئەدەبییان پیٚ دەنووسێت.

## نمونەی لادانی گشتی و لادانی تایبەتی

لێرەدا بە جیا لە هەندیٚ لێکۆلەری تر دوو دەق لە ئەدەبی کوردیدا بە نموونە دێنینەوەو لەبەر ڕۆشنایی لادانی گشتی و تایبەتی لێیان ورددەبینەوە، بۆ ئەوەی مەبەست جوانتر و باشتر ڕوونببێتەوە، ئەم دوو دەقەش یەکەمیان شیعرێکی میللی و ئەویتریان پارچەیەك لە شیعرێکی هونەری بەرزە:

### دەقی یەکەم

کرێکارەکی هەژارم
ساحێبی حەفت سەر مندارم
بە ڕۆژ تا درەنگ کار دەکەم
خزمەتی خەرکی شار دەکەم
چی کۆشك و تەلاری شارە
بەری بازووی کرێکارە
بەرام ئێوارە دێمەوە

ئەوەی هەمە و دەیهێنمەوە
هەر تەنها بخۆیە و بڕۆ
ئەی چ بکەم
لۆ کرێی خانوو
ئەی چ بکەم
لۆ خەرجی مندار
خوایە هەر خۆت بمکەی ڕزگار... مەلا عەبدی

## دەقی دووەم

لێرەدا تەنها دوو دێڕ لە قەسیدەیەکی هەردی وەردەگرین، کە تیایدا لە پارچەیەکی دەڵێت:

. بە سەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم
شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەر چاوم
شریتی چی سەراپا سەرگوزشتەی نائومێدیمە
فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە... ئەحمەد هەردی

## تێبینی لەسەر دەقی یەکەم

١ـ تەواوی ڕستەکان لەسەر بنەمای ڕیزبوونی سینتاکسی زمانی کوردی بۆ بەشەکانی ئاخاوتن ڕیزبوونە، تەنها دوایین ڕستە (خوایە هەر خۆت بمکەی ڕزگار)، ئەمەیان لەبەر قافیەی هۆنراوەکە، لادانێك بەسەر سیستەمە سینتاکسییەکەی داهێنراوە، چونکە لە باری ئاساییدا دەبوو بڵێ: (خوایە هەر خۆت ڕزگارم کەی).

٢. شیعرەکە بە شێوەزاری هەولێرە، بەڵام لەبەر کێشی هۆنراوەکە لە هەندێ شوێندا وشەی (ئەی) شێوەزاری سلێمانی لە جیاتی (ئەدی)ی شێوەی هەولێر بەکارهێنراوە، لە شوێنێکیش وشەی پرسی (چی) شێوەی سلێمانی لەجیاتی (چ)ی شێوەی هەولێر بەکارهێناوە.

٣. لە ڕستەکانی دواییدا پرسیارەکانی:

. ئەی چ بکەم لۆ کرێی خانوو؟

ئەی چ بکەم لۆ خەرجی مندار؟

ئەم ڕستانە ڕستەی پرسیارن، بەلام پرسیاری خوازەیینە، واتە بۆ مەبەستی گەیاندی ئەم هەوالانە هاتوونە:

. هیچم نییە بۆ کرێی خانوو!

. هیچم نییە لۆ خەرجی مندار!

ئەمانەش ڕستەی هەوالی سەرسامین، وەلامیان ناوێ، کەوابێ ئەو ڕستانەی سەروو کە پرسیارن، بۆ مەبەستی درووستی پرسیار نەهاتوون و بۆ مەبەستی خوازەیی هاتوون، ئەوەش لادانە لە باری ئاسایی پرسیار کردن، بەلام ئەو لادانە گشتییە، چونکە هەموو خەلك وەها قسە دەکات، بۆیە شاعیریش سوودی لە زمانە گشتییەکە وەرگرتووە و بۆ خۆی شتێکی دانەهێناوە.

٤ـ بیرۆکە سادەیە و ڕوون و ئاشکرایە، هەموو کەسێك تێیدەگا، وەستان و تێڕامانێکی ئەوتۆی ناوێ، لادانەکانیش کەمن و هەموویان لادانی ئاساییین.

## تێبینی لەسەر دەقی دووەم

کاتێك ئەم دەقە کورتەی دووەمە ئەخوێنینەوە، کە تەنیا دوو دێڕی قەسیدەییێکی درێژی (ئەحمەد هەردی)یە، هەست دەکەین دەقێکی تایبەتەو پێشتر شتی وەهامان نەبیستووە، چونکە خەلکی وەها قسان ناکەن، ئەمەش چونکە لە زیاتر لە ڕوویێکەوە لادانی تایبەتی جوانی تێداکراوە، لەوانە:

١ـ (لوتکە) هی چیایە، دراوەتە (تەمەنی گەنجی)، کە ئەوەی دووەم چ لوتکەیەکی نییە، ئەوەش لادانە.

٢. شریت هی سینەمایە، دراوەتە (عومری ڕابردوو)، ئەوەش لادانێکی ترە.

٣ـ لادانێکی دی ئەوەیە، کە وەلامی پرسیاری خۆی دەداتەوە، ئەمەش دەبێتە مەجاز.

٤. وشەی (هەرەس)ی بۆ (لاوی) بەکارهێناوە، کە لادانە لە واتادا چونکە هەرەس بۆ داڕمانی بەفر بەکاردێ بەلام شاعیر لێرەدا بۆ عومری لاوی مرۆڤی بەکارهێناوە.

٥ـ بە سەرسامی ئاوەلفرمانە دەبوو لە تەك فرمانەکەی بێت، بەڵام هێنراوەتە سەرەتاو پێش بکەر، ئەوەش لادانە.

٦. فلیم پڕ لە ناسۆر نییە، چونکە ناسۆر مانایيەو بەرجەستە نییە، مەبەستی ئەوەیە پڕ لە شکستەکانی ڕۆژانی لاویمە، ئەوەش لادانە.

لەبەر هەموو ئەوانەش، ئەم دەقەی دووەمە ئەگەرچی بە قەبارە زۆر بچووکتر بوو لە دەقی یەکەم، بەڵام دەبینین لە ڕووی لادان درووستبوونی شێوازی تایبەت و ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعرییەتەوە زۆر دەوڵەمەندتر بوو لە دەقی یەکەم، ئەوەشە لەبەرئەوەی زمانەکەی تایبەتەو هی داهێنەرە.

## جیاوازییەکانی لادانی گشتی و لادانی تایبەتی

لادانی گشتی و لادانی تایبەتی لە زیاتر لە ڕوویێکەوە لە یەکتر جیاوازن، گرنگترینی ئەو جیاوازییانە لەمانەی خوارەوە کورتدەکەرینەوە:

١. لادانی گشتی نەتەوە ئەنجامی داوە مافی کەسی بە سەرەوە نییە، بەڵام لادانی تایبەتی تاکە کەسی داهێنەر لە نووسەر و ئەدیب و شاعیران بەرهەمی دێنن.

٢. لادانی گشتی زمانی ئاخاوتنی خەڵکی دەوڵەمەند دەکات، بەڵام لادانی تایبەتی زمانی دەربڕینی ئەدەبی دەوڵەمەند دەکات.

٣. لادانی گشتی بە لای هەموانە خوێندەوار و نەخوێندەوار، زانا و نەزان، گەورە و بچووك ئاساییە و بە بەکارهێنانی کەس هەست ناکات شتێکی جیای پێشکەش کردووە، بەڵام لادانی تایبەتی بە لای هەموانەوە نوێیە، وورووژاندن دروست دەکات، ئەوەی دەیبیسێت هەست دەکات ئەمە شتێکی تازەیە و پێشتر شتی وەهای نەبیستووە.

٤. لادانی گشتی چێژی بەسەر چووە، بەڵام لادانی تایبەتی بەردەوام چێژی تایبەت و نویێ دەبەخشێت.

*        *        *

## لادانی واتایی و لادانی دارشتن

به بەرچاوگرتنی ئەو بکەرەی لادانی دروست کردووە، دوو جۆری لادان هەبوو بریتی بوون لە (لادانی گشتی و لادانی تایبەتی)، بەڵام بە بەرچاوگرتنی ئەو بوارانەی لادانیان تێدا ئەنجام دەدرێت، دوو جۆری تری لادان هەنە، بریتینە لە (لادانی واتایی و لادانی دارشتن).

### یەکەم: لادانی واتایی

لێرەدا لادانەکە پەیوەندداره بە جەوهەری مادە زمانییەکە (کۆهن) ناوی ناوە (لادانی بە گۆڕین) عەرەبیش ناویان ناوە (الانزیاح الاستبدالی) خواستن (استعارە) کۆڵەگەی سەرەکی ئەم لادانەیە، کە مەبەستمان لە خواستن ئەو خواستنەیە کە لە تاکە وشەدا کورت دەبێتەوە پەیوەندی نێوان وشەی (خواستراو) و وشەی (بۆخواستراو) پەیوەندی لێکچوونە. یان بە واتایەکی تر: (خواستن) بریتییە لە گواستنەوەی ناوی شتێك بۆ شتێکی دیکە، لەبەر هەبوونی پەیوەندی لێکچواندن لە نێوانیاندا.

## جۆرەکانی لادانی واتایی

لادانی واتایی زیاتر لە شێوەیەکی هەیەگرنگترین ئەو شێوانەی لەمانەی خوارەوە کورت دەکەینەوە.

### ١ـ لادانی ئاشکرا

ئەم لادانە بە ئاشکرا وشەیەك لە جیاتی وشەیەك بەکاردێنێ، ئەمەش لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی لێکچوون لە نێوان ئەم دوو وشانەدا هەیە بۆ نموونە:

. کە دوێنێ هاتی و فەرمووت بێ، نەهاتم مەصلەحەت وابوو

ئەوێستا چاوەکەی من چی دەفەرمووی بەندە فەرمانم... حاجی قادری کۆیی

(چی دەفەرمووی) تایبەتە بە مرۆڤ، کەواتە (چاوەکەی من) بە لادان دراوەتە مرۆڤ، چونکە لە جیاتی مرۆڤ بەکارهاتووە، دەنا نابێ فرمانی (چی دەفەرمووی) پێبدرێت، ئەو لادانەش واتاییە، چونکە وشەیەك لە باتی وشەیەکی تر بە ئاشکرا هاتووە، لەولاوە گشتیشە، چونکە هەموو نەتەوە هەر وەها قسە دەکەن.

. گورگەکان ژیانیان لێ تاڵ کردووم

هەرچی هەمبوو لێیان داگیرکردم

(داگیرکردوم) قەرینەی ڕێگرە لە (گورگ) کە بۆ واتای دروست بکارهاتبێ، واتە (داگیرکردن) سیفەتی مرۆڤە، دراوەتە گورگ، ئەوەش کەواتە (گورگ) بەری لادانەو بۆ واتای خۆی نەهاتووە، بەڵکو لە جیاتی مرۆڤی سیفەت گورگ بەکارهاتووە، ئەمەش لادانی ئاشکرایە، چونکە لە جیاتی مرۆڤ بەکارهاتووە، دەنا نابێ فرمانی (لێ داگیرکردووم) بە (گورگەکان) بدرێت، ئەو لادانەش واتاییە، چونکە وشەیەك لە باتی وشەیەکی تر بە ئاشکرا هاتووە، لەولاوە گشتیشە، چونکە هەموو نەتەوە هەر وەها قسە دەکەن.

**قەرینە**: هۆکارێکی ڕۆشنکەرەوەیە وادەکات پێت بڵێت کە ئەم وشەیە بۆ چ واتایەك بەکارهاتووە.

. عەزیزم ڕۆحی شیرینم دوو چاوم

دەوای زامی دڵ و جەرگی بڕاوم... نالی

ڕۆحی شیرینم، دوو چاوم، هەردووکیان لادانی ئاشکران، سیاقی دەربڕینەکە قەرینەیە، کە وادەکات نەتوانین بڕوا بەوە بکەین کە ئەم (ڕۆح و دوو چاو)ە، بۆ واتای دروستیان بەکارهێنرابن، چونکە (ڕۆح و چاو) قەت نابنە دەوای جەرگ و دڵی زامدار.

## تێبینییەکی گشتی

هەموو وشەیەکی (چاوەکەم، ڕۆحەکەم، دڵەکەم، مانگ، ڕۆژ، فریشتە، پەپولە، گورگ، شێر، ڕێوی، سەگ، بەراز، هەڵۆ...هتد) و هەر چییەکی تر لە وشە هاوشێوەکانیان، بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر هاتوو لەجیاتی ناوێکی تر هاتبوون ئەوا خواستنی ئاشکرانەو لادانێکی واتایی دروست دەکەن بۆ نموونە: (گورگەکە دانیشت، ڕێوییەکە گریا، پەپولەکە پێکەنی، شێرەکە قسەی کرد) لە هەموو ئەو ڕستانەدا دەبینین (گورگەکە، ڕێوییەکە، پەپولەکە، شێرەکە) بوونەتە بکەری فرمانێك کە ئەم

فرمانانە هەمووی هی مرۆڤن و ناشیٚ هی ئەو گیانلەبەرانە بن، لەبەرئەوە هەموو ئەو ناوانە بکەری خواستراون، لە جیاتی مرۆڤێك هێنراون، کە ئەو مرۆڤانە لە سیفەتێك لە سیفەتەکانیاندا وەکو ئەو بکەرە خواستراوانە وانە، واتە: لێکچوونێك هەیە لە نێوانیان، کەسەکان بکەری دروستن ئەو ناوانە بکەری خواستراون، ئەم جۆرە خواستنەش خواستنێکی ئاشکرایە چونکە بە ئاشکرا ناوێك لەجیاتی ناوێکی تر بەکارهێنراوە، ئەمەش جۆرێکی لادان دروست دەکات پێی دەڵێن لادانی واتایی ئاشکرا.

## ٢ـ لادانی درکاوی کەرتی

لێرەدا خواستنەکە بە جۆرێکی دیکە دروست دەبێت، کاتێك شتێك بە شتێکی دیکە دەچوێنرێت شتی یەکەم کە (لێیچوو)ە دەمێنێتەوە، بەڵام شتی دووەم کە (لەوچوو)ە لادەبریٚ، پەیوەستێکی (لەوچوو) دەدرێتە پاڵ (لێیچوو)، بەمەش لادانی واتایی لە جۆری درکاوی کەرتی بەرهەم دێت.. بۆ نموونە:

. ڕۆژتە ئەی بادی نەورۆزی لە بن بەفری گران
کانی پێی سڕ بوو! چناریش دەستی چوو، پەنجەی تەزی... حاجی قادری کۆیی
واتە: کانی وەکو مرۆڤ پێی سڕبوو.. لەمەشدا:
کانی: لێیچووە
مرۆڤ: لەوچووە
پیٚ: پەیوەستی مرۆڤە دراوەتە کانی
بەوەش لادانی درکاوی کەرتی درووستبووە، چونکە لێیچوو ماوە و لەوچوو نەماوە.

واتە: چنار وەکو مرۆڤ دەستی چوو.. لەمەشدا:
چنار: لێیچووە
مرۆڤ: لەوچووە
دەست: پەیوەستی مرۆڤە دراوەتە چنار
بەوەش لادانی درکاوی کەرتی درووستبووە، چونکە لێیچوو ماوە و لەوچوو نەماوە.

واتە: چنار وەکو مرۆڤ پەنجەی تەزی.. لەمەشدا:

چنار: لێیچووە

مرۆڤ: لەوچووە

پەنجە: پەیوەستی مرۆڤە دراوەتە چنار

بەوەش لادانی درکاوی کەرتی درووستبووە، چونکە لێیچوو ماوە و لەوچوو نەماوە.

. تا نەگریا ئاسمان و تەم ولاّتی دانەگرت

گوڵچەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی غونچەش وا نەبوو... نالی

واتە: تا ئاسمان وەکو مرۆڤ نەگریا، گوڵی چەمەن ئارانەبوو و غونچەش وەکو لێوەکانی مرۆڤەکان نەکرایەوە.. لەمەشدا:

ئاسمان: لێیچووە

مرۆڤ: لەوچووە

نەگریا: پەیوەستی مرۆڤە دراوەتە ئاسمان

بەوەش لادانی درکاوی کەرتی درووستبووە، چونکە لێیچوو ماوە و لەوچوو نەماوە.

غونچە: لێیچووە

مرۆڤ: لەوچووە

لێو: پەیوەستی مرۆڤە دراوەتە غونچە

بەوەش لادانی درکاوی کەرتی درووستبووە، چونکە لێیچوو ماوە و لەوچوو نەماوە.

. من غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جگەری خواردمەوە

بۆیە گریام چەند بە چەند فرمێسکی خوێنینم نەهات... سالم

واتە: من غەمم وەکو سێوێك خوارد، غەمیش وەکو گورگێك خوێنی جگەری منی خواردەوە.. لەمەشدا:

غەم: لێیچووە

سێو: لەوچووە

خوارد: پەیوەستی سێوە دراوەتە غەم

بەوەش لادانی درکاوی کەرتی درووستبووە، چونکە لێیچوو ماوە و لەوچوو نەماوە.

غەم: لێیچووە

گورگ: لەوچووە

خواردەوە: پەیوەستی گورگە دراوەتە غەم

بەوەش لادانی درکاوی کەرتی درووستبووە، چونکە لێیچوو ماوە و لەوچوو نەماوە.

. کاتیٚ شنتەی با لە دەرگام دەدا

دلٚ وەکو نێرگز دەگەشێتەوە

بەلاٚم کە دەنگی گورگ دەبیسم

خونچەی ئارەزووم دەپووکێتەوە... نەجات ئەسپیندارەیی

واتە: کاتێك شنەی با وەکو مرۆڤێك لە دەرگام دەدا.. لەمەشدا:

شنەی با: لێیچووە

مرۆڤ: لەوچووە

لە دەرگام دەدا: پەیوەستی مرۆڤە، دراوەتە شنەی با

بەوەش لادانی درکاوی کەرتی درووستبووە، چونکە لێیچوو ماوە و لەوچوو نەماوە.

. لەگەلٚ تەنیایی گوزەر دەکەم و

سەگێکیش نییە ببێتە هاوڕێم

گورگ لە دەورەم چنگە کڕە دەکا

خەریکە کەڵپەی نقوم کا لە پێم... نەجات ئەسپیندارەیی

واتە: تەنیایی وەکو هاوڕێیەکە لەگەڵیا گوزەر دەکەم، کەسێکی وەکو سەگیش نییە ببێتە هاوڕێم.. لەمەشدا:

تەنیایی: لێیچووە

هاوڕێیەك: لەوچووە

گوزەر دەکەم: پەیوەستی مرۆڤە، دراوەتە تەنیایی

بەوەش لادانی درکاوی کەرتی درووستبووە، چونکە لێیچوو ماوە و لەوچوو نەماوە.

. ئەی موڕسەلی حەق تاجی سەری جوملە پەیامبەر

ئەی نوری دڵی ئەڕز و سەما سەییدی سەروەر... حەمدی

دڵ هی گیاندارەو لێرەدا لە سیاقێك هاتووە، زیاتر بۆنی ئەوەی لێ دێت، تایبەت بێ بە مرۆڤ، دراوەتە ئەرز و سەما، کە ئەوانە دڵیان نییە، واتە: ئەرزو سەما دەڵێی مرۆڤن و دڵیان پڕ نورە، دواتر ئەم ڕستەیە کورتکراوەتەوەو بنەماکانی لێکچوواندنی تێکچووە، لێچوو کە (ئەرزو سەما)یە ماوەو پەیوەستێکی وەکو (دڵ)ی لە لەوچوو، کە (مرۆڤ)ەو نەماوە وەرگرتووە، بەوەش لادانی درکاوی کەرتی و زمان و شێوازێکی تایبەت و نوێ بەرهەمهاتووە.

### ٣. لادانی درکاوی تەواو

ئەو لادانەیە، کە لەسەر بنەمای درکە (ئیدیۆم ـ کینایە) دادەمەزرێت، واتە: لێرەدا ڕستەیەك بۆ غەیری واتای دروستی خۆی و بۆ واتای درکاو بەکاردێت، هەرچەندە هیچ ڕێگرییەك نییە لەوەی ڕستەکە بۆ واتای دروستیش بەکارهاتبێ، ئەوەش لەبەر ئەو لێکچوونەیە، کە لە نێوان دەربڕینی درکاو و واتای درکاوی ڕستەکەدا هەیە، لێرەدا دوو بنەڕەت هەنە یەکەمیان دەربڕینی درکاو و دووەمیان واتای درکاوە.. بۆ نمونە:

ـ چەم بێ چەقەڵ نابێ

لەم ڕستەیەدا:

چەم بێ چەقەڵ نابێ: دەربڕینی درکاوە

کۆمەڵگە بێ کەسی خراپ نابێ: واتای درکاوە

ـ گۆزە هەموو جارێ بە ساغی ناگەڕێتەوە

لەم دەربڕینەشدا:

گۆزە هەموو جارێ بە ساغی ناگەڕێتەوە: دەربڕینی درکاوە

مرۆڤ هەموو جارێ وەکو خۆی ناگەڕێتەوە: واتای درکاوە

. له هەموو هەورێك باران نابارێ

لەم ڕستەیەشدا:

له هەموو هەورێك باران نابارێ: دەربڕینی درکاوه

هەمان کار هەموو جارێ هەمان ئەنجامی نابێ: واتای درکاوه

. زمانی کورته

لەم دەربڕینەدا:

زمانی کورته: دەربڕینی درکاوه

کەسێکی شەرمەزاره: واتای درکاوه

. زمانی درێژه

لەم دەربڕینەدا:

زمانی درێژه: دەربڕینی درکاوه

کەسێکی زۆر بلێیه، یان لەسەر حەقه: واتای درکاوه

. زمانی لووسه

لەم دەربڕینەدا:

زمانی لووسه: دەربڕینی درکاوه

کەسێکه خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنێ: واتای درکاوه

. گەر بیسوتێنی بۆن سۆی لێ نایه

زۆر پەشیمانم خۆزگه نەمدیایه

لەم دێڕه شیعرەدا:

گەر بیسوتێنی بۆن سۆی لێ نایه: دەربڕینی درکاوه

هەژار و رووت و رەجاڵه: واتای درکاوه

. نانی خۆی تاکو به تەندووری گەرم پێوه نەدا

ناڕوا حاجی ئەگەر چاوی دەرێنن به بزووت

لەم دێڕە شیعرەدا:
نانی خۆی تاکو بە تەندووری گەرم پێوە نەدا: دەربڕینی درکاوە
تا کاری خۆی تەواو نەکات: واتای درکاوە

. بە بادی سەڕ سەڕی سەدری دەوت من ناشکێم، ئەمما
برا پشتی شکاندووم بێکەسی بەستوویەتی باڵم.. حەمدی
برا پشتی شکاندووم: دەربڕینی درکاوە
براکەم مردووە: واتای درکاوە

. جگەر سووتاوم و تووشنەی نماری رەحمەتم، دەشڵێم
بە ئاهی سەردەوە خاکی بە سەرداکەم بە دامانم... حەمدی
جگەر سووتاوم: دەربڕینی درکاوە
منداڵم مردووە: واتای درکاوە

. لە ژێر پێدا دەچن حەیف و مخابن
گەدا بن ئێوە دوژمنتان بە شابن... حاجی قادری کۆیی
لە ژێر پێدا دەچن: دەربڕینی درکاوە
لەمەولا تێك دەشکێن و زەلیل و ڕیسوا دەکەون: واتای درکاوە

. من لە تۆفانا بەڕەی خۆم دەردەکەم
وا مەزانە دامەنی خۆم تەڕ دەکەم... حاجی قادری کۆیی
من لە تۆفانا بەڕەی خۆم دەردەکەم: دەربڕینی درکاوە
من لە هەموو بارێکی ناخۆش دەتوانم خۆم ڕزگار بکەم: واتای درکاوە
. ئەم ئەرزە کۆنە هەوارە، خەلایقیش کۆچە
تەماعی سوری نەبێ، کەس لە ژێر چادری شین... حاجی قادری کۆیی
تەماعی سوری نەبێ، کەس لە ژێر چادری شین: دەربڕینی درکاوە

کەس بە تەما نەبێ لە ژیانی دونیادا ئاواتەکانی بێتە دی، واتا کەس ناگاتە ئاواتەکانی: واتای درکاوە

. عەقڵەکی خوا داویە گەر پیرەژن سەرفی بکا
دەستی ڕۆستەم بادەدا، ئێران لە توران دتدەنێ
دەستی ڕۆستەم بادەدا: دەربڕینی درکاوە
لە ڕۆستەمیش دەباتەوە و تێکی دەشکێنێ: واتای درکاوە

. خوسرەو کە سەری دابوو لە بەرد بەردی لە سەردا
کیسرا دڵی هەر زوو شەق بوو بوو بە خەنجەر...
دڵی هەر زوو شەق بوو بوو: دەربڕینی درکاوە
هەر زوو ترسێکی زۆری لێ نیشت: واتای درکاوە

. وەی کە روو زەردی مەدینە و روو سیاهی مەککە خۆم
دەرکراو و دەربەدەر یاڕەب دەخیلی عەفوی تۆم... نالی
ڕوو زەردی مەدینەم: دەربڕینی درکاو
شەرمەزاری پێغەمبەرم (درودو سلاوی خودای لەسەر): واتای درکاوە
ڕوو سیاهی مەککە خۆم: دەربڕینی درکاوە
گوناهباری خودای گەورەم: واتای درکاوە

. دەستم دامێنت ئەی میللەت لە خۆت هەرگیز نەبی بایی
نەهێڵی خوێنی لاوانت ئەبەد بڕژێ بە خۆڕایی
دەستم دامێنت: دەربڕینی درکاوە
تکات لێ دەکەم: واتای درکاوە
بەوەش لادانی درکاوی تەواو بەرهەمهاتووە

. حیسابی خۆم دەکەم قەسدم وەهایە خۆم بسووتێنم

کە فیکری بەحری ئیحسانت دەکەم پڕ ئاوە لێوانم... حەمدی

دەربڕینی درکاو: پڕ ئاوە لێوانم

واتای درکاو: دڵم خۆشدەبێت و سەرسامم

واتە لادانی درکاو لە (پڕ ئاوە لێوانم)دایە، کە ئەمە مەبەست لێی ئەوەیە، کاتێك فیکری چاکەو ئیحسانەکانی تۆی خودا دەکەم، کە چەندە چاکەو ئیحسان و بەخشینت زۆر و بێژمارن، دڵم خۆش دەبێت و سەرسام دەبم، لە کاتی دڵخۆشبوون و سەرسامیش ئادەمیزاد ئاگای لە خۆی نامێنێ دەمی بەش دەبێتەوەو دەمارەکانی شەویلاگی خاودەبنەوە، ئاوێك دەردەدەنە ناو دەم، بەمە دەمی کەسە سەرسامەکە پڕ دەبێ لە ئاو، ئەوەش وێنەیێکە شاعیر کردوویەتییە درکە بۆ گوزارشتکردن لە دڵخۆشبوونی زۆری خۆی بە لوتف و چاکەو عەفوی خودای. بەم شێوەیەش لە مانای یەکەمەوە، کە درکەکەیە (پڕ ئاوە لێوانم)، دەگەینە واتای دووەم (زۆر دڵخۆش دەبم)، ئەوەش دەربڕینێکی درکاوی تەواوە بە پەیوەندی جیا درووستکراوە.

لە هەموو ئەو نمونانەی سەروودا، دەبینین کە ڕستەیەك درکێنراوە، چ ڕێگرییەك نییە، کە بۆ واتای درووستی خۆی بەکارهێنرابێ، بەڵام دەشزانین بۆ واتای درکاو بەکارهاتووە، چونکە ئەگەر بۆ واتا درووستەکەی بێ، ئەمە جوانییەك نابەخشێ و واتاکەی بەسەر چووە، بۆیە هەموویان لادانی درکاوی تەواویان درووستکردووە.

**دووەم: لادانی دارشتن ( تەرکیبی )**

لێرەدا لادانەکە بەستراوەتەوە بە چۆنییەتی دارِشتنی بیر و دروستکردنی لادانە واتاییەکە لەگەڵ وشە و ئاخاوتنەکانی بەشە ئاخاوتنە نزیکەکانی لەو سیاقەی تێیدا دەردەکەوێت، کە ئەو سیاقە دەشێ کورت یان درێژ ببێتەوە.

ئەم جۆرە لادانە ئەو کاتە ڕوودەدات، کە بە شێوەیەکی جیا لە زمانی سروشتی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی دەقە ئەدەبییەکە دروست دەکرێت و پێکەوە دەلکێنرێت، کە ئاشکرایە لە کۆندا لەبەر ئەو هۆیە بووە گوتویانە: زمانی دەقی ئەدەبی لە زمانی

سروشتی و زمانی ئاسایی و زمانی پەخشانی زانستی جیاوازە، ئەوەتا لە کاتێکدا ئەو سێ زمانەی دوای تا ڕادەیەکی زۆر لە بەهاکانی جوانی خاڵی دەبن، زمانی دەقی ئەدەبی بەم شێوەیە نابێ، زۆربەی دەربڕین و وشە و تەنانەت وشە و دەستەواژەکانی بەهایەکی جەمالی بۆ خۆیان دروست دەکەن و بە شێواز و چێژێکی جیا دەکەونە بەر گوێ، بۆیە داهێنان بەوە دەناسرێتەوە، کە تاوەکو چەند توانای لادانی لە (باو) و بەکارهێنانی زمان وەکو هەیەو دروست کردنی شێوازی دیکەی کاریگەر بۆ دەقەکەی هەیە، ئەمەش وا دەکات زمانی ئەدەب بە گشتی و زمانی شیعر بە تایبەتی، هەمیشە نوێ ببێتەوەو خوێنەر چاوەڕوانی زۆرتریان لێبکات.

لێرەدا کێشەیەکی کۆن دێتەوە بیر، ئەویش کێشەی وشە و واتا (فۆڕم و ناوەڕۆک)ە، کە ئایا گرنگی بە کامیان بدرێت و شاعیر بە کامیانەوە زیاتر لە ئەوی دیکە خەریك بێت؟ دیارە کە ئەو کێشەیە تەنانەت لە سەدەکانی بەر لە نووسینیش کێشەیەکی زیندوو بووە و زۆر جار ئامادەیی هەبووە، لەسەر بنەمای ئەوەشە، قوتابخانە و ڕێبازی ئەدەبی تەواو لێك جیا هەر لە کۆنەوە دروست بوونە، خەڵکێك گوتوویەتی: وشە گرنگە و دەبێ شاعیر خەریکی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و ڕازاندنەوەی دەربڕینەکانی بێت، لەسەر بنەمای ئەم بیرە ڕێبازی هونەر بۆ هونەر دروست بووە.. خەڵکێکیش بە پێچەوانەوە بیریان کردۆتەوە، گوتوویانە: هەمیشە (واتا) گرنگترە لە وشە و دەربڕین، دەبێ شاعیر هەمیشە لە بیری پێشکەشکردنی واتای گرنگ و بەهێز دابێ، نەوەك خەریکی ڕازاندنەوەی ڕوواڵەتی بێت، لەسەر ئەم بنەمایەش ڕێبازی هونەر بۆ ژیان دروست بووە. دوای ئەوە گوتراوە ئەگەر هونەر بۆ ژیان بوو ئەوا ئەدەبیش وەکو یەك لە پێنج لە هونەرە جوانەکان دەبێ بۆ ژیان بێت، ئەگەر ئەدەبیش بۆ ژیان بوو ئەوا بە زمانی ئاخاوتنی زۆرینە و ئاسایی خەڵکی دەنووسرێت، لێرەشدا لادان کەمدەبێتەوە ئاستی هونەری دەقی ئەدەبی بەرەو نزمی دێتەوە، بەڵام ئەگەر هونەر بۆ هونەر بوو ئەوا ئەدەبیش لە پێناوی داهێنانی تێکستی ئەدەبی دەنووسرێت، لێرەشدا ڕێژەی لادانە زمانییەکان زۆرتر دەبێت و شێوازی جۆراوجۆر دروست دەبێ، بەڵام لە ڕاستیدا لە هەردوو باردا ئەدەب هەر ئەدەبە و دەقی ئەدەبی هەر جودایە لە زمانی سروشتی و زمانی ئاخاوتنی ئاسایی، چونکە باش ئەوەیە

ئەدەب گرنگی بە هەردوو لایەنی واتاو ڕووخسار بدات و هیچیان نەکاتە قوربانی ئەوی تر.

## جۆرەکانی لادانی تەرکیبی

چەندین جۆری لادانی دارشتن هەیە، لەم لێکۆلینەوەیەماندا تیشک دەخەینە سەر هەندێکیان.. ئەوانیش:

### ١. لادان لە بنەمای سینتاکسی

هەموو زمانێك لە ڕێگەی کۆمەڵێك یاساوە بەڕێوەدەچێت، ئەو یاسایانە تایبەتمەندی زمانەکە دروست دەکەن و کەم تا زۆر لەگەڵ زمانەکانی دیکە جیاوازی بۆ دروست دەکەن، بە پێی ئەم یاسایانە بەشەکانی ئاخاوتن هەموویان شوێنی تایبەتیان هەیە لە ناو ڕستەدا، بەڵام لە زمانی ئەدەبدا بە شێوەیەکی گشتی و لە زمانی شیعریشدا بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەدیب و شاعیر بە شێوەیەکی گشتی لەو یاسایانە دەردەچن و لەبەر چەند هۆیەکی لەیەك جیا لەو یاسایانە لادەدەن، گرنگترین ئەو هۆیانە بریتینە لە (کێشی شیعر، سەروای شیعر، دروستکردنی دەربڕین یان دەقی جوان، حەزی خۆ جیاکردنەوەی شاعیر،لەگەڵ چەندین هۆکاری دیکە).. بۆ نمونە:

. ڕاگری ژینمی تۆ

تەوانا و تینمی تۆ... محەمەد حوسێن بەرزنجی

ئەم دوو ڕستەیە لە سیستمی ڕستەسازی کوردی لایان داوە، لە زمانی سروشتیدا دەبوو بگوترێ (تۆ ڕاگری ژینمی، تۆ تەوانا و تینمی)، چونکە ئەم ڕستانە ڕستەی ناوینە، بەشە سەرەکییەکانیان بریتینە لە نیهاد (مبتدأ) لەگەڵ گوزارە (خبر)، لە ڕستەی ناویشدا هەمیشە یاسای چەسپاو ئەوەیە نیهاد بکەوێتە پێش گوزارە لە هەردوو رستەدا (تۆ) نیهادە (راگری ژینمی، تەوانا و تینمی) گوزارەنە، پاش و پێش کراون.

. خەزانی هیجری تۆ بوو ئەی ئەساسی عیزز و تەمکینم

شکستی دا بە باغاتی خەیاڵی قەلبی غەمگینم... ناری

له باری دروستدا دەبوو بگوترێ (ئەی ئەساسی عیزز و تەمکینم خەزانی هیجری تۆ بوو...)، چونکه (ئەساسی عیزز و تەمکینم) له بڕی (تۆ) هاتووه، که (بانگکراو)ە، بانگکراویش هەمیشه دەبێ بکەوێته سەرەتای ئاخاوتن.

. وریابه قەڵەم باسی ئەبو بەکری صدیقه
ئیمانی که دەریایەکی بێ حەدد و عەمیقه... حەمدی

له باری دروستدا دەبوو بڵێ (ئەی خاوەنی قەڵەم وریابە)، چونکه (وریابە) فرمانه و (قەڵەم، که مەبەست لێی خاوەنی قەڵەمە) فرمانپێکراوە، هەمیشەش یاسا ئەوەیە که فرمانپێکراو بکەوێته پێش فرمانەکه.

. کارم هەموو گریانە بەدەم میحنەت و دەردۆ
مردم له ئێش و ئۆفی قسەی دوژمن و بەدگۆ... ناری

له باری دروستدا دەبوو بگوترێ: (هەموو کارم گریانە)، چونکه (هەموو) ئاوەڵناوێکی نادیارە و لەو جۆرەی ئاوەڵناوانەیە، که دەبێ بکەوێته پێش ناوە وەسفکراوەکه.

. هاتن شەهیدان به جلی سور و خوێنەوە
دایکی وەتەن دە هەڵسە سلاویان بسێنەوە... پیرەمێرد

له باری دروستدا دەبوو بڵێ: (شەهیدان هاتن). یانیش بڵێ: (شەهیدان به جلی سور و خوێنەوە هاتن).. چونکه شەهیدان بکەرە، (هاتن) فرمانە، (به جلی سور و خوێنەوە) ئاوەڵفرمانی چۆنیەتییە، له ڕستەسازی کوردیشدا هەمیشه بکەر دەکەوێته پێشەوەی ڕستە و فرمان دەکەوێته دواوەی ڕستە و ئاوەڵفرمانیش دەکەوێته دوای بکەر و پێش فرمانەکه.

## ٢ـ لادان به درێژ بڕی

له سادەترین پێناسەیدا بریتییه لەو دەربڕینەی ژمارەی پیت و وشەکانی زۆرتربن له واتاکەی.. بۆ نمونە:

. خێرا هاتەوە بە ڕوویێکی خۆش

گوتی: بەخێر بێن، بەخێر بێی کێخوا... دڵدار

بەخێربێی کێخوا زیادەیە، درێژبڕییە، بۆ ڕێزی زیاتر پیشاندان بەرامبەر بە کێخوا هێنراوە، دەنا (بەخێربێن) گشتییەو کێخواش دەگرێتەوە.

. نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندوێتیم

تیکە نانێکە

چ نان؟

نانی جۆ!

ئەویش بەبێ دۆ!... دڵدار

لەم کۆپلەیەدا:

چ نان؟

نانی جۆ!

ئەویش بەبێ دۆ!

هەمووی زیادەیە، چونکە کە گوتی: تیکە نانێکە، واتاکە بە تەواوی گەیشتبوو، لە هەموو ئەو زیادەیەش لە دەربڕین واتا هەروەکو خۆی مایەوەو چ زیادی نەکرد.

. ئێستە مەعلوومی بوو هەموو میللەت

ئەی مەلای دەرس و موفتی ئوممەت... حاجی قادری کۆیی

هەموو: سیفەتە، زیادەیە، بۆ جەخت کردنەوەیە، بەڵام مەعنای زیاد نەکردیە لادانە لە درێژبڕی، چونکە میللەت: ناوی گشتییە، هەمووان دەگرێتەوە.

. تا بمێنێ نوری چاو وهێزی پێم

دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم... هێمن

(دێم)ی یەکەم واتای مەبەست و تەواوە، ئەوانی تر (پێنج دێمەکانی تر)، زیادەنە و بۆ جەخت کردنەوەیە، لادانە لە درێژبڕی.

- هەر لە شیرازەوە هەتا بابان

پاکی یەك نەزمە پێی دەڵێن گۆران... حاجی قادری کۆیی

هەر: وشەی نادیارە، زیادەیە، درێژبڕییە

### ٣. لادان بە کورت بڕی

بریتییە لەوەی وشە کەمتربێ لە واتا، ئەمەش گەلێ جۆری لێدەبێتەوە، جاری وا هەیە پیتێك یان چەند پیتێك لە وشەیەك دەبنەوە، جاری واش هەیە لە ڕستەیەکدا بەشێکی زۆر، یان کەمی ئەو ڕستەیە دەبڕدرێت، کە دەشێ بڕاوەکە کەرتێکی ئامرازێکی پەیوەندی بێت، یان ئامرازێکی لێکدەر بێت، یان فرمان، یان هەر بەشێکی تر بێت لە بەشەکانی ئاخاوتن.. بۆ نموونە:

- لە هەر باخێك گوڵێکی سورم دیبێ

بۆی چووم هەزار دڕك لە پێم چەقیبێ... گۆران

لە هەر باخێك: گرێی ئاوەڵفرمانی شوێنییە، دەبوو بڵێ لە هەر باغێکدا، (دا) لابراوە، چونکە (لە... دا) لەگەڵ ئاوەڵفرمانی شوێنی دێت.

گوڵێکی سورم دیبێ: ڕستەی لێکدراوی مەرجییە، (پێویستی بە ئامرازێکی لێکدەری مەرجییە).. واتە دەبوو بڵێ: ئەگەر گولێکی سوورم دیبێ.. ئەگەر لابراوەو کورتکراوەتەوە.

چەقیبێ.. فرمانی ڕێژەی ئینشائییە (دانانی)، ئەم فرمانەش پێویستی بە ئامراز هەیە لەپێشی بێت، وەك (با)، دەبوو بڵێت: (با هەزار دڕکیش لە پێم چەقیبێ)! بەڵام چونکە کورت بڕییە (با) لادراوە.

دیبێ: لە ڕەگی چاوگی (دی) یان (دی) + (ب) + (ێ)ی ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك، خۆی لە ئەسڵ (دیبێت)ە، یاخود (دیتبێت)ە، چونکە ڕەگی چاوگی دیتن (دیت)ەو ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکیش لێرەدا (ێت)ە، بەڵام (ت)ەکان لابراون.

- زەمبیلفرۆش لاوەکی سادە بوو
ئەسڵی خۆی پاشازادە بوو
ساحێبی قەسر و هەیبەتێ... یەك لە دەقەکانی زەمبیلفرۆش
لە ئەسڵدا خۆی (ساحێبی قەسر و هەیبەتێ بوو) کورت بڕی کراوە بۆیە (بوو) نەماوە و لاچووە.

- خوایە وەتەن ئاواکەی
چەند دڵگیر و شیرینە
دەشتی خۆش و ڕەنگینە
ئاوی کەوسەرە
خاکی گەوهەرە
ئاواکەی: فرمانی داخوازییە لە چاوگی (کردن) وەرگیراوە، کە نیشانەی فرمانی داخوازی (ب)ە، لەگەڵ (کە)ی ڕەگی چاوگی (کردن) فرمانە داخوازییەکەیان درووستکردووە، دەبوو بڵێ: (ئاوا بکەی)، بەڵام بۆ ئاسانی دەربڕین، کورتبڕی کردووەو (ب)ەکەی لابردووە.
ئاوی کەوسەرە: (کورت بڕییە)، واتە: ئاوی لە پاکیدا وەکو ئاوی کەوسەرە
خاکی گەوهەرە: (کورت بڕییە)، واتە: خاکی لە نرخدا وەکو گەوهەرە.

- بەڵێ ئەو خوێنەی تۆ ڕشتت لە جەرگەی کۆڕی مەیدانا
هەزاران مۆری عاری نا بە ڕووی میللەتفرۆشانا...
میللەتفرۆش: ئاوەڵناوی بکەرە، لە باتی وەصفکراوەکەی هاتووە، کە (کەسە)، دەبوو بگوترێ: (کەسە میللەتفرۆشەکان)، بەڵام کورتبڕی کراوەو (کەسە) لابراوە.

- ئیتر گۆزەکان لە کانی نایێنەوە!
واتە: ئیتر خاوەنی گۆزەکان لە کانی نایێنەوە، لادانە بە کورتبڕی.

- شار تێگەیی!
واتە: خەڵکی شار تێگەیی. لادانە بە کورتبڕی.

. ئاغا دێ

گزیری نارده ڕێ... لەتیف هەڵمەت

ئاغا دێ.. ناوێکی تەواوکراوە، پێویستی بە (ی) ئامرازی خستنەسەر هەیە، بەڵام شاعیر کورتبڕی کردووەو ئەو (ی)یەی لابردووە، بەڵام ماناکەش نەگۆڕاوەو کەمی نەکردووە.

. بەرەو مەدینە هاتن

هاتن بەڵام چ هاتن!!

خۆر و مانگ بوون هەڵاتن

عالەمیان هاتە دیاری... عاجز

واتە: ئەوان بەرەو مەدینە هاتن.. شاعیر بکەری سەربەخۆی (ئەوان)ی لابردووە، کە مەبەستی ئەوەیە بڵێ: ئەوان لە ڕووناکی بەخشیندا دەتگوت خۆر و مانگ بوون، هەڵاتن. ئەوەش کورتبڕییە.

عالەمیان هاتە دیاری.. واتە: خەڵکی شاری مەدینە و دەوروبەریان هاتە دیاری، کورتبڕییە.

. وەکو بیستوومە ئەی یاری نیکۆپەی

لە تەئریخی جەم و ئەسکەندەری کەی

بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە

ئەمن خامەم هەیە و شیرنادیارە... حاجی قادری کۆیی

حاجی وای داناوە: دەوڵەت لەسەر دوو پایە ڕاوەستاوە: یەکێکیان شیرە (شمشێر) کە لێرەدا مەبەست لەشکر و سوپایە، دووەمیان خامەیە واتە (قەڵەم)، کە مەبەستی فیکر و بیر و ڕا و سیستەم و یاسایە.

لادانە بە کورتبڕی، چونکە مانا زۆرترە لە وشە، وشە کەمی کردووەو مانا کەمی نەکردووە.

## ٤. تێکدانی سیستمی درووستکردنی وشەی لێکدراو

لێرەدا وشە نوێکان بە پەیوەندی جیا درووست دەکرێن، نەك پەیوەندی یاسایی..
بۆ نمونە:

. پۆپی سلێمان تەشی ڕێسە

لە هەوادا بێن‌و بچن‌و بکەن مەلە... نەجات ئەسپیندارەیی

درووستەکە ئەوە بوو بڵێ: (مەلە بکەن)، کە ئەمە فرمانێکی لێکدراوەو لە دوو وشەی (مەلە) و (بکەن) پێکهاتووەو وەها لێکدەدرێت، بەڵام لەبەر جوانی دەربڕین، شاعیر هاتووە پاش و پێشی بە ئەم دوو بەشانەی فرمانەکەی کردووە، بەمە (بکەن مەلە)ی درووستکردووە، کە ئەوەش لادانە لە باسای ئاخاوتنی ئاسایی و درووست.

## ٥ـ لادان بە گۆڕینی شێواز

لێرەدا ئەو دارشتنەی هەیە، بۆ واتایەکی جیا لە واتا شێوازییەکەی هاتووە.. بۆ نمونە:

. چاوەکانم بەسییە غوربەت بێرەوە

چۆن بژیم من تۆ لەوێ من لێرەوە... هێدی

نیوە دێری دووەم رستەیەکی شێواز پرسیارییە، بەڵام بۆ پرسیار نەهاتووە، بۆ مەبەستی گەیاندنی ئەو هەواڵە هاتووە، کە دەڵێ: من بەم جۆرە تۆ لەوێ بی و من لێرە بم، ناتوانم بژیم.

. ئێمەش دەمرین دەبینە خاکی سەر ڕێ

ئەم ڕۆژ و شەوە تەنووری صوبحی دەگرێ... حاجی قادری کۆیی

شێوازی ئەم دێرە هەواڵە، بەڵام مەبەست ترساندن و وشیارکردنەوەیە، نەك گەیاندنی هەواڵ بێ، چونکە ئەو هەواڵەی دەگەیەنرێ، لە باری درووستدا دەبێ هەمیشە ئەو هەواڵە بێ، کە کەس پێشتر نەیبیستووەو شتێکی تازە پێشکەش بکات.

. لاله سەرحەد دەڵێت: (قەسەم بەو زاتەی گیانی لاله سەرحەی ها وە دەست: من و ئەو دارچنارەی بەر ماڵان پێکەوە ڕەو دەکەین)! دراماى بوکی ژێر دەواری ڕەش

لەم پارچەیەدا: (من و ئەو دارچنارەی بەر ماڵان پێکەوە ڕەو دەکەین) ڕستەیەکی هەواڵییە، بەڵام بۆ مەبەستی درووستی هەواڵ نەهاتووە، کە ڕەوکردنە، بەڵکو مەبەست پێچەوانەیەو واتە چۆن دارچنارەکە ڕەو ناکات، منیش وەهاو وەکو ئەو ڕەو ناکەم. واتە: هەواڵەکە بە شێوازی ئەرێ هاتووە، بەڵام مەبەست: شێوازی نەرێ و پێچەوانەیە.

٦. لادان بە گۆڕینی پیت

دەستی من دامێنی تۆ یا حەزرەتی خەیرولبەشەر

من سەگی ئەومە کە مەیلی سوڕەتی تاها دەکا... قانع

(من سەگی ئەومە) لە بنجدا بریتییە لە: (من سەگی ئەوەم)، ئەمەیان درووستە، بەڵام لەبەر ئاسانی کێشەکە، یان دەربڕینی ناوچەیی و تایبەتی خۆی، شاعیر (ئەوەم)ی گۆڕیوە بە (ئەومە).

سڵاو لەوەی لە ژیانا

کارو پیشەی داهێنانا

هەمیشە هەر لە خزمەتی

دین و گەل و نیشتیمانە... ئیدریس عەبدوڵڵا

(داهێنانا) بە گۆڕین دروستکراوەو لەم شێوازەدا خراوەتە ڕوو، تا لەگەڵ (ژیانا) هاوکێش بووەستێ، دەنا دروستەکەی (داهێنانە)یە، شاعیر (ە)ی بە (ا) گۆڕیوە.

## شیعرییەت

زاراوەیەکە بۆ ئاماژەکردن بە دوو چەمك بەکاردەهێنرێت.. یەکەمیان ئەرستۆ داینا، بە واتای نیگای داهێنان، مەبەست لێی: دۆزینەوەی کاریگەرییە تایبەتەکانی هەر شێوازێکی شیعری و لێکۆلینەوە لەو ڕەگەزانەیە، کە واتا زەقدەکەنەوەو سیماکانی

هەر کارێکی شیعری دەستنیشان دەکەن، ئەوەش بەو پێیەی شیعر لاساییکردنەوە، یان ڕەوانبێژییەکی گوزارشتکەرە.

دووەمیش یاکبسن داینا، مەبەست لێی: هەموو ئەو سیمایانەیە، کە نامەی زمانی دەکەنە کارێکی هونەری. یان هەموو ئەو سیمایانەیە، کە هونەری زمانی جیادەکەنەوەو دەیکەنە شتێکی جیا لە تەواوی هونەرەکانی تر. یان مەبەست لێی لێکۆلینەوەی زمانییە بۆ ئەرکی شیعری لە چوارچێوەی موڕاسەلاتە کەلامییەکان و گرنگیدان بە لێکۆلینەوەی وێنە سینتاکسییەکان، یان دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ڕێکخستنی جۆرە سینتاکسیەکان و پێکەوە پەیوەستبوونی بەرامبەر لەگەڵ عەروز، یان برگە شیعرییەکانە. یان بریتییە لە هەر شتێك کە پەیوەستە بە داهێنان و دانانی ئەو بەرهەمانەی زمان تیایاندا لە یەك کاتدا جەوهەرەو هۆکاریشە، یانیش بریتییە لە لێکۆلینەوە لە گوتاری ئەدەبی و تیۆرەکەی و گەڕان بە دوای هۆکارەکانی ڕەسەنایەتی لە نێو خودی کاری ئەدەبیدا.

## شیعرییەتی پەخشان

بریتییە لە زاڵبوونی ئەو تەعبیر و دارشتنە زمانیانەی، خاوەن ئیقاعی مۆسیقی و وێنە ڕوونبێژییە پڕ لە هەڵچوونەکانن، لە نێو هەر دەقێکی پەخشانیدا.

## شیعرییەتی میعیاری

چەمکێکە بەکاردەهێنرێ بۆ ئاماژەدان بە جەختکردنەوەی ڕەخنەگر، یان لێکۆلەر لەسەر ئەدەبیەتی دەق، یان هەبوونی مەرجانێکی هونەری دیاریکراو، کە ئەمانە وەکو بنەماو میعیارێك بۆ هەڵسەنگاندنی دەق لەبەرچاو بگیرێن.

## شیعرییەتی شێوازگەری

شیعرییەتی شێوازگەری لە دامەزراندنی پڕۆژەکەی خۆیدا لەو پڕەنسیپە سەرەکییە سەرچاوە دەگرێت، کە: وەصفی لیسانی بە تەنیا بەس نییە بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندێتی هەموو دەقێکی داهێنراو، چونکە لەو یاساو بنەما جوانیناسییە

گشتیانە دەکۆڵێتەوە، کە دەقە هونەرییەکان ڕێکدەخەن، ئەمەش وایکرد (ڕیڤاتێر) هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە هونەرییە تاکیەکانی هەر دەقێکی هونەری تەرخان بکات، لەو سیاقەشەوە (ڕیڤاتێر) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە هەندێك پێوەری تایبەت هەبێت، جیاوازی بکات لە نێوان ئەو ڕووداوە ئاساییانەی دەقیان لەسەر دادەمەزرێت، لەگەڵ ئەو ڕووداوە شێوازییانەی کار لە بیسەر دەکەن.

وەکو تێبینی دەکرێت: سەرچاوەکانی شیکاری شێوازگەری لە کارکردن لەسەر دیاردەی ئەدەبی، لەلای (ڕیڤاتێر) بۆ بیروبۆچوونە داهێنراوەکانی فۆرمالیستەکان بە تایبەت بۆچوونەکانی یاکبسن و بۆ شیعرییەتی بونیاتگەری و بە تایبەت تێگەیشتنی جۆن کۆهن بۆ لادان دەگەڕێتەوە. شیکاری فۆرمالیستەکان بە پێی ڕاڤەی ڕیڤاتێر، تاکە زامنکەرە بۆ دۆزینەوەی دیاردەی ئەدەبی لە (دەق)دا، چونکە گرنگی بەوە دەدات، کە تایبەتە لەنێو دەقی ئەدەبیدا، نەك گرنگی بە شتێکی دیکەی دەر لەوە بدات، لەسەر خودی (دەق)یش لەگەڵ پەیوەندییە ناوخۆییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان وشەکان و لەسەر فۆرم زیاتر لەوەی لەسەر ناوەڕۆك، هەروەها لەسەر کاری ئەدەبی بەو پێیەی، کەوا شوێنی سەرچاوەگرتنی زنجیرەیەك ڕووداوە، نەك بەو پێیەی، کە ئەوە خاڵی گەیشتنە بە ئەو زنجیرە ڕووداوە، یان بەو پێیەی ئەوە پوختەی ئەنجامی ئەو زنجیرەڕووداوەیە، کورت هەڵدەمێنێ، دیارە (ڕیڤاتێر) لەسەر گەلێك لە پڕەنسیپەکان لەگەڵ (یاکبسن) ڕێکدەکەوێت، بە تایبەت لەوەی کە دەڵێت: لە تواناد هەیە، زمانی ئەدەبی تەنیا لە ڕێگەی کورت هەڵمان لەسەر خودی زمانی پەیامەکە خۆی، بە شێوەیەکی وردی و بابەتی شیکاربکرێت. بەڵام جیاوازیەکەیان لەوە دایە، کە ڕیڤاتێر وای بەلاوە باشترە، کە لە باتی زاراوەی (ئەرکی شیعریەت)ی (یاکبسن)، زاراوەی (ئەرکی شێوازگەری) بەکاربهێنرێت، چونکە زاراوەی (ئەرکی شیعریەت) کەسی بەرانبەر بە هەڵە دەبات، وای تێدەگەینێ، کە بە تەنیا لەسەر بواری شیعردا کورتدەبێتەوە، بەڵام زاراوەی (ئەرکی شێوازگەری) فراوانترەو ئەو بەهەڵەبردنە درووست ناکات.

لەگەڵ هەبوونی ئەو جیاوازییە بچوکەش لە نێوان ڕیڤاتێر و یاکبسن، دیسانەوە ڕیڤاتێر پێی وایە، کە (ئەرکی شێوازگەری)، تەنیاو یەکە ئەرکی ئاراستەکراوە بۆ

پـەيامی ئـەدەبی، لـە کاتێکـدا کـە ئەرکـەکانی تـر بـەرەو ڕەگـەزانێکی دەرەکـی ئاراستەکراون، پەیوەندییان یان بە نووسەر و یان بە بیسەرو یان بە ناوەڕۆك و یان بە هەر لایەنێکی دیکەی بێجگەی ئەوانەشەوە هەیە، هەروەها ڕۆڵەکی لاوەکییان هەیە لە درووستکردنی بنیاتی دەقی داهێنراو.

گرنگترین خاڵێك کە شێوازگەری ڕیڤاتێر جیادەکاتەوە، پشتبەستنیەتی بە چەمکی لادان، بـەڵام تیـۆری دانـەر لـە دەستنیشـانکردنی ئـەو کارانـەی لەسـەر شـێوازگەری دەقەکانـدا ئـەنجام دەدرێـت، خـاڵی نابێـت لـە دەسـتکاریکردنێك لـە چـەمکەکە، بۆیـە ڕیڤاتێر هەوڵی دا، بەسەر هەندێ لەو ڕەخنانەدا تێپەڕێت، کە ئاراستەی ئەو تیۆرە کراوە، بە تایبەت گرنگترینیان، کە بریتییە لە زەحمەتی دەستنیشانکردنی ئەو یاساو بنەما، یـان پێـوەرە دەرەکیـە، کـە (لادان)ەکـە لـەوەوە دەبێـت، بۆیـە ڕیڤـاتێر پێشـنیاری کرد، لە باتی (بنەمای دەرەکی)، (بنەمای ناوەخۆیی) بەکاربهێنرێت، کە ئەوەی دووەم پەیوەنددار بێت بە بنیاتی هونەری دەق، چونکە هەموو کارێکی شێوازگەری لە ماوەی پەیوەندییـە سـیاقییەکانی بـە کـارە شـێوازگەرییە ئاسـاییەکان لـەناو خـودی بنیـاتی هونـەری دەقـەوە دەستنیشـان دەکرێـت، ئەمـە لەبـەر ئـەوەی بـە تـەنیا سـیاق خـۆی زامنکـەری دەستنیشـانکردنی ئـەو یەکـە زمانییانەیـە، کـە بـە ڕۆڵێکـی ئـەرکی و پێڕاگەیانـدنی لـە سیسـتمێك لـە پەیوەندییـەکان لـە لاییـك و بـە ڕۆڵێکـی ئیجرائـی شـێوازگەری لـە سیسـتمەکەدا لـە لاییـکی دیکـەوە هەڵدەسـتن. لەگـەڵ ئەوەشـدا هـیچ ئیجرائێکی شێوازگەری هەمیشە پێگەی پێشـەوەیی، یـان دواوەیـەویی نابێـت، بـەڵکو دەکەوێتە ژێر تـەواوی ئـەو کاریگەرییانـەی، کـە سیاق ئـەنجامی دەدات، بـە سروشـتی حاڵیش ئەو سیاقە لە دەقێك بۆ دەقێکی دیکە دەگۆڕێت، چونکە ناشێت هـەر بـە تـەنیا سیاقێك هەبێت، بەڵکو سیاقەکان جۆراوجۆر و لێکجیاوازن، ئەوەش ئەوە ڕاڤە دەکات، کە چۆن هەموو بەجێهێشتنێکی یاسای سەرەکی ئیجرائێکی شێوازگەری پێکناهێنێت و هـەموو کاریگەرییـەکی شـێوازگەرییش پێویسـت نییـە لادانێـك بێـت لـە پێوەرەکـان، چـونکە وێنـەی شـێوازگەری لەوانەیـە لـە بابەتێکـدا لادانێـك دروسـت بکـات و لـە شوێنێکی دیکەشدا گوتەی ئاسایی. جا لـەژێر تیشـکی ئـەو بۆچوونەدا، ڕیڤـاتێر وای دەبینێـت، کـە شـێواز هـەر بـە تـەنیا لـە وێنـەو خـوازەو تەکنیکـە ڕەوانبێژییـەکان پێـك نایێـت، بـەڵکو بونیـاتی شـێوازگەری لـە دەقێکـی دیـاریکراو: لـە زنجیرەییـێك ڕەگـەزی

چاوەڕوانکراو بەوەی کەوا دەشێن ڕووبدەن و لە پەیوەندییەکی بەرهەڵستیدایە لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەی چاوەڕواننەکراو ڕووبدەن، خۆی حەشار دەدات، چونکە هەموو شێوازێك لە سیاق و دژەسیاقەکەیشی پێکدێت.

ڕیڤاتێر وای دەبینێت، کە ئیجرائاتی شێوازگەری پەیوەندییەکی تۆکمەی بە دەرککردنی خوێنەر بەو ئیجرائاتانەوە هەیە، ئەمەش چونکە نرخی هەر ئیجرائێکی شێوازی لە ماوەی ئەو موفاجەئەیەوە دەستنیشان دەبێت، کە لە بیسەریدا درووست دەکات، چونکە هەر موفاجەئەیەك چەندەی کەمتر چاوەڕوانکراوبێت، کاریگەریی لە دەروونی بیسەردا قووڵتر دەبێت، بۆیە شێواز بە پێی ڕیڤاتێر ناکرێ دەستنیشان بکرێت، تەنیا بە زەقکردنەوەی هەندێ ڕەگەزی زنجیرەی گوتە نەبێت، لەگەڵ ناچارکردنی بیسەر بەوەی کەوا ئاگاداریان بێت، چونکە ئەگەر هاتو لێیان بێ ئاگا بێت، دەقەکە دەشێوێت، بەڵام ئەگەر بە ئاگادارییەوە دەقەکەی لێکدایەوە، ئەوساکە بۆی دەردەکەوێت، کە: گوتە گوزارشتکەرە، بەڵام شێواز ئەوەیە کە زەقدەبێتەوە.

شێوازگەری ڕیڤاتێر بە بەشداریکردنی بیسەر لە بەرهەمهێنانی واتا، یان باشتر بڵێین واتا لەتواناداا بووەکان جیادەبێتەوە، بە شێوەیەك کە بیسەر، یان خوێنەر چیدی لایەنێکی بەکاربەر نابێت بۆ دەقی داهێنراو، بەڵکو لە هەموو قۆناغەکانی درووستکردن و داهێنانی دەقەکەدا ببێتە ڕەگەزێکی زیندوو و بەرهەمهێن. لەبەر ئەو هۆیە ڕیڤاتێر پێشنیاری ئەوە دەکات، کە شیکارکەری شێواز یەکسەر لە دەقەوە سەرچاوە نەگرێت، بەڵکو لەو ئەحکامانەوە سەرچاوە بگرێت، کە کۆی خوێندنەوەکان لە دەوری دەقەکەدا دەیخەنە ڕوو، چونکە ئەم ئەحکامانە بریتینە لە شتانێکی وروژێنەر، یان وەڵامدەرەوە، کە لە ئەنجامی وشیارکەرەوەی شاراوە لە قووڵایی دەقەوە سەرچاوەیان گرتووە، شێوازیش بەو مانایە بریتییە لە شلەژان و گرژییێکی بەردەوام لە نێوان خودی داهێنەر و بێئومێدبوونی بیسەر لە چاوەڕوانی، ئەم گرژییە بەردەوامەش جەوهەری کردەی شێوازگەرییە، یان وەکو ڕیڤاتێر ناوی نا: جەوهەری درووستبوونی موفاجەئەیە. کە دەشێت بۆ ئەوەی بنەچەیەك بۆ ئەوە بدۆزینەوە، بۆ گوتەکەی یاکبسن بگەڕێینەوە، کە دەڵێت: موفاجەئەی شێوازگەری بریتییە لە درووستکردنی چاوەڕووانەکراو لە ماوەی شتی چاوەڕووانکراودا. (ڕیڤاتێر)یش سوودی لەو بۆچوونە وەرگرتوە، لەوەوە بڕیاری داوە، کە: نرخی هەر ئیجرائێکی

شێوازگەری پەیوەستە بە چۆنیەتی موفاجەئەکەی، جا هەر چەندەی تایبەتمەندی شێوازگەری چاوەڕوواننەکراو بێت، ئەوا کاریگەریی بەسەر بیسەر قوولتر دەبێت، هەرچەندەش هەمان تایبەتمەندی شێوازگەری لە دەقدا دووبارە بوویەوە، هێزی کاریگەرییەکەی بەسەر بیسەردا لاوازتر دەبێتەوە، چونکە دووبارەبوونەوە وردە وردە هێزی کاریگەریەکەی کەمدەکاتەوە.

لە لاییکی دیکەوە، ڕیڤاتێر وەهای دەبینێت، کە ئەو ئیجرائە شێوازگەرییەی لەسەر ڕەگەزی موفاجەئە دەوەستێت، هەمیشە بە سیاقەوە پەیوەست دەبیٚ و هیچ پەیوەندییەکی بەو بیرۆکەی (لادان)ەوە نابێت، کە جۆن کۆهن بەرگری لیٚ دەکرد، ئەو سیاقەش هیچ پەیوەندییەکی بە واتای باوی وشە نییە، بەڵکو ئەو واتایەی گوزارشتی لیٚ دەکات، لە نێو بنیاتی دەقی هونەرییەوە دەستنیشان دەکرێت، لێرەوەیە شیکارکەری شێوازی بە تەنیا جەخت لەسەر ڕەگەزە ناولێنراوەکانی نێو دەق ناکاتەوە، چونکە ئەوانە ڕەگەزی زەقن، بەڵکو بە قەد ئەوە گرنگی بە ڕەگەزە ناولێنەنراوەکانی نێو دەقیش دەدات.

ڕیڤاتێر سیاقی شێوازی دابەشدەکاتە سەر دوو بەش:

١. سیاقی بچوکتر:

ئەمە بە پەیوەندی نێوان وشە ناولێنراو و وشە ناولێنەنراوەکانەوە دەستنیشان دەکرێت، هیچ یەکێکیشیان لەو دوو کۆمەڵە وشانە بەبیٚ یەکتری کاریگەرییان نابێت، ڕیڤاتێر بەم شێوەیە ئاماژە بۆ ئەم سیاقە دەکات: (سیاق + دژیەك)، نمونەش بۆ ئەوە بەو گوتەیەی شاعیرێك دێنێتەوە، کە دەڵێت: (ئەو لێلاییە ڕوونەی، کە ئەستێرەکان وەدەردێخیٚ)، چونکە تایبەتمەندی شێوازی بەوە هاتۆتە دی، کە ڕوون دراوەتە پاڵ لێلایی، ئەمەش بریتییە لە درانەپاڵی وشەیەکی ناولێنەنراو، کە (ڕوون)ە، بۆ ئەو سیاقەی، کە لە بە تەنیا وشەیەك پێکدێت، ئەویش (لێلایی)یە.

٢. سیاقی گەورەتر: لە بەرانبەر سیاقی بچوکتردا ڕیڤاتێر جۆرێکی دیکە لە سیاقی گەورەتر دەستنیشان دەکات، لەم دوو ڕێگەیانەی خوارەوە بەدەست دێت:

أ. سیاق ---< ئیجرائی شێوازی ----< سیاق.

ئەمجۆرە بە گەڕانەوە بۆ سیاقی یەکەم جیادەبێتەوە، ئەوەش دوای ئەو ئیجرائە شێوازیەی، کە هەر لە سەرەتاوە ڕێگەی بۆ خۆشکردبوو، ئەو نمونەیەش لە سیاقی

گەورەتر بەوە بەدی دێت، کە وشەیەکی ناولێنەنراو ـ وشەیەکی نامۆ بە زنجیرەی دەربڕینەکانی گوتە ـ بخرێتە ناو سیاقەکە.

ب . سیاق----< ئیجرائی شێوازی بەو پێیەی خاڵێکی سەرچاوەگرتنە بۆ سیاقێکی نوێ ----< ئیجرائی شێوازی.

لە ماوەی جیاوازیکردن لە نێوان ئەو دوو سیاقە، وا دەردەکەوێ، کە جیاوازی لە نێوان سیاقی بچوکتر و سیاقی گەورەتر، بریتییە لەوەی: سیاقە بچوکترەکە وەکو لێکچواندن و خواستن بۆ نمونە لە ماوەی تەنیا ڕستەیەکدا بەجێ دێت، بەڵام سیاقە گەورەکە لە ماوەی تەواوی دەقەکەدا ئینجا وەدی دێت.

دواجار دەشێ بڵێین: دەستنیشانکردنی شێواز بە درووستکردنی جیاوازی لە نێوان ڕەگەزە چاوەڕوانکراوەکان و ڕەگەزە چاوەڕواننەکراوەکان لە دەقی هونەری، ئەوەیە کە خاڵی جیاوازی لە نێوان شیعرییەت و شێوازگەری پێکدەهێنێت، چونکە لە کاتێکدا کە شیعرییەت لە بنیاتە هاوبەشەکانی نێوان دەقە داهێنراوە لێکجیاکان دەکۆڵێتەوە، شێوازگەری لەسەر ئەوە سوور دەبێت، کە: هەموو دەقێکی ئەدەبی تایبەتمەندی و ڕووالەتی ئیستاتیکی خۆی هەیە، ئەمەیە ئەدەبیەتیەکەی دەستنیشان دەکات، کە ئەوەش پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بمێنێتەوە لە دەقەکانی دیکە.

* * *

## سەرەتاو کۆتایی شێوازگەری

لە بارەی سەرەتاو کۆتایی شێوازگەری، د. یوسف وغلیسی جەزائیری، دەنووسێت: لـە دوای بـالی کـە یەکـەم ئاراسـتەی شـێوازگەری داهێنـا، ئـیتر وردە وردە گرنگـی بـە لێکۆڵینـەوە شـێوازگەرییەکان ڕووی لـە زیـادی کـرد، خـۆی لـە سـنووری زانسـتەکانی دیکەی وەکو ڕەوانبێژی و زمانەوانی کۆن و ڕەخنـەی ئـەدەبی و زانستی نیشانەکان (علـم العلامـات) جیـاکردەوە. چـونکە لـە دوای (بـالی) دەسـتەیەك شـێوازگەری دیکـە سەریانهەڵدا، کە بۆ خۆیـان لـە چوارچێوەی ئەو زانستە، ڕێگـەو ئاراسـتەی تایبـەتیان دەستنیشـان کـرد، ئەمـەش وایکـرد، لێکۆڵینـەوەی شێوازگەری، بـە دیـدی مـەعریفی و مەنهەجی نویێ دەوڵەمەند بێت و بە هۆیانەوە شێوازگەری ببێـتە پڕۆگرامێکـی خـاوەن چـەندین ئاراسـتەی لەیـەکجیاو ناسـنامە ناڕوون، بۆیـە ئەگـەر ئێمـە خۆمـان لـە پـێش چـــەندین ئاراســـتەی شـــێوازگەری لەیـــەکجیا ببینینـــەوە، ڕووبەڕووبوونـــەوەیان و کورتکردنەوەیان لەسەر شتێك، یـان شـتانێك، لـە لێکۆڵەرێکـەوە بۆ لێکۆڵـەرێکی دیکـە دەگۆڕێت.

بۆ نمونـە: بریـان جیـل (Brian Jill) ، لـە چوارچێوەی (فەرهـەنگی لیسـانیات)یدا دەبینین سێ شێوازگەری دەخاتە بەر چاو:

١. شێوازگەری زمان (نوێنەری ئەم ڕەوتە شاڕل بالی)یە.

٢ـ شـێوازگەری بـەراورد (لـە توانایدایـە یاسـایەك، یـان بنەمایـەك بـۆ پڕۆگرامـی وەرگێڕان دابێنێت).

٣. شێوازگەری ئەدەبی (یاکبسن ، بیر جیرۆ ، ...).

بەڵام (بیار جیرۆ) جیاوازی دەخاتە نێوان دوو شێوازگەری، ئەوانیش:

١. شێوازگەری وەسفی (S. Descriptive)، یـان شێوازگەری گوزارشتکردن ( S. L'éxpression de): ئەمـە شـێوازگەری کـارە ئەدەبیەکانـە، ئەلتـەرناتیڤی زانسـتی واتاسازی (سیمانتیکس)ە، لە پەیوەندییـەکانی فۆڕم بە بیر دەکۆڵێتـەوە، هـەروەها لـە بنیات و ئەرکەکانیشی لە نێو سیستمی زمانیدا دەکۆڵێـەوە، (شاڕل بالی) نوێنەری ئـەم شێوازگەرییەیە.

٢. شێوازگەری دروستکەری (الأسـلوبیة التکوینیـة) . (S. Génétique)، ئەمـە بە ڕەخنەی ئەدەبی دەچێت، لە دەربڕین و پەیوەندی دەربڕین بە قسەکەر دەکۆڵێتەوە، بە

بەرچاوگرتنی هەلومەرجی نووسین و نەفسییەتی نووسەر. نوێنەری ئەم ڕەوتە (شێوازگەری نمونەیی)یە، کە بە شێوازگەری (لیو سبتزر) دەناسرێت.

هەروەها (ج.م. شیفر)یش جیاوازی لە نێوان دوو شێوازگەری جیاواز دەکات:

١ـ شێوازگەری زمان (S . de la langue)، کە لەسەر: شیکارکردن و جەردکردنی کۆی سیما گۆڕاوەکانی زمانی ئەدەبی دەوەستێت، (ئەوەش بە بەرانبەرکردنی بەو سیما دروستانەی زمان، کە یاساکانی زمان دەیانسەپێنیٚ)، لێرەوەیە دەڵێین: شێوازگەری فڕەنسی، یان ئەڵمانی، یان ئینگلیزی، نوێنەری ئەم ڕەوتەش (بالی و ماروزو و کرۆزو)ن.

٢ـ شێوازگەری ئەدەبی (S . Littéraire)، کە لەسەر (شیکارکردنی هۆکارە شێوازگەرییەکانی لەوانەبوو (محتمل)، پابەند بە مومارەسە ئەدەبییەکانەوە دادەمەزرێت (...) کارە ئەدەبیەکان، یان خاوەنەکانیان لە بە تەنیا تەماشاکردندا بە گرنگ دەزانێت)، ئەمە دواتر بووە شێوازگەری لادان (انزیاح)، و شێوازگەری سایکۆلۆجی، ... نوێنەری ئەم ڕەوتە (لیو سبیتزر ، کارل فوسلر ، موریس غرامون ، هنری موریی)ن.

جیاکردنەوەی نێوان ئەم دوو ئاراستەیە لە ڕووانگەی (ج.م. شیفر) – هەمیشە بە جیاکردنەوەی دوو شێوازگەری بە ئاکام دەگات، بۆ نمونە: (شێوازگەری کۆمەڵ و شێوازگەری تاك)، یان (شێوازگەری تیۆری و ڕەخنەی شێوازگەری)، یان (شێوازگەری گشتی و شێوازگەری ئەدەبی تایبەت).

بەڵام (جینجمبر G.Gengembre)، باس لە (شێوازگەری وەسفی) دەکات، لە (شارل بالی) تا (ش. برینو وم)، ئامانجەکەی (پۆلێنکردنی هۆکارە کۆبووەوەکانی گوزارشتکردن لای هەر نووسەرێك)ە، ئەمە تا (جول ماروزو و بیر جیرۆ و لیو سبتزر) درێژدەبێتەوە.

ـ شێوازگەری بونیاتگەری.. هەوڵدەدات بۆ دەستنیشانکردنی پێوەرە زمانییە جۆرییە گونجاوەکان لە ڕووی شێوازەوە، نوێنەری ئەم ڕەوتە (م. ریفاتیر)ە، کە تیۆری شێوازگەری کاری ئەدەبیی دانا (S. Des effets)، کە پەیوەندی درووست دەکات لە نێوان پەیوەندییە سیاقییەکانی وشەکان، وای بینیوە، کە ئەم ڕەوتە شێوازگەری جێدەهیڵێ و بەرەو سیمیائی دەڕوات.

بەڵام دەبینین (گریماس)، کە لە کاتێکی پێشوودا وای بینیبوو: (سیمانتیکس و شێوازگەری تەنیا دوو ڕووی یەك وەسفن)، ئێستاکە وا حوکم بەسەر شێوازگەریدا دەدات، کە: بەرەو ڕێکبوون لە چوارچێوەی پسپۆڕیەکی سەربەخۆدا سەرنەکەوتووە.
هەروەها دێت شێوازگەری دابەشی دوو بەشان دەکات:

١. شێوازگەری لیسانی (S. Linguistique) : کە (ش. بالی) نوێنەرایەتی دەکات.
٢. شێوازگەری ئەدەبی (S. Littéraire) : کە (لیو. سبیتزر) نوێنەرایەتیی دەکات.

هەروەها لە . سیاقی ئەو کارانەی شێوازگەری دروستی دەکات . ، ئاماژە بۆ شێوازگەری ئاماری (Statistique .S) لە لای (بیر جیرۆ) دەکات، ئەمەش لە چوارچێوەی شێوازگەری لادان (écarts S. des) پڕاکتیزە کراوە، کە وای بینیوە: دامەزرێنەرە ڕاستەقینەکانی ئێستاکە وازیان لەو تەرزە لێکۆڵینەوانە هێناوە، بە لای ئەوەدا ڕۆشتوونە گرنگی بە شێوازگەری بونیاتگەری (م. ریفاتیر) بدەن، چونکە ئەو نزیکترە لە خەریکبوونی سیمیائیەکان.

ڕوونیشە کە (گریماس) لە چوارچێوەی گرنگیپێدان و دەستگرتنە زۆرەکەی بە گشتگیریەتی سیمیائی، زۆرجار وەها تەماشای شێوازگەری و سیمانتیك و هاوشێوەکانیان دەکات، کە ئەوانە شتی بچووك و جێی گاڵتەپێکردنن، بەمە جەخت دەکاتەوە لەسەر: (بیرۆکەی زەوال و کۆتاهاتنی شێوازگەری، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە: کاتێك لێکۆڵەر گوێی لە وشەی شێوازگەری دەبێت، نیگەرانی ڕووی تێدەکات)!.

وەکو ئەمجۆرە گوتانە بووە سەرەتایەکی زەحمەت و ناخۆش بۆ قۆناغێکی گرنگ کە شێوازگەری پێی گەیشتبوو، وایکرد: (ئەوانەی لەو بوارەدا خەریکن، دوودڵی نەکەن لەوەی کەوا شێوازگەری بە سیمیائی ببەستنەوەو تەنانەت بە شێوەیەکی یەکجارەکی شێوازگەری لە نێو سیمیائیەتدا بتوێننەوە، کە ئەمە وایکرد شێوازگەری بە تایبەت لە ساڵی (١٩٦٥)ەوە وای لێبێت، سەربەخۆییەتی خۆی لە دەست بدات، لەوەی کەوا یەکێك بێ لە زانستە لیسانییەکانی دیکە)، تەنانەت هەندێ ڕەخنەگر دەرکەوتن، لەوانە: (ج.م. ئیلیس) هەوڵیاندا زاراوەی شێوازگەری بگۆڕن بە زاراوەیەکی دیکە، کە ئەویش بریتییە لە (لیسانیەتی داهێنەری ... اللسانية التأليفية – Linguistique

synthétique)، ئیدیکە وای لێهات (میشال ئاریفی) و کەسانێکی دیکە، هیچ دوودڵییەکیان نەمێنێت، لەوەی کەوا بێن مردنی شێوازگەری ڕابگەینن!.

کەوابێت بەم شێوەیە شێوازگەری لەسەر پاشماوەکانی سەردەمی ڕەوانبێژی دا سەریهەڵداو لە ئەڵمانیاوە گەیشتە ئینگلتەڕا و گەیشتە فەڕەنسا...، بۆ ئەوەی نزیکەی شەست ساڵ لە ژیاندا بێت، وای لێبێت لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم لە سەردەمی زێڕینی خۆیدا بژی، کەچی دوای ئەوەش ئیدی ڕۆژی مردنی دێتە پێش شێوازگەرانی ڕۆژئاوا خۆیان جاڕی مردنی ئەو تەرزە لێکۆڵینەوانەی بە ناوی شێوازگەری ڕادەگەینن.

بێگومان ئەو ڕاگەیاندنەی مردنی شێوازگەری بە تەنیا تایبەتە بە کەسانێکی کەم، ئەوانیش ئەو لێکۆڵەرانەن، کە لەو بوارەدا لێکۆڵینەوەیان کردووەو بە شێوازگەر دەرکەوتوون، ئەمەش وایکرد حوکم بە لە سێدارەدانی شێوازگەری شایانی پێداچوونەوە بێت، وەك ئەوەی جۆرج مولینییێی (G. Molinié) – ئوستازی شێوازگەری لە زانکۆی سۆڕبۆن و پێشەنگێکی گرنگی نێو پێشەنگانی لێکۆڵینەوە لە شێوازگەری پێی هەڵسا . کە هەواڵی (مردنی شێوازگەری)ی بە داخ و حەسرەتێکی زانستییەوە وەرگرت، وایلێهات بێت بە لێبڕاوییەوە لەو هۆکارانە بکۆڵێتەوە، کە (شێوازگەری)یان بەو ڕۆژە گەیاند، سەرەنجام بۆی دەرکەوت، کە: (شێوازگەری) بە هەمان ئەو دەردە موبتەلا بووە، کە (فیلولوجیا)شی لە ناو برد، گوتی: (... شێوازگەری خرایە ڕیزی ئەو پسپۆڕیەتیانەی دیکە، کە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی بەکاردەهێنرێن، وەکو: مێژوو و مێژووی ئەدەب و دەروونناسی و فەلسەفەو تێکستۆلۆجی، کە ئەمە هەر تەنها بۆ نمونە هەندێکیان بیردێنینەوە، ئەوەی وەرسێنەریشە لەوەدا، ئەوەیە، کە: شێوازگەری لەم بارەدا دەکەوێتە پایەی شوێنکەوتە، بە تەنیا بۆ خۆی لێکۆڵینەوەی بۆ ناکرێ، تەنانەت نە لەبەر خودی خۆیشی بیری لێ دەکرێتەوە، نە لەبەر ئەوەش کە پسپۆڕیەتێکی سەربەخۆ و تەواوە گرنگی پێدەدرێت، بەڵکو بەو پێیە بۆی دەڕوانرێ، کە لقێکی زانستێکی دیکەی گرنگ و گەورەیە. بەڵام کاتێك وەکو پرەنسیپ بە زانستێك لە زانستەکان دەژمێردرێت، کە ڕۆڵی دووەمی و شوێنکەوتەیی و یارمەتیدەریی هەیە، ئەوا پێویستی وەها

دەخوازێت، پایەی خۆی لە دەست بدات، ناشتوانێت هیچ دینامیکیەکی تایبەت بە خۆی بە دەست بێنێ، بەمەش لە ناوەوەی خۆیدا تۆوی مردنی خۆی هەڵدەگرێت.

ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەكان بەسەر زمانەوانی كۆنیشدا (فقه اللغة)شدا هات، چونكە ئەویش بۆ ماوەیێكی زۆر درێژ لە ڕۆڵی هۆكار بۆ لێكۆڵینەوە ئەدەبیەكان لە چاپكردنی دەقە ساغكراوەكانیدا مایەوە. هەمان ئەو شتە لە لایەن كاسانێكەوە بەسەر (شێوازگەری)شدا هێنرا، كە لە سالأنی نێوان (١٩٦٨. ١٩٧٠) لە لایەن ئەوانەی وایان دەزانی شوێنكەوتەیی باری سروشتی ئەو تەرزە لێكۆڵینەوەیە، بڕیاری مردنی درا. لێرەدا دەبینین و دەرك بەوە دەكەین، كە: بوومەلەرزەیەكی دیكە و نوێ، بەسوودە بۆ شێوازگەری.

*  *  *

# سەرچاوەکان

١. د. يوسف ابو العدوس، الأسلوبية الرؤية والتطبيق، دار المسيرة، أردن، ١٤٣٠ هـ، ٢٠١٠م.

٢. د. يوسف ابو العدوس، البلاغة والأسلوبية، الأهلية، الأردن، ١٩٩٩م.

٣. د. فتح الله احمد سليمان،الأسلوبية مدخل نذري ودراسة تطبيقية، دار الأفاق العربية، القاهرة، ١٤٢٨هـ، ٢٠٠٨م.

٤. د. عبدالقادر عبدالجليل، الأسلوبية وثلاثية الدوائر البلاغية، دار صفاء للنشر والتوزيع، الأردن، ١٤٢٢هـ، ٢٠٠٢م.

٥. د. فايز الداية، جماليات الأسلوب، دار الفكر المعاصر، بيروت، ١٩٩٦.

٦ـ د. احمد محمد ويس، الأنزياح من منذور الدراسات الأسلوبية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٤٢٦هـ، ٢٠٠٥ م.

٧ـ د. احمد محمد ويس، الأنزياح في التراث النقدي والبلاغيمطبعة اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢م.

٨. د. سامي محمد عبابنة، التفكير الأسلوبي، عالم الكتب الحديث، الأردن، ٢٠٠٧م.

٩. فرحان بدري الحربي، الأسلوبية في النقد العربي الحديث، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٤٢٤هـ، ٢٠٠٣ م.

١٠ـ فيلي ساندیرس، نحو نذرية أسلوبية لسانية، ت: د. خالد محمود جمعة، دمشق، ١٤٢٤هـ، ٢٠٠٣ م.

١١. ماهر مهدى هلال، رؤى بلاغية في النقد والأسلوبية، المكتب الجامعي الحديث، اسكندرية، مصر، ٢٠٠٦م.

١٢. د. عبدالسلام المسدي، الأسلوب والأسلوبية، دار الكتاب الجديد، بيروت، ٢٠٠٦.

١٣. بير جيرو، الأسلوب والأسلوبية، ترجمة، د. منذر عياشي، مركز الأنماء القومي، لبنان، دون سنة الطبع.

١٤. د. منذر عياشي، الأسلوبية وتحليل الخطاب، مركز الأنماء الحضاري، دار المحبة، دمشق، دون سنة الطبع.

١٥. جورج موليينيي، الأسلوبية، ت: د. بسام بركة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٤٢٧هـ، ٢٠٠٦ م.

**ديوانەکان : جگە لەمانە گەڵێ ديوانی شيعری کوردی نمونەی شيعری لێوەرگيراوە، لەوانە:**

١٦. ئەحمەد موختار جاف، ديوانی ئەحمەد موختار جاف، ئا: د. عيزەدين مستەفا ڕەسوڵ چاپی يەكەم، بەغداد، ١٩٨٦.

١٧. ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنيايی، (چ:٢)، هەولێر، ١٩٨٤.

١٨. بورهان قانیع، دیوانی قانیع، (چ:١) بەغداد، ١٩٨٤.
١٩. سەباح ڕەنجدەر، شەڕی چڵ ساڵە، ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢٠. سەردار میران و کەریم شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، (چ:١)، هەولێر، ١٩٨٦.
٢١. عەبدولخالیق عەلائەدین، دڵدار، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد (چ:١)، بەغداد، ١٩٨٥.
٢٢. عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، (چ:١) بەغداد، ١٩٨٠.
٢٣. عەبدلکەریمی مودەڕیس، دیوانی مەحوی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٧.
٢٤. عەلی بەردەشانی، دیوانی عەلی بەردەشانی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٥. گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، بەغداد ١٩٨٠.
٢٦. محەمەد حسێن بەرزنجی، تریفەو ڕێژاو، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی حەوادیس، بەغدا، ١٩٨٥.
٢٧. محەمەد ڕەسول هاوار، دیوانی پیرەمێرد، (چ:١) بەغداد ١٩٦٨.
٢٨. محەمەدی مەلاکەریم، دیوانی بێکەس، (چ:٣) بەغداد ١٩٨٦.
٢٩. مەلا کاکە حەمەی بێلو، دیوانی ناری، ساغکردنەوەی کاکەی فەلاح، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٨٤.
٣٠. مەلا فەرەج (نووسەری یەك لە تێکستەکانی: لەیلێ و مەجنون)
٣١. نەجات ئەسپیندارەیی، گورگنامە، ٢٠٠٨، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٣٢. نەجات ئەسپیندارەیی، هەندێ شیعری تر، کە بە سیدی تایبەت پێی داووم.
٣٣. هێدی (خالیدی حیسامی)، دیوانە شیعری: کاروانی خەیاڵ، چاپی سێیەم.
٣٤. هێمن موکریانی، ناڵەی جودایی، ئێران، ٢٠١٠.
- گەلێ سەرچاوەی دیکەش، لەوانە:
٣٥. گۆرانی کەرکوك، مەڕوان حەمەخورشید، شیعری (عەبدولڕەحمان صدیق)
٣٦. لە گریانی منداڵیمدا پێکەنینم بە غەم دەهات، گۆرانییەکی کەریم کابان.
٣٧. مەلا عەبدی، شاعیرێکی میللی دەشتی هەولێر، (دەستنووسی شیعرەکانی).
٣٨. گەلێ ئیدیۆمی سەرزاری خەڵکی ناوچەی هەولێر.
٣٩ـ هەروەها لە درامای (بووکی ژێر دەواری ڕەش)ی دەرهێنەر (جەلیل زەنگەنە)ش پارچەیەك وەرگیراوە.